ماڵپەڕێکی ڕووسی: بەغدادی دەیەوێت جارێکی دیکە بگەڕێتەوە نێو خاکی عێراق

تا ژیان بەردەوام بێ، خەبات بەردەوامە

XEBAT

کەبات

ڕۆژنامەیەکی سیاسیی ڕۆژانەیە
ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستانە

ژمارە (5738) یەک شەمە 28ی نیسان 2019 «16» لاپەڕە «500» دینار

عەمید کۆڵین کایڤەر فەرماندەی نێردەی سوپای کەنەدا لە عێراق و ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەند، هۆشداری داوە لەوەی بەهۆی ناکۆکییەکانی نێوان کوتلە سیاسییەکانی عێراق سەرهەڵدانەوەی ڕێکخراوێکی هاوشێوەی داعش لە عێراق لە ئارادایە. **(زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)**

لە چەند ڕۆژی داهاتوودا پەرلەمانی عێراق دەنگ لەسەر کاندیدەکان دەدات

سکرتێری گشتیی پەرلەمانی عێراق، خەدیجە عەلی بە ڕۆژنامەی "سەباح"ی ڕاگەیاندووە سەرۆکوەزیرانی عێراق عادل عەبدولمەهدی ناوی "سەفانا تایی" لە سوننەکان بۆ پۆستی وەزیری پەروەردە و "دادوەر ئەکرەم قادر" لە کوردی بۆ پۆستی وەزیری داد ڕەوانەی پەرلەمان کردووە. خەدیجە عەلی ئاماژەی بەوەش داوە لە چەند ڕۆژی داهاتوودا پەرلەمان دەنگ لەسەر کاندیدەکان دەدات. **(زیاتر لە ل3 بخوێنەوە)**

پارتی لەگەڵ ئەوەدا نییە هەڵبژاردن لە کەرکووک ئەنجامبدرێت

نێچیرڤان بارزانی و مایک پێنس دۆخی کوردستان و عێراقیان تاوتوێکرد

مایک پێنس ستایشی حکوومەتی کوردستانی کرد بۆ هەواندنەوەی ئاوارە و پەنابەران



بەڕێزان نێچیرڤان بارزانی سەرۆک وەزیرانی هەرێمی کوردستان و مایک پێنس جێگری سەرۆکی ئەمەریکا لە پەیوەندییەکی تەلەفۆنیدا دوایین پێشهاتە ئەمنییەکانی ناوچە کێشەلەسەرەکان و پرۆسەی سیاسییان لە هەرێمی کوردستان تاوتوێکرد.
لە پەیوەندییە تەلەفۆنییەکەدا، بەڕێز نێچیرڤان بارزانی جەختی لە گرنگیی بەردەوامیی هاوکاریی ئەمەریکا کردەوە بۆ سەقامگیریی ئاسایش و ئارامی لە ناوچە کێشە لەسەرەکان و ڕێخۆشکردن بۆ گەڕانەوەی زیاتر لە ملیۆنێک ئاوارەی عێراقی بۆ ناوچەکانیان کە هێشتا لە کەمپەکانی هەرێمی کوردستاندان، هەروەها پوختەیەکی دەربارەی دوایین هەوڵ و گفتوگۆکانی پێکهێنانی کابینەی نوێی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و پەیوەندی و دیالۆگی هەولێر-بەغدا بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان لەسەر بنەمای دەستوور، پێشکەشکرد. **(زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)**

ئەنجوومەنی کۆمسیارانی کۆمسیۆنی بالای هەڵبژاردنەکانی عێراق سەردانی هەرێمی کوردستانیان کرد بۆ تاوتوێکردنی پرسی بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکانی عێراق. بەڕپرسی هەڵبژاردنی پارتی دیموکراتی کوردستانیش لەبارەی ئەنجامدانی هەڵبژاردن لە کەرکووک دەڵێت ئێمە لەگەڵ ئەوە نین ئەمساڵ هەڵبژاردن لە کەرکووک بکرێت. **(زیاتر لە ل3 بخوێنەوە)**

هەولێر و بەغدا لەسەر پرسی نەوت و بودجە کۆدەبنەوە

وەزیری نەوتی عێراق ئاشکرایکردووە: بەغدا و هەولێر بەمنزیکانە بۆ قسەکردن لەسەر هەناردەی نەوتی هەرێم و ڕێککەوتنی بودجە کۆدەبنەوە. **(زیاتر لە ل3 بخوێنەوە)**

د. بێوار خنسی: پێویستە بنەمایەک بۆ ئیدارەدانی کەرتی نەوت و گازی عێراق دابندرێت



ڕاوێژکاری ئەنجوومەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان بۆ کاروباری وزە ڕایگەیاند: حکوومەتی هەرێمی کوردستان ئامادەیە سەرجەم کێشەکانی لەگەڵ بەغدا چارەسەر بکات، لەوانە نەوت و گاز، بە مەرجێک گەرەنتی بۆ جێبەجێکردنی ڕێککەوتنەکان هەبێت و بنەمایەک بۆ ئیدارەدانی کەرتی نەوت دابندرێت. **(زیاتر لە ل3 بخوێنەوە)**

ڕۆژ بە ڕۆژ ژمارەی مەسیحییەکان لە عێراق بەرەو کەمبوونەوە دەچێت

مەسیحییەکانی عێراق خەریکە لەو ولاتە بێهیوا دەبن و ڕۆژ بە ڕۆژ ژمارەیان بەرەو کەمبوونەوە دەچێت، بە گوتەی نوێنەری مەسیحییەکانیش لە خولی پێشووی پەرلەمان، لە ئێستادا لە کۆی ملیۆنێک و 500 هەزار کەس، ژمارەیان بۆ کەمتر لە 500 هەزار هاوولاتی کەم بووەتەوە، ئەوانیش زۆرینەیان لە هەرێمی کوردستانن. **(زیاتر لە ل3 بخوێنەوە)**



موقتەدا سەدر

داوای دوورگرتنی عێراق لە ناکۆکیی ئەمەریکا و ئێران دەکات

موقتەدا سەدر داوای کشانەوەی هێزەکانی حەشدی شەعبی دەکات لە سوریا و دەڵێت با چیتر ناکۆکییەکان قۆڵ نەبنەوە. **(زیاتر لە ل5 بخوێنەوە)**



جووتیارێکی هەورامان لەبەر سەختیی ناوچەکەیان تا ئێستاش بۆ کێڵانی زەوی گاجووت بەکاردەهێنێت

جووتیارێکی ناوچەی هەورامان تائێستاش بە گاجووت زەویی قەدپاڵی شاخ و چیاکانی هەورامان دەکێڵێت، ئەو دەڵێت کە بەهۆی سەختیی ئەو ناوچەیەوە تائێستا ئامێرە کشتوکاڵییەکان نەیانتوانیوە کاری گاجووتی لێڕ بکەن و لە ناوچەکەیدا تەنها ئەو گاجووتی هەیە و ئەو کارە دەکات و بژێوی ژیانی خۆی و خێزانەکەی لەو ڕێگەیەوە پەیدا دەکات. **(زیاتر لە ل7 بخوێنەوە)**

دۆناڵد ترەمپ بە ئۆپێکم گوتووە:

پێویستە نرخی نەوت دابەزێنن

سەرۆکی ئەمەریکا، دۆناڵد ترەمپ ڕایگەیاند کە نرخی نەوت دابەزیوە و گوتیشی: نرخی بەنزین دابەزیوە. پەیوندیم بە ئۆپێکەوە کرد، پێم گوتن «پێویستە نرخی نەوت دابەزێنن» و ئێستاش نرخی بەنزین دادەبەزێت. سەرۆکی ئەمەریکا، دۆناڵد ترەمپ پێش سەردانەکەی بۆ ویلایەتی ئیندیانا لە باخچەی کۆشکی سپی لەبارەی پێشهاتەکانی ڕۆژەف لێدوانی بۆ ڕۆژنامەنووسان دا. **(زیاتر لە ل4 بخوێنەوە)**



سەرلەنوێ هەڵبژاردنەوەی ترەمپ ئەگەڕێکی زۆر بەهێزە

سەرەڕای بەردەوامبوونی دۆناڵد ترەمپ، سەرۆکی ئەمەریکا لە هەڵوێستە تونەکانی لە بەرانبەر نەیار و رکابەرە تەقلیدییەکانی ولاتەکەی، بەڵام باشبوونی ڕەوشی ئابووری و گەڕانەوەی هەیبەتی دیپلۆماسی و سیاسەتی ئەمەریکا لەناو کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و کەمبوونەوەی هەڕەشەی تیرۆری ئیسلامیی داعش و قاعیدە لەسەر ئەمەریکا و بەرژەوەندییەکانی ئەمەریکا هەمووی پێکەوە وادەکەن، ئەگەری سەرلەنوێ هەڵبژاردنەوەی دۆناڵد ترەمپ بۆ خولێکی دیکەی سەرۆکایەتیی ولاتەکەی بەهێزتر بێت. **(زیاتر لە ل4 بخوێنەوە)**

تا ساڵی 2030

عێراق دەبێتە چوارەم گەورەترین وڵاتی بەرهەمهێنەری نەوت لە جیهان

ئاژانسی وزەی نێودەوڵەتی ڕاپۆرتێکی لە ژێر ناونیشانی "کەرتی وزەی عێراق: نەخشە ڕێگایەک بۆ داهاتوویکی باشتر" بڵاوکردەوە و تێدا ڕایگەیاند کە عێراق توانای دابینکردنی پێویستی کارەبای خۆی هەیە. لە ڕاپۆرتەکەدا ئاماژە بەوە کراوە کە ڕێژەی بەرهەمهێنانی نەوت لە کۆتا20 تا 30 ساڵی ڕابردوودا لە عێراق دوو هێندە زیادیکردووە و ئەم ڕێژەیە تا ساڵی 2030 ڕۆژانە یەک ملیۆن و300 هەزار بەرمیل زیاد دەکات. **(زیاتر لە ل4 بخوێنەوە)**

نێچیرڤان بارزانی و مایک پێنس دۆخی کوردستان و عێراقیان تاوتوێکرد

مایک پێنس ستایشی حکوومەتی کوردستانی کرد بۆ هەواندنەوەی ئاوارە و پەنابەران



بەڕێزان نێچیرڤان بارزانی سەرۆک وەزیرانی هەرێمی کوردستان و مایک پێنس جێگری سەرۆکی ئەمەریکا لە پەیوەندییەکی تەلەفۆنییدا دوایین پێشهاتە ئەمنییەکانی ناوچە کێشەلەسەرەکان و پرۆسەی سیاسییان لە هەرێمی کوردستان تاوتوێکرد.

بەڕێز سەرۆک وەزیران سوپاس و پێزانینی هەرێمی کوردستانی بۆ ئەمەریکا دووپاتکردەوە کە لە شەڕی دژی تیرۆردا پشتگیری و هاوکاری پێشکەش بە هەرێمی کوردستان کرد و جەختی لە گرنگیی هاوبەشی و بەردەوامیی هاوکاری و هەماهەنگیی هەردوولا کردەوە.

لای خۆیەوە بەڕێز پێنس ستایشی بەڕێز نێچیرڤان بارزانی و حکوومەتی هەرێمی کوردستان و ڕۆڵی پێشمەرگە و خەڵکی کوردستانی کرد بۆ هەواندنەوەی ئاوارە و پەنابەران لە هەرێمی کوردستان و بۆ پاراستن و بەرگریکردن لە پێکهاتە ئایینی و نەتەوەییەکان کە ڕووبەڕووی تیرۆری داعش ببوونەوە، هەروەها پرسە سەرخۆشی لە خانەوادەی شەهیدانی پێشمەرگە و قوربانیانی تیرۆر کرد و جەختی لە بەردەوامیی هاوکاری و هەماهەنگیی هەرێمی کوردستان و عێراق لەگەڵ ئەمەریکا کردەوە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی مەترسییەکانی تیرۆر کە هێشتا هەڕەشە لە عێراق دەکەن و دەیانەوێت ئارامی و سەقامگیریی وڵاتەکە تێک بدەن.

نێچیرڤان بارزانی و شاندێکی سەناتی ئەمەریکا دۆخی کوردستان و ناوچەکەیان تاوتوێکرد

سەرۆکوەزیران هەماهەنگی نێوان هەولێر و بەغدا و هاوپەیمانان بەپێویست دەزانێت



بەڕێز نێچیرڤان بارزانی سەرۆکوەزیرانی هەرێمی کوردستان لەگەڵ شاندێکی سەناتی ئەمەریکا دۆخی سیاسی و ئەمنیی ناوچەکە بەگشتی، ڕەوشی ئاوارەکانی دەستی تیرۆر و پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان و ئەمەریکای تاوتوێکرد. شاندەکە پشتگیریی خۆی بۆ هەرێمی کوردستان دەربڕی و پێشکەوتنەکانی هەرێمی کوردستان و نەبەردیی حکوومەتی هەرێم و پێشمەرگەی کوردستانیان لە ڕووبەڕووبوونەوەی داعش و هەواندنەوە و پاراستنی ژمارەیەکی زۆری ئاوارە و پەنابەران بەرز نرخاند، هەروەها دۆستایەتیی ئەمەریکایان بۆ هەرێمی کوردستان دووپاتکردەوە.

لە کۆبوونەوەیەکەدا کە ئێوارەی ڕۆژی پێنجشەمە 2019/4/25 لە هەولێر بە ئامادەبوونی بەڕێزان قوباد تاڵەبانی جێگری سەرۆک وەزیرانی هەرێمی کوردستان و ستیڤ ڤاگن کونسوڵی گشتیی ئەمەریکا لە هەرێمی کوردستان بەڕێوەچوو، بەڕێز نێچیرڤان بارزانی جەختی لە خواستی هەرێمی کوردستان بۆ بەرەودانی زیاتر بە پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان و عێراق لەگەڵ ئەمەریکا کردەوە، هەروەها پێزانینی هەرێمی کوردستان بۆ ئەو هاوکارییانەی ئەمەریکا بۆ هەرێمی کوردستان لە شەڕی داعشدا کرد و ئامادەیی هەرێمی کوردستانی بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی هەر مەترسییەکی تیرۆر نیشان دا، لەمبارەیەشەوە هەماهەنگی و هاوکاریی هەولێر و بەغدا و هاوپەیمانانی بەپێویستزانی.

بەڕێزیان پوختەیەکی دەربارەی بەرەوپێشچوونەکانی دۆخی ئابووریی هەرێم و تێپەڕاندنی قەیرانەکانی ساڵانی ڕابردوو پێشکەش کرد و داوای لە وڵاتانی دۆست کرد سەرمایەگوزاری لە هەرێمی کوردستان بکەن و هاوکاری حکوومەتی هەرێم بن لەو ڕیفۆرمانەی لە بواری جیاوازەکاندا دەستپێکردووە. تاوتوێکردنی ئاوەدانکردنەوەی ناوچە زیانبەرکەوتووەکانی شەڕی داعش، گەڕاندنەوەی ئاوارەکان بۆ زێدی خۆیان، پەیوەندی و گفتوگۆکانی هەولێر ـ بەغدا و چارەسەرکردنی کێشەکان لە ڕێگەی دیالۆگەوە، لایەنێکی دیکەی کۆبوونەوەکە بوو.

مەکتەبی سیاسیی پارتی سازاندنی دامەزراندنی پارتی چاکسازی تورکمانی پیرۆز دەکات

ئومێدەوارین پێکەوە دریژە بە تێکۆشانی هاوبەش بدەین لە پێناو دواڕۆژێکی گەشتر بۆ کوردستان

مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان سازاندنی دامەزراندنی پارتی چاکسازی تورکمانی پیرۆز دەکات و لەمبارەیەوە پەیامێکی بڵاوکردەوە و لە بەشێکی پەیامەکەدا رایگەیاندووە: جەخت دەکەینەوە لەسەر هەماهەنگیی و قوڵبوونەوەی گیانی برایەتی و پێکەوەژیانی نێو پێکهاتەکانی کۆمەڵگەی کوردستانی و تەبایی و یەکڕیزی گشت هێز و لایەنە سیاسییەکان لەپێناو پاراستن و بەرەوپێشبردنی هەرێمی کوردستان و دەسکەوتەکانمان.

ئەمەش دەقی پەیامەکەیە:

بەڕێزان/ سەرۆک و ئەندامانی سەرکردایەتی پارتی چاکسازی تورکمان

بەبۆنەی(14)یەمین سازاندنی دامەزراندنی حزبە تێکۆشەرەکەتان پیرۆزباییەکی گەرم لە ئێوە و سەرجەم ئەندام و لایەنگرانتان دەکەین، هیوادارین لە کار و چالاکییەکانتان هەردەم بەردەوام بن و لە پێشکەوتن دابن.

بەو بۆنەیە زیاتر جەخت دەکەینەوە سەر هەماهەنگیی و قوڵبوونەوەی گیانی برایەتی و پێکەوەژیانی نێو پێکهاتەکانی کۆمەڵگەی کوردستانی و تەبایی و یەکڕیزی گشت هێز و لایەنە سیاسییەکان لەپێناو پاراستن و بەرەوپێشبردنی هەرێمی کوردستان و دەسکەوتەکانمان.

ئومێدەوارین بە هەموو لایەک بتوانین کاری پێکەوەیی پتەوتر و بەهێزتر بکەین و دریژە بە خەبات و تێکۆشانی هاوبەش بدەین بۆ دابینکردنی دواڕۆژێکی گەشتر بۆ کوردستانیان و گەیشتن بە ئامانجە ڕەواکانمان.


دووبارە پیرۆزباییتان لێدەکەین و هەر سەرکەوتوو بن..

مەکتەبی سیاسی

پارتی دیموکراتی کوردستان

ئەنەکەسە پشتیوانی لە دەستپێشخەرییەکەی فەرەنسا دەکات

محەمەد ئیسماعیل: ناکرێ کورد چیتر ببێتە قوربانیی سیاسەتی هەڵە



ئەندامێکی سەرۆکایەتیی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کورد لە سووریا، ڕایگەیاند، پشتیوانی لە هەموو هەوڵ و دەستپێشخەرییەک دەکەین کە بۆ بەرژەوەندیی کورد بێت. ئەمەش دوای ئەوە دێت کە فەرەنسا دەستپێشخەرییەکی کرد بۆ ئەوەی لایەنەکانی کوردی سووریا، ئەنەکەسە و پەیەدە، لێک نزیک بکاتەوە و خۆی ناوبژیوانیان بکات.

محەمەد ئیسماعیل، لە لێدوانێکدا بە مالپەڕی پارتی ڕاگەیاندووە: فەرەنسا هەوڵی ئەوە دەدات بۆ چارەسەری ڕەوشی سووریا ئەنجوومەنی نیشتمانیی کورد لە سووریا و پەیەدە لێک نزیک بکاتەوە، بۆ ئەمە ئێمەش لەگەڵیداین، هەر لە سەرەتاشەوە ئێمە لەگەڵ ناوبژیوانێکی نیوەدوڵەتیدا بووین، چونکە ڕێکخراوەکان ناتوانن گوشار بکەن و گرەنتی بن. ئیسماعیل ئاماژەی بەوەش کردووە: ئیمە بە ئەرێنی تەماشای ئەم هەنگاو و دەستپێشخەرییە دەکەین، بەڵام نازانین قۆناغی پراکتیکی دەستپێشخەرییەکە چۆن دەبێت. ئەو دەشڵێت: بەدیلی ڕێککەوتنمان نییە و پیمان وایە ناکرێ گەلی کورد چیتر ببێتە قوربانیی سیاسەتی هەڵە و کۆچبەر بێن.

حەلبووسی نێوەندگیری لە نێوان ئێران و ئەمەریکا دەکات



ڕۆژنامەی ئەخباری لوبنانی دوێنێ شەمە ئاشکرای کردووە کە محەمەد حەلبووسی، سەرۆکی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق، نێوەندگیری لەنێوان ئێران و ئەمەریکا دەکات و بەشێکیش لەو نێوەندگیرییە پەیوەستە بە پرۆژە یاساى چوونە دەرەوەی هێزە بیانییەکان لە نێو خاکی عێراقدا. بەگوێرەی مالپەڕی کوردستان تیڤی، چەند خاڵێکی بە یەک گەیشتن لەنێوان واشنتن و تەهراندا هەیە، یەکێک لەوانەش محەمەد حەلبوسییە. هەروەها دەشڵێت: بیرۆکەی دامەزراندنی حزبێکی نوێ لەلایەن محەمەد حەلبووسی دوای سەردانەکەی ناوبراو بۆ ئەمەریکا سەریهەڵداوە.

سوپای کەنەدا هۆشداری دەدات لە ئەگەری دروستبوونی ڕێکخراوێکی هاوشێوەی داعش لە عێراقدا

مالپەڕێکی ڕووسی: بەغدادی دەیەوێت جارێکی دیکە بگەڕێتەوە نێو خاکی عێراق



عەمید کۆڵین کایڤەر فەرماندەی نێردەی سوپای کەنەدا لە عێراق و ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەند، هۆشداری داوە لەوەی بەهۆی ناکۆکییەکانی نێوان کوتلە سیاسییەکانی عێراق سەرهەڵدانەوەی ڕێکخراوێکی هاوشێوەی داعش لە عێراق لە ئارادایە. بەگوێرەی کوردستان تیڤی کایڤەر لە دیمانەیەکیدا لەگەڵ ڕۆژنامەیەکی کەنەدی ڕووی کردەوە کە شکستهێنانی داعش لەڕووی سەربازییەوە مانای تەواوبوون و لەناوبردنی یەکجارەکی نییە و تا عێراق بەتەواوی سەقامگیر بێت. ڕاشیگەیاندووە: ئێستا شەڕێکە بووەتە شەڕی سیاسی، بۆیە پێویستە سەرکردە عێراقییەکان ناکۆکییەکانیان بە لاوە بنێن و هەوڵی دابینکردنی خزمەتگوزارییە بنەڕەتییەکان بدەن بۆ خەڵکی عێراق وەک ئاو و کارەبا و نەهێشتنی گەندەڵی و کۆتاییهێنان بە جیاکاری ڕەگەزی و ئایینی. کایڤەر ئەوەشی ڕاگەیاندووە جارێ زووە باس لەوە بکەین عێراق توانای ئەوەی هەیە، زاڵ بێت بەسەر کێشە و گرفتەکانی، ئەمەش وا دەکات هەڕەشەکان بۆ سەر عێراق بەردەوام بن.

هەروەها سەرچاوەیەکی هەواڵگری عێراقی ئاشکرای کردووە کە ئەبوبەکر بەغدادی، سەرۆکی ڕێکخراوی تیرۆریستی داعش پلانی گەڕانەوە بۆ نێو عێراق دادەنێت، سەرچاوەکە بە مالپەڕی ڕووسیا ئەلیەومی ڕاگەیاندووە: بەغدادی ماوەی چەند هەفتەیەکە پلان دادەنێت بۆ ئەوەی جارێکی دیکە بگەڕێتەوە نێو خاکی عێراق، بەڵام لەبەر ڕێوشوێنە ئەمنییەکان تونەدکان کە لەسەر سنووری نێوان عێراق و سووریا گیراوەتەبەر، نەیتوانیوە ئەم کارە بکات.

هەروەها گوتی: بەغدادی لە چیای ئەبو ڕەجمێن لە تەدموری سووریا خۆی حەشارداوە.

گوتیشی: لە ئێستادا بەغدادی چەند کەسێکی نزیکی خۆی لەگەڵ ماوە کە هەڵگری ڕەگەزنامەی سعوودی و تونسی و عێراقین.

خەسرۆ گۆران:

پارتی لەگەڵ ئەوەدا نییە هەڵبژاردن لە کەرکووک ئەنجامبدرێت

دەبێت ڕەوشی کەرکووک ئاسایی بکرێتەوە ئینجا هەڵبژاردنی تێدا بەڕێوەبچێت



ئەنجوومەنی کۆمسیارانی کۆمسیۆنی بالای هەڵبژاردنەکانی عێراق سەردانی هەرێمی کوردستانیان کرد بۆ تاوتوێکردنی پرسی بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکانی عێراق. بەڕپرسی هەڵبژاردنی پارتی دیموکراتی کوردستانیش لەبارەی ئەنجامدانی هەڵبژاردن لە کەرکووک دەڵێت ئێمە لەگەڵ ئەوەدا نین ئەمساڵ هەڵبژاردن لە کەرکووک بکرێت، چونکە هێشتا دیار نییە 100% کەی بەڕێوەدەچێت، تەنیا کۆمسیۆن دەڵێت، ئامادەین لە کۆتایی ئەمساڵدا بەڕێوەی ببەین، ئەوەش هێشتا پێشنیازە. دەربارەی هەڵبژاردن لە کەرکووک خەسرۆ گۆران ئاماژەی بۆ ئەوە کرد: ئێمە لەگەڵ ئەوەدا نین ئەمساڵ هەڵبژاردن لە کەرکووک بکرێت، چونکە ناکرێت خەڵک ئاوارە بێت و ڕەوشی کەرکووک بەو شێوەیە نائاسایی بێت، پڕۆسەی هەڵبژاردن لەو پارێزگایە بەڕێوە بچێت، بە بڕوای ئێمە باشترە ڕەوشی کەرکووک ئاسایی بکرێتەوە، ئینجا هەڵبژاردن لە کەرکووک بەڕێوە بچێت.



فوئاد حوسێن و وەزیری داراییی کوێت کۆبوونەوە

دوێنێ شەممە 2019/4/27 لە پەراوێزی کۆبوونەوەی ساڵانەی دەستەی داراییی عەرەبی لە کوێت، د. فوئاد حوسێن و وەزیری داراییی کوێت کۆ بوونەوە. لە پەراوێزی کۆبوونەوەی ساڵانەی دەستەی داراییی عەرەبی و کۆبوونەوەیەدا چەندین تەوەر باسیان لێوە کرا، لەوانەش: دەرهاوێشتەکانی کۆنفرانسی کوێت بۆ دووبارەبنیادنانەوە و ئاوەدانکردنەوە و ئەو تەگەرانەی کە دێنە بەردەم بڕیارەکانی ئەو کۆنفرانسە، بەتایبەتی لە لایەن عێراقەوە. دەستنیشانکردنی کێشە و گرفتەکان و دۆزینەوەی چارەسەری بۆیان. مامەڵە لەگەڵ ڕێوشوێنە گومرگییەکان و یەکخستنی ڕسوومااتی گومرگی لەگەڵ وڵاتانی دیکەی دراوسێ و بەردەوامیدان بە گفتوگۆ تا گەیشتن بە ئەنجام.

جێگری سەرۆکوەزیران سوپاسی کوێتی کرد بۆ ئەرکی بەردەوامیان لەو چوارچێوەیەدا و بەڵێنشی دا هەموو تەگەرەکان لابدرێن و ئەنجامەکانی کۆنفرانسی کوێتیش هەمیشە کارا بکرێن. هاوکات تیشک خرایە سەر دروستکردنی ناوچەی سنووری هاوبەش و دەستپێکردنی گفتوگۆ لەو بارەیەوە، لەم بارەیەشەوە بڕیار وایە هەردوو لا لە چەندین ڕۆژی داهاتوودا هێڵە سەرەکییەکانی تێگەیشتنی هاوبەش دابنێن. هەر لەو دیدارەدا هەردوو لا لەسەر فراوانکردنی پەیوەندیی بازرگانی و ئاسانکاری بۆ بزاڤی بازرگانی و ئابووریی بەدوور لە بیرۆکراسی ڕێک کەوتن.

کاندیدان بۆ وەزیرانی پەروەردە و دادی عێراق دیاری کران

لە چەند ڕۆژی داهاتوودا پەرلەمان دەنگ لەسەر کاندیدەکان دەدات

سەرۆکوەزیرانی عێراق عادل عەبدولمەهدی ناوی کاندیدانی بۆ وەزیرانی داد و پەروەردە بۆ پەرلەمان ڕەوانە کردووە.

سکرتێری گشتیی پەرلەمانی عێراق، خەدیجە عەلی بە ڕۆژنامەی "سەباح"ی ڕاگەیاندووە سەرۆکوەزیرانی عێراق عادل عەبدولمەهدی ناوی "سەفانا تایی" لە سوننەکان بۆ پۆستی وەزیری پەروەردە و "دادوەر ئەکرەم قادر" لە کوردی بۆ پۆستی وەزیری داد ڕەوانەی پەرلەمان کردووە.

خەدیجە عەلی ئاماژەی بەوەش داوە لە چەند ڕۆژی داهاتوودا پەرلەمان دەنگ لەسەر کاندیدەکان دەدات.

وەزیری پەروەردە، شەیما هیالی بەهۆی ئەو دەنگۆیانەی لەسەر براکەی بلاوکرانەوە کە لە ناو ڕێکخراوی داعش دایە دەستی لەکارکێشایەوە. کابینەی حکوومەتی عێراق کە لە 22 وەزارەت پێکهاتووە هێشتا وەزیرانی داد، پەروەردە، ناوخۆ و بەرگری دیاری نەکراون. جێی باسە سەرۆکوەزیرانی عێراق عادل عەبدولمەهدی بەوەکالەت کارەکانی هەردوو وەزارەتی بەرگری و ناوخۆ ڕادەپەڕێنێ.

کەرتی نەوتی عێراق زۆر بە خراپی بەڕێوەدەچێت

د. بێوار خنسی: پێویستە بنەمایەک بۆ ئیدارەدانی کەرتی نەوت و گازی عێراق دابندرێت



ڕاوێژکاری ئەنجوومەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان بۆ کاروباری وزە ڕایگەیاند: حکوومەتی هەرێمی کوردستان ئامادەیە سەرجەم کێشەکانی لەگەڵ بەغدا چارەسەر بکات، لەوانە نەوت و گاز، بە مەرجێک گەرەنتی جێبەجێکردنی بۆ جێبەجێکردنی ڕێککەوتنەکان هەبێت و بنەمایەک بۆ ئیدارەدانی کەرتی نەوت دابندرێت.

سامر غەزبان، وەزیری نەوتی عێراق، بە ڕێتەرزی ڕاگەیاندووە، بەغدا بەمزووانە لەگەڵ حکوومەتی هەرێمی کوردستانی کۆدەبێتەوە بۆ گفتوگۆ لەبارەی پرسی نەوت و بودجەوە، چونکە تاوەکو ئێستا گفتوگۆی فەرمی لەسەر ئەو پرسانە نەکراوە. لەوبارەیەوە، ڕاوێژکاری ئەنجوومەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان، د. بێوار خنسی، بە ماڵپەڕی فەرمیی پارتیی دیموکراتی کوردستانی ڕاگەیاندووە: حکوومەتی هەرێمی کوردستان، دوای هاتنی سەرۆکوەزیرانی نوێی عێراق بۆ سەر دەسەڵات، ئامادەیی خۆی نیشان داوە هەموو کێشەکان لەگەڵ بەغدا چارەسەر بکات، لەوانە کەرتی نەوت، بە مەرجێک گەرەنتی هەبێت بۆ جێبەجێکردنی داواکاریی کورد و ئەو ڕێککەوتنانەی دەکرێن لە چوارچێوەی دەستووری عێراقدا، بۆیە ئەگەر حکوومەتی نوێ دروست کرا، ئەو کات گفتوگۆی نوێ لە نێوان هەرێم و بەغدا دەستپێدەکات. خنسی گوتیشی: پێویستە سەرجەم کێشەکان پێکەوە چارەسەر بکرێن، نەک تەنیا نەوت، وەک کێشەی بودجە و پێشمەرگە و ناوچە کوردستانییەکان و سەرجەم کێشەکانی دیکە، چونکە تا ئێستا لە ناوچە کوردستانییەکان تەعریب دەکرێت و کەرتی نەوتی عێراقیش زۆر بە خراپی بەڕێوەدەچێت و یاسای نەوت و گاز نییە، بۆیە هەمووان گلەیی لە شێوازی بەڕێوەبردنی نەوت و گاز دەکەن. د. بێوار باسی لەوەشکرد: حکوومەتی عێراق زۆر جار بێ هەرێمی کوردستان هەنگاو دەنێت، بۆ وێنە لە دانانی کۆمپانیای نیشتمانیی سۆمۆ کە نوێنەری هەرێمی تێدا نییە، بۆیە ناکرێت هەر باسی ڕادەستکردنی 250 هەزار بەرمیل نەوت بکرێت بە بەغدا، بەڵکو پێویستە حکوومەتی عێراق حیساب بۆ هەرێمی کوردستان بکات، کە ئەوە زۆر گرنگە، هەروەها پێویستە بنەمایەک بۆ ئیدارەدانی نەوت دابنرێت و حکوومەتی هەرێم تێیدا بەشدار بێت، نەک تەنیا ئێمە نەوت ڕادەستی ئەوان بکەین.

د. خنسی دەشڵێت: پێویستە لیژنەیەکی هاوبەشی شارەزا لە نێوان هەردوولادا هەبێت و دوور لە گوشاری سیاسی کاری خۆی بکات و گفتوگۆ لەبارەی کەرتی نەوتەوە بکەن، بە جۆرێک کە لەگەڵ سیستمی فیدراڵیدا بگونجێت و هەر کەسێک بێتە سەر دەسەڵات، نەتوانێت گۆڕانکاریی تێدا بکات، ئەگەرنا زۆر زەحمەتە بە شێوەی کاتی کێشەکان چارەسەر بکرێن.

ڕۆژ بە ڕۆژ ژمارەی مەسیحییەکان بەرەو کەمبوونەوە دەچێت

وەحیدە یاقۆ: کەمتر لە 500 هەزار مەسیحی لە عێراق ماون

مەسیحییەکانی عێراق خەریکە لەو وڵاتە بێهیوا دەبن و ڕۆژ بە ڕۆژ ژمارەیان بەرەو کەمبوونەوە دەچێت، بە گوتەی نوێنەری مەسیحییەکانیش لە خولی پێشووی پەرلەمان، لە ئێستادا لە کۆی ملیۆنێک و 500 هەزار کەس، ژمارەیان بۆ کەمتر لە500 هەزار هاوڵاتی کەم بووەتەوە، ئەوانیش زۆربەیان لە هەرێمی کوردستانن. لویس ڕوفائیل ساکۆ، کاردینالی مەسیحییەکان لە عێراق، لە ڕاپۆرتێکدا لەبارەی دۆخی مەسیحییەکانی عێراقەوە، باس لەوە دەکات کە دوای شەپۆی داعش دۆخی مەسیحییەکان بەردەوام بەرەو خراپی دەچێت، بۆیە پێویستە بەرپرسانی عێراق ئاگاداری دۆخی خراپی مەسیحییەکان بن.

ساکۆ ئاماژەی بەوەش کردووە، چەندین جار داواکارییان گەیاندووەتە حکوومەتی عێراق بۆ ئەوەیبۆیان جێبەجێ بکرێت، بەڵام بێسود بووە و هیچی جێبەجێ نەکراوە.

کاردینالی مەسیحییەکان لە عێراق ڕوونیشی کردووەتەوە، دوای شکەستخواردنی داعش لە عێراق، بەردەوام تەعەدا لە مەسیحییەکان دەکرێت و خانووەکانیان دەڕووخێندرێن و ماڵ و سامانیان دەدزرێت، بۆیە ترساون و هەوڵی کۆچکردن دەدەن.

لای خۆشیەوە، نوێنەری مەسیحییەکان لە خولی پێشووی پەرلەمانی کوردستان، وەحیدە یاقۆ هورمز، بە ماڵپەڕی فەرمیی پارتیی ڕاگەیاند: گوتەکانی کاردینالی زۆر ڕاستن و زانیاریی تەواوی هەیە و ئێمەش ئاگادارین، چونکە لە دەشتی نەینەوا و بەغدا تەعەدای زۆر لە مەسیحییەکان دەکرێت و گۆڕانکاری لە دیموگرافیای ناوچەکانیاندا دەکرێت و تەعریب دەکرێن، تەنانەت ئەگەر بزانن مەسیحین داشیانامەزرێنن، بۆیە هەموان هەوڵی کۆچکردن دەدەن و ئێستا ئەوەی ماوبشن لە هەرێمی کوردستانن، چونکە لە عێراق ژیان بۆ مەسیحییەکان زۆر ئەستەم بووە. هورمز گوتیشی: "کۆچکردنی مەسیحییەکان بەردەوامە و پێش شەڕی داعش ملیۆنێک و 500 هەزار کەس بوون، بەڵام ئێستا بوونەتە کەمتر لە 500 هەزار کەس، کە ئەوانیش زۆرینەی ڕەها لە هەرێمی کوردستانن و لە عێراق زۆر کەمن.



هەناردەی نەوتی کەرکووک بە ڕێژەی 50٪ زیاد دەکات

وەزیری نەوتی عێراق: هەوڵێر و بەغدا لەسەر پرسی نەوت و بودجە کۆدەبنەوە

بۆ تاوتوێکردنی پرسی بوودجە و وزە و نەوت، حکوومەتی هەرێمی کوردستان و حکوومەتی عێراق کۆدەبنەوە، بەگوێرەی کوردستان24 سامر عەباس غەزبان، وەزیری نەوتی عێراق ئاشکرایکردووە: بەغدا و هەولێر بەمنزیکانە بۆ قسەکردن لەسەر هەناردەی نەوتی هەرێم و ڕێککەوتنی بودجە کۆدەبنەوە ڕاشیگەیاندووە: هەوڵەکانمان دەستپێکردووە تاکو هەناردەی نەوتی کەرکووک بە ڕێژەی 50% زیاد بکەن. پێشتر ئەو وەزیرەی عێراق ڕایگەیاندبوو، ئەگەر پێویست بکات، عێراق دەتوانێت ڕۆژانە شەش ملیۆن بەرمیل نەوت هەناردە بکات. بەهۆی سزاکانی سەر ئێران، خواست لەسەر نەوت لە جیهاندا زیادبووە چونکە ئەو وڵاتانەی پشتیان بە نەوتی ئێران بەستبوو، ناچارکراون بە دوای سەرچاوەی دیکەدا بگەڕێن، عێراقیش وەک ئەندامێکی ڕێکخراوی ئۆپیک، دەتوانێت سوود لەم دۆخە ببینێت.

سەرلەنوێ هەڵبژاردنەوەی دۆنالد ترەمپ ئەگەڕێکی زۆر بەهێزە



خەبات- مەریوان نەقشبەندی:

سەرەڕای بەردەوامبوونی دۆنالد ترەمپ، سەرۆکی ئەمەریکا لە هەڵوێستە تونەکانی لە بەرانبەر نەیار و رکابەرە تەقلیدییەکانی وڵاتەکەی، بەڵام باشبوونی ڕەوشی ئابووری و گەڕانەوەی هەیبەتی دیپلۆماسی و سیاسەتی ئەمەریکا لەناو کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و کەمبوونەوەی هەڕەشەی تیرۆری ئیسلامیی داعش و قاعیدە لەسەر ئەمەریکا و بەرژەوەندییەکانی ئەمەریکا هەمووی پێکەوە وادەکەن، ئەگەری سەرلەنوێ هەڵبژاردنەوەی دۆنالد ترەمپ بۆ خولێکی دیکەی سەرۆکایەتیی وڵاتەکەی بەهێزتر بێت.

ڕۆژنامەی واشنتن پۆست ڕاپۆرتێکی لەسەر ئەم پرسە بڵاوکردووەتەوە و تێیدا هەر یەکە لە لاری ساباتۆ بەڕێوەبەری سەنتەری سیاسەت لە زانکۆی فێرجینیا و کیلی کۆندیک سەرۆکی بەشی واشنتونی هەمان زانکۆ تەئکید لەسەر بەهێزبوونی پێگەی دۆنالد ترەمپ بەرەو هەڵبژاردنەوەی بۆ خولێکی نوێ دەکەن و دەڵێن جگە لەوەی ترەمپ لەناو حزبەکەیدا پێگەی ئێجگار بەهێزبووە و ئەو پاڵێوراوە کۆمارییەی لەناو حزبەکەیدا رکابەری دەکات، زۆر لاوازە و لە بەرانبەریشدا رکابەریی دیموکراتەکان لە بارودۆخێکی پڕ لە ئیحراجیدا دەبێت، ئەگەر هەوڵی ڕەخنەگرتن لە سیاسەت و هەنگاوەکانی ئەم دوو ساڵەی سەرۆکایەتیی ترەمپ بکەن، چونکە ترەمپ زۆربەی ئامانجەکانی لە دەرەوە و ناوەوەی ئەمەریکا بەدیهێناوە بە کەمترین زیانی مادەی و مرۆیی، دەبینن ترەمپ ڕێگەی نەداوە هیچ سەربازێکی ئەمەریکی لە ماوەی سەرۆکایەتی ئەودا لەپێناو وڵاتێکی دیکە یان ڕووخانی ڕژێمێکی دیکە لەناوبچێت و بە دەیان ملیار دۆلاری کە لە سەردەمی سەرۆکایەتیی دیموکراتەکان بۆ پشتگیریکردنی هەندێ سیستەمی حوکمڕانی لە ناوچە جیاجیاکانی جیهان خەرج دەکرا ئێستا پاشەکەوتی کردووە و جگە لەوەش زۆربەی هاوپەیمانە ستراتیژییەکانی ئەمەریکا خێراتر بەدەم هەنگاوەکانی ترەمپەوە دەچن.

دۆنالد ترەمپ بە ئۆپێکم گوتووە:

پێویستە نرخی نەوت دابەزێنن



سەرۆکی ئەمەریکا، دۆنالد ترەمپ رایگەیاند کە نرخی نەوت دابەزیوە و گوتیشی: نرخی بەنزین دابەزیوە. پەیوندیم بە ئۆپێکەوە کرد، پێم گوتن «پێویستە نرخی نەوت دابەزێنن» و ئێستاش نرخی بەنزین دادەبەزێت.

سەرۆکی ئەمەریکا، دۆنالد ترەمپ پێش سەردانەکەی بۆ وڵایەتی ئینديانا لە باخچەی کۆشکی سپی لەبارەی پێشهاتەکانی ڕۆژهۆ لێدوانی بۆ ڕۆژنامەنووسان دا.

ترەمپ لەبارەی پرسیارێکی پەیوەندیدار بە بوونی نیگەرانی لەبارەی نرخی نەوت لە بازاڕەکان رایگەیاند کە لەمبارەیەوە قسەی لەگەڵ ڕێکخراوی وڵاتانی هەناردەکاری نەوت (ئۆپێک) کردووە و گوتیشی: نرخی بەنزین دابەزیوە. پەیوندیم بە ئۆپێکەوە کرد، پێم گوتن 'پێویستە نرخی نەوت دابەزێنن' و ئێستاش نرخی بەنزین دادەبەزێت.

ترەمپ لە وەڵامی پرسیارێکی پەیوەندیدار بە لێکۆڵینەوەکانی ڕووسیا رایگەیاند کە ئەو هەرگیز ڕێنمایی نەداوەتەوە ڕاوێژکاری یاسایی خۆی، دۆن ماکگان بۆ ئەوەی ڕوبەرت میللەر داواکاریی تایبەت بە لێکۆڵینەوەی ڕووسیا دەربکات. ترەمپ لەبارەی بانگەشەی پێدانی دوو ملیۆن دۆلار بۆ خوێندکارێکی بە بارمتەگیراو لە کۆریای باکوور بە ناوی ئۆتۆ وارمبیار رایگەیاند کە ئەو بە هیچ جۆرێک ئەو بڕە پارەیەی نەداوە. لەمبارەیەوە گوتیشی: هیچ پارەیەکمان بۆ ئۆتۆ نەداوە.

ئەو هەواڵانەی باس لە پێدانی پارە دەکەن درۆن. من هیچ پارەیەکم بۆ هیچ بارمتەیەک نەداوە. جێی باسە بەپێی ئەو هەواڵەی کە لە کەنالی سی ئێن ئێن بڵاوبووەوە، بانگەشەی ئەوە کرابوو کە ئیدارەی پێژنگیانگ بۆ ئازادکردنی ئۆتۆ وارمبیار داوای دوو ملیۆن دۆلار خەرجی نەخۆشخانە کردووە.

ئەمەریکا... ڕاپۆرتێک لەبارەی کێشەکانی فڕۆکەی F35 دەدرێتە کۆنگرێس

پێنتاگۆن نەیتوانیوە تۆڕی لۆجستیی نێودەوڵەتی بۆ پارچەکانی فڕۆکەکان تەواو بکات



ئۆفیسی بەرپرسیاریتی حکوومەتی ئەمەریکا GAO ئاشکرای کردووە بەهۆکارەکانی، نەگونجانی پارچەکان، درەنگکەوتنی دڕێژخایەنی چاک کردنەوە و نەگۆڕینی پارچە پێویستەکانی، فڕۆکە جەنگییەکانی جۆری ئێف 35زۆر لەوە کەمتر فڕینی ئەنجام داوە کە پلانی بۆ داڕێژرابوو. GAO ڕاپۆرتێکی دەربارەی پرۆژەی ئێف 35جیا لە کۆنگرێس ئاماده کردووە کە خۆی لە 81 بەڕەدا دەبینێتەوە و لە سایتی ئینتەرنێتی خۆیان ڕاپۆرتەکەیان بڵاو کردۆتەوە.

لەڕاپۆرتەکەدا هاتووە: دەبێت وەزارەتی بەرگری ئەمەریکا پێنتاگۆن، ئەو زنجیرە کێشەیەی لە بەرهەمهێنانی پرۆژەی پێشکەوتووی فڕۆکەی جەنگی ئێف 35 کە زیاتر لە یەک تریلیۆن دۆلار تێچوونەکەیەتی و گرانترین سیستەمی چەکی هەیە، چارەسەر بکات.

بەڵام کردنەوەی ڕاپۆرتی GAO لەکاتێکدایە کە تورکیا800 پارچەی فڕۆکەکە دروست دەکات و لەئێستادا مشتومڕ هەیە لەبارەی داهاتووی پرۆگرامەکەوە، تێیدا هەموو کێشەکانی پارچەی یەدەک و بەرهەمهێناکەی خستۆتە ڕوو. بەهۆی بەرهەمنەهێنانی پارچە پێویستەکانی فڕۆکەکەوە، فڕۆکەی ئێف35 لە ئایار و تشرینی دووهەمی 2018دا لەسەدا 30ی فڕینەکانی بەمەبەستی تێست کردنی ئەنجام نەداوە هاوکات ئاماژە بەوە دراوە کە بەهۆی نەگونجانی پارچەکان و درەنگ کەوتنی دڕێژخایەنی چاک کردنەوەو نەگۆڕینی پارچە پێویستەکانەوە، کەموکورتی لە توانای فڕۆکەکەدا دروست بووە.

بەپێی ڕاپۆرتەکە فڕۆکە F-35کان ئەو توانایان نییە کە لە فڕۆکەیەکی جەنگی چاوەڕوان دەکرێت و تێیدا ئاماژە بەوە دراوە، کە هەندێک لە ئەرکەکانی بۆ ئەنجامنادرێت یان توانای فڕینی پێویستی نییە بۆ ئەنجامدانی ئەرکەکان. لەلایەکیترەوە ئاماژە بەوە دراوە، ڕێژەی ئەنجامدانی تەواوی ئەرکەکان بۆ فڕۆکە F-35کان سەدا 52، لەکاتێکدا ڕێژەی چاوەڕوانکراو سەدا 75 و ئەم ڕێژەیە زۆر لە خوارەوەیە.

ڕاپۆرتەکە هەروەها باسی لەوە کردووە، کێشە هەیە لە دەستەبەرکردنی چوار هەزار و 300 پارچە کە فڕۆکەکە بۆ فڕین پێویستی پێیەتی و سەرباری هەوڵەکانی پێنتاگۆن لەوبارەوە، هێشتا بەتەواوی سەرکەوتوو نەبوون لە چارەسەرکردنیدا. لەگەڵ پێویستن کە پێشتر فڕۆشراون، بەهۆی ئەو گژوڕانکارییانەی تێیاندا ئەنجامدراوە، وەڵامدانەوە. هەروەها لە ڕاپۆرتەکەدا هاتووە: هێشتا پێنتاگۆن نەیتوانیوە تۆڕی لۆجستیی نێودەوڵەتی بۆ پارچەکانی فڕۆکە F-35کان تەواو بکات و وڵاتانی دووردەست ماوەیەکی زۆر چاوەڕوانی ئەو پارچانە دەکەن کە بۆ خزمەتگوزاریی فڕۆکەکان بەکاردێت. تا پلانێکی گشتگیری لۆجستی نەبێت، ڕەنگە پێنتاگۆن ئامادەنەبێت پشتیگری پێشکەش بکات.

63 وڵات واژووییان لە سەر ڕێککەوتنەکە کردبوو

ئەمەریکا لە ڕێککەوتنی بازرگانیی چەکی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان دەکشێتەوە



سەرۆکی ئەمەریکا، دۆنالد ترەمپ ڕایگەیاند کە واژووی وڵاتەکەی لە ڕێککەوتنی بازرگانی چەک کە لە ژێر چاودێری نەتەوە یەکگرتووەکان لە ساڵی 2013 واژوو کراوە، دەکێشێتەوە.

ترەمپ بەشداری لە "کۆڕبەندی سەرکردەکان" کرد کە لە لایەن دەزگای تفەنگی نیشتمانی ڕێکخرابوو و تیایدا وتارێکی پێشکەش کرد. ترەمپ لە بەردەم ئامادەبووان بەڵگەنامەیەکی واژوو کرد کە تێیدا بڕیار لەسەر کشانەوەی واژووی وڵاتەکەی لە ڕێککەوتنی بازرگانی چەکی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان کرد و گوتی: بەم زووانە نەتەوە یەکگرتووەکان ئاگادارکردنەوەیەکی فەرمی پێدەگات لەسەر ئەوەی کە ئەمەریکا لەو ڕێککەوتنە کشاوەتەوە.

هاوکات کۆشکی سپی لەمبارەیەوە ڕایگەیاند کە ڕێککەوتنی بازرگانیکردنی چەک لە ساڵی 2013 لە سەردەمی باراک ئۆباما واژوو کراوە و لە دوای هاتنی ترەمپیش ڕێککەوتنەکە بۆ پەسندکردن پێشکەشی کۆشکی سپی کراوە. لە ساڵی 2013دا، شەست و سێ وڵات واژوویان لەسەر ئەو ڕێککەوتنە کردبوو.

تا ساڵی 2030 عێراق دەبێتە چوارەم گەورەترین وڵاتی بەرهەمهێنەری نەوت لە جیهان



ئاژانسی وزەی نێودەوڵەتی ڕایگەیاند کە عێراق تا 2030 دەبێتە چوارەم گەورەترین وڵاتی بەرهەمهێنەری نەوت لە جیهاندا. ئاژانسی وزەی نێودەوڵەتی ڕاپۆرتێکی لە ژێر ناونیشانی "کەرتی وزەی عێراق: نەخشە ڕێگایەک بۆ داهاتوویکی باشتر" بڵاوکردەوە و تێدا ڕایگەیاند کە عێراق توانای دابینکردنی پێویستی کارەبای خۆی هەیە. لە ڕاپۆرتەکەدا ئاماژە بەوە کراوە کە ڕێژەی بەرهەمهێنانی نەوت لە کۆتا 20 تا 30 ساڵی ڕابردوودا لە عێراق دوو هێندە زیادیکردووە و ئەم ڕێژەیە تا ساڵی 2030 ڕۆژانە یەک ملیۆن و 300 هەزار بەرمیل زیاد دەکات. هەر لە ڕاپۆرتەکەدا ئەوەش خراوەتەڕوو کە تا ساڵی 2030 عێراق لە دوای ئەمەریکا، سعوودیە و ڕووسیا دەبێتە چوارەم گەورەترین وڵاتی بەرهەمهێنەری نەوت.

لەلایەکی دیکەش لە ڕاپۆرتەکەدا باسی گوتەکانی سەرۆکی ئاژانسی وزەی نێودەوڵەتی، فاتح بیرۆل کراوە کە گوتوویەتی: عێراق لە ژێر هەلومەرجی سەختدا توانی کاری باش بکات بۆ بەرەوپێشبردنی پیشەسازی نەوت. عێراق سەرچاوەکانی گاز و خۆر بۆ پێشخستنی ئابووری و پێداویستییەکانی خۆی بەکار دەهێنێت، ئەمەش هاوکار دەبێت لە دروستکردنی داهاتوویکی وزەی گونجاو و متمانەپێکراو.



لە ئیلام
2 هاووڵاتیی کورد لە سێدارەدران

Masood Naziri

ڕێکخراوی هەنگاو بۆ مافەکانی مرۆڤ رایگەیاندووە کە حوکمی لەسێدارەی دوو هاووڵاتیی کورد لە بەندیخانەی ئیلام جێبەجێکراوە. هەروەها ڕێکخراوی هەنگاو ئاماژەی بەوەشکردووە کە دوای 3 مانگ لەسێدارەدانی ئەو 2 هاووڵاتییە کوردە لە چەند ڕۆژی ڕابردوو هەواڵەکە لە میدیاکان ڕاگەیاندرا. ڕێکخراوی هەنگاو بۆ مافەکانی مرۆڤ ئاماژە بەوەش دەکات کە حوکمی سێدارەی دوو هاووڵاتیی کورد لە بەندیخانەی ناوەندی ئیلام بە تۆمەتی کوشتنی بە ئەنقەست حوکمی سێدارەیان بەسەردا سەپێندرابوو، جێبەجێکرا. هەروەها گوتیشیەتی: ناسنامەی یەکێک لەو بەندکراوانە، مەسعوود نەزەری تەمەن 23 ساڵ و کوڕی فازڵ ڕاگەیەندراوە کە بە تۆمەتی کوشتنی بە ئەنقەست حوکمی سێدارەی بەسەردا سەپابوو. لە لایەکی دیکەوە ڕێکخراوی مافی مرۆڤی ئێران ڕایگەیاندووە هەمان ڕۆژ، لاوێکی دیکە بەناوی فەرهاد ئەکبەری کوڕی حەیدەر لە سێدارەی دراوە، ناوبراو لە کاتێکدا تەنیا 15 ساڵ و 9 مانگ تەمەنی هەبووە، بە تۆمەتی کوشتنی ئەنقەست حوکمی سێدارەی بەسەردا سەپابوو.

موقتەدا سەدر
داوای دوورگرتنی عێراق لە ناکۆکیی ئەمەریکا و ئێران دەکات



موقتەدا سەدر داوای کشانەوەی هێزەکانی حەشدی شەعبی دەکات لە سوریا و دەڵێت با چیتر ناکۆکییەکان قۆڵ نەبنەوە.

سەرکردەی ڕەوتی سەدری لە عێراق ڕاگەیاندراوێکی لەبارەی ڕووداوەکانی ئەمدواییەی عێراق و دەستوەردانەکانی ئەمریکا و ئێران لە عێراق بڵاوکردەوە و داوا دەکات باڵیۆزخانەی ئەمریکا دابخرێت ئەگەر بەردەوام بێت لە "دەستوەردان" لەکاروباری عێراق. موقتەدا سەدر لەمبارەیەوە دوێنێ شەمە ڕاگەیەندراوێکی بڵاوکردەوە و تێیدا هاتووە "نیگەرانم لە پرسی ناکۆکییەکانی ئێران لەگەڵ یەکێتیی دوولایەنە "ترامپ و نەتانیاهو" ئەو سەرخەتەکانی ئەمریکا لە عێراق دادەنرا بەتایبەت پاش ڕووخانی ڕژێمی بەعس و ڕووداوەکانی دواتر کە هەزاران کوشتاری لێ کەوتەوە و هێزێکی تایبەتی بۆ دژایەتیکردنی هێزەکانی ئەوەی لەنێوان پشتیوانیکردنی ئێرانی دراوسێ و ئەو یەکێتییە دوانەیە بکەم، پشتگیریی ئەمەی دوایی قەدەغە و حەرامە لە ئایین و بیروباوەڕ و شەرعی ئیمە و نابێت پشت بە پاڵپشتیی و سوودەکانییان ببەستین". سەدر لەدرێژەی ڕاگەیەندراوەکەیدا دەشڵێت، ئەوەی بۆ ئەو گرنگە ئەوەیە عێراق نەخزێنرێتە قوڵایی ئەو ناکۆکییە عەقائیدییەی لەلایەک و سیاسییەش لەلایەکی دیکەوە.

هەروەها سەدر نیگەرانیی خۆشی نیشاندواوە لەوەی "ڕۆژانە دەستوەردان لەهەردوو لاوە لەکاروباری عێراق" دەبینێت و قوڵیش دەبێتەوە.

سەرکردەی ڕەوتی سەدر کە پێشتر بە یەکێک لە نەیارە دەمەوێت پەیوەندیی باشمان لەگەڵ ئێران هەبێت بەشێوەیەک خاکی ئێمە نەبێتە شوێنێک بۆ دەستدرێژکردنە سەری و زیان بەگەل و وڵاتەکەم بگەیەنێت. موقتەدا سەدر ئەوەش دەڵێت "لەنێوان غازی ئێران و بااڵنسەکانی عێراق و ترس لە سزاکان عێراق زەلیل بووە لەنێوان ئەو دوو لایەنە ناکۆکە و ئەمەش وایکردووە دیسانەوە قسە لەسەر مەسەلە سیاسییەکان بکەمەوە.

سەروەت و سامانەکەی عەلی خامنەیی بە 200 ملیار دۆلار خەملاندبوو
لایەنە شیعەکان کاردانەوەی تونديان دژ بە باڵیۆزخانەی ئەمەریکا نیشان دا



لایەنە شیعەکان لە عێراق کاردانەوەیان نیشاندا لە هەمبەر باڵاوکردنەوەی پۆستێک لەبارەی بە سەروەت و سامانەکانی ڕابەری باڵای کۆماری ئیسلامی ئێران، عەلی خامنەیی لە لایەن هەڵسورێنەری باڵیۆزخانەی ئەمەریکا لە بەغدا و ڕایانگەیاند کە باڵاوکردنەوەی ئەو جۆرە زانیارییانە ڕەتدەکەنەوە. لەمبارەیەوە سەرۆکی هاوپەیمانی ڕەوتی حیکمە، عەمار حەکیم بەیاننامەیەکی باڵاوکردەوە و تیادا ڕایگەیاندووە "بەکارهێنانی عێراق وەک خاڵێک بۆ هەڵگیرسانی جەنگی ڕاگەیاندن یان بازرگانی یان سیاسی، پێشێلکارییەکی ڕوونی سەرەوەری نیشتمانی وڵاتمانە، ئەمە وێڕای ئەوەی دابونەریتی دیپلۆماتییە کە لە لایەن وڵاتانەوە پەیڕەو دەکرێت، پێشێل دەکات".

عەمار حەکیم ئەوەشی گوتووە: پێشتر بۆ چەند جارێک جەختمان کردووەتەوە و ئێستاش جەختی لێ دەکەنەوە کە عێراق لە هەمبەر ناکۆکییە سیاسییەکانی نێوان وڵاتان بێ لایەنە و نابێت تێکەڵی ئەو ناکۆکییانە بکرێت. لای خۆیەوە ئەندامی فراکسیۆنی بەدر لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق، فالح خەزعەلی وای بە پێویست زانیوە کە سەرکردەی ڕێکخراوی بەدر، سەدر عەلمانییەت قسە ناکەین. باس لە مەزهەبگەرایەک دەکەین کە لەهەندێک ناوچەی وڵاتدا نیشتەجێ بوون. ئەوەی بەناوی دینەوە پرۆژەی سیاسی بەڕێوە دەبات و ئەوەی هەوڵ دەدات پەیوەندی لەگەڵ کۆمارەکەماندا بپچڕێنێت، باس لە ئیسلامی سیاسی دەکەین. لەم بارەیەوە داوام کرد حکوومەتەکەمان چاوپۆشی لەهیچ شتێک نەکات. ماکرۆن ئاماژەی بەوەش دا کە دەبێت پەیوەندییە تەلەفۆنییەکانی دەرەوەی وڵات کۆنترۆڵ بکرێن.

سەرکردەی ڕێکخراوی بەدر، هادی عامری سەرۆکایەتی دەکات داوای لە حکوومەتی فیدرال کرد لە هەمبەر باڵاوکردنەوەی پۆستێک لەبارەی سەروەت و سامانەکانی ڕابەری باڵای کۆماری ئیسلامی ئێران، عەلی خامنەیی، تێبینی و یاداشتانەمەیەکی ناڕەزایی بدات بە هەڵسورێنەری کاروباری باڵیۆزخانەی ئەمەریکا لە بەغدا. جێی باسە ڕۆژی پێنجشەمەی ڕابردوو باڵیۆزخانەی ئەمەریکا لە بەغدا لە هەژماری تایبەتی خۆی لە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک پۆستێکی لەبارەی سەروەت و سامانی ڕابەری باڵای کۆماری ئیسلامی ئێران، عەلی خامنەیی باڵاوکردەوە و ڕایگەیاندبوو کە لە کاتێکدا گەندەڵی سەرجەم سیکتەرەکانی لە ئێران گرتووەتەوە، کەچی لە ئێستادا سەروەت و سامانەکەی عەلی خامنەیی بە 200 ملیار دۆلار دەخەملێندرێت.

باڵیۆزخانەی ئەمەریکاوە باڵاوکراوەتەوە، تەنها سووکایەتی و گاڵتەکردنە بە مەرجەعە باڵاکان و بۆیە دەبێت سنووردار بۆ کارە گەمژییەکانی ئەمەریکا لە عێراق دابندرێت. پێشتریش هاوپەیمانی فەتح لە عێراق کە "سنووردار بۆ کارە گەمژییەکانی ئەمەریکا لە عێراق دابندرێت.

فالح خەزعەلی لە بەیاننامەیەکدا گوتوویەتی: ئەو پۆستییەی کە لە بارەی سەروەت و سامانەکەی عەلی خامنەیی لە لایەن

سەرۆکی کۆریای باکوور: ئاشتی و ئاسایشی نیمچە دوورگەی کۆریا پەیوەستە بە هەڵوێستی ئیدارەی واشنتۆن



سەرۆکی کۆریای باکوور، کیم جۆنگ ئون ڕایگەیاند کە ئاشتی و ئاسایشی نیمچە دوورگەی کۆریا بە تەواوی پەیوەستە بە هەڵوێستی داهاتووی ئیدارەی واشنتۆن. بەپێی هەواڵێکی ئاژانسیKCNA کۆریای باکوور، کیم لەبارەی دانوستانەکانی وڵاتەکەی لەگەڵ ئەمەریکا ڕایگەیاندووە کە ئەوان ئامادەی "ئەگەری هەموو جۆرە دۆخێک"ن و ڕاشیگەیاندووە کە ئاشتی و ئاسایشی نیمچە دوورگەی کۆریا بە تەواوی پەیوەستە بە هەڵوێستی داهاتووی ئیدارەی واشنتۆن. سەرۆکی کۆریای باکوور ئەم هەفتەیە سەردانێکی فەرمی بۆ ڕووسیا ئەنجامدا و لەگەڵ سەرۆکی ڕووسیا، ڤلادیمیر پوتین کۆبووەوە. پێشتر سەرۆکی ڕووسیا، ڤلادیمیر پوتین ڕایگەیاند کە لەگەڵ سەرکردەی کۆریای باکوور، کیم جۆنگ-ئون تاوتوێی چۆنێتی ئاسایکردنەوەی ڕەوشی نیمچەدوورگەی کۆریایان کردووە. دوای کۆبوونەوەی دووقۆڵی نێوانیان لە زانکۆی ڕۆژهەاڵتی دوور لە شاری ڤلادیڤۆستۆک پوتین و کیم لێدوانیان بۆ میدیاکان دا. پوتین ڕایگەیاندبوو کە کۆبوونەوەکە "ئێجگار گشتگیر" بووە و لەبارەی پەیوەندییە مێژوویییەکانی هەردوو وڵات و چاوەڕوانییەکانیان بۆ پتەوترکردنی پەیوەندییەکانیان دواون.

دوو بەرپرسی باڵای بەریتانیا بایکۆتی دۆناڵد ترەمپ دەکەن



سەرۆکی پارتی کرێکارانی ئۆپۆزسیۆنی سەردکی بەریتانیا، جێرەمی کۆربین و سەرۆکی ئەنجوومەنی گشتی بەریتانیا، جۆن بێرکاو ڕایانگەیاند کە ئەوان بەشداری لەو خوانەدا ناکەن کە بڕیارە لەسەر شەرەفی سەرۆکی ئەمەریکا، دۆناڵد ترەمپ لە میانی سەردانەکەیدا لە مانگی حوزەیرانی داهاتوو بۆ بەریتانیا ساز بکرێت.

کۆربین داوەتی خوانەکەی ڕەتکردەوە کە بڕیارە بە بۆنەی هاتنی سەرۆکی ئەمەریکا، دۆناڵد ترەمپ لە مانگی حوزەیران بۆ بەریتانیا پێشکەش بکرێت و لە هەژماری تایبەتی خۆی لە تۆڕی کۆمەاڵیەتی تویتەر ڕایگەیاند: نابێ تێرێزا مەی بەڕاستی لەسەر عەلمانییەت قسە ناکەین. باس لە مەزهەبگەرایەک دەکەین کە لەهەندێک ناوچەی وڵاتدا نیشتەجێ بوون. ئەوەی بەناوی دینەوە پرۆژەی سیاسی بەڕێوە دەبات و ئەوەی هەوڵ دەدات پەیوەندی لەگەڵ کۆمارەکەماندا بپچڕێنێت، باس لە ئیسلامی سیاسی دەکەین. لەم بارەیەوە داوام کرد حکوومەتەکەمان چاوپۆشی لەهیچ شتێک نەکات. ماکرۆن ئاماژەی بەوەش دا کە دەبێت پەیوەندییە تەلەفۆنییەکانی دەرەوەی وڵات کۆنترۆڵ بکرێن.

فەرشی سوور لەسەر شەرەفی سەرۆکێک ڕابخات کەنەتەوەپەرست و دژی ئافرەتانە و ڕێککەوتنەکانی نێودەوڵەتی پێشێل دەکات و ئینکاری لە گۆڕانکاری کەشوهەوا دەکات.

کۆربین ئاماژەی بەوەش دا کە بۆ دڕێژەدان بە پەیوەندییەکی گرنگ لەگەڵ ئەمەریکا پێویست بە ڕێوڕەسمی شاهانە ناکات و گوتیشی: جێگەی دڵتەنگییە کە دووبارە سەرۆکەوزیران لە بەردەم ئەم ئیدارەیەی ئەمەریکا سەری دانواندووە.



سەرکۆماری فەرەنسا ئیمانوئل ماکرۆن ڕایگەیاند، بەرامبەر ئیسلامی سیاسی بەهەمو جۆرێکییەوە، مەزهەبگەرا و ئەوانەی پەیوەندیان لەگەڵ کۆمارماندا پێچڕاندووە، زیاتر ڕەقتر مامەڵە دەکەین، چونکە ئەمانە لەبارەی پێکەوە کۆکردنەوەی میللەتەوە، هەڕەشە دروست دەکەن. دوای ئەوەی بەمەبەستی وەاڵمدانەوەی داخوازی کێشەکانی ئێلەگ زەردەکان دانوستانی نیشتمانی لەلایەن ماکرۆنەوە لە کۆشکی ئێلیزە بەڕێوەچوو و 2 کاتژمێر و نیوی خایاند، ماکرۆن لەبەردەم کامێراکاندا وەاڵمی چەند پرسیارێکی دایەوە. ماکرۆن ئاماژەی بەوەدا لە کۆبوونەوەکەدا پرسی عەلمانییەت هاتۆتە پێش و دووپاتی کردەوە کە یاسای 1905ی تایبەت بە عەلمانییەت، یاسایەکی کاریگەری وڵاتەکەیانە و پێویستە لەوڵاتدا بەردەوامبن لەجێبەجێ کردنی.


لەبەشێکی تری گوتەکانیدا ماکرۆن ئاماژەی بەوەدا کە ئەو خوێندنگە و ڕێکخراوانەی لەگەڵ یاساکانی وڵاتدا ناگونجێن، داخراون و گوتی: لەڕاستیدا کاتێک باس لە عەلمانییەت دەکەین، هەر

سەردانی چین و تویژە جیاجیاکانی کوردستان و دەرەوەی کوردستان بۆ سەر مەزاری نەمران بەردەوامە



سەردانی چینوتوێژەکانی کوردستان بۆ سەر مەزاری نەمران لە بارزان بەردەوامە و بە دەیان شاند و هاوڵاتیی کوردستان لە شار و شارۆچکەکانەوە بۆ نوێکردنەوەی سۆز و پەیمان بۆ ڕێبازی پێرۆزی بارزانی سەردانی مەزاری نەمرانیان لە بارزان کرد. بۆ نوێکردنەوەی بەڵێن و وەفا و پابەندبوونی بەردەوام بە ڕێبازی بارزانی، ڕۆژی پێنجشەممە 25-4-2019 هەر یەک لە شاندێکی سەرۆکایەتیی گشتیی داواکاری هەرێم، سەرۆکی ڕەبەنەکانی کلدان و ئاشووری لە عێراق و جیهان، شاندێکی بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی بازرگانی، شاندێکی بەڕێوەبەرایەتیی پاراستنی دامودەزگا نەوتییەکان لیوای یەک، سەردانی مەزاری نەمرانیان لە بارزان کرد و، دوای پێشوازیکردنیان لە لایەن نوێنەری سەرۆک بارزانی و لێژنەی پێشوازییەوە پێشوازییان لێ کرا و دوای دانانی تاجەگوڵینە، سۆز و پەیمانیان بۆ ڕێبازی بارزانی نەمر و پارتی دووپات کردەوە و بەڵێنیان دا تا ماون لەسەر ئەم ڕێبازە، درێژە بە خەبات و قوربانیدان بدەن تا گەلی کورد بە ئاواتەکانی دەگات.

ڕۆحیی نەتەوەیی کورد، مستەفا بارزانی و کاک ئیدریسی هەمیشەزیندوو دانا. هەر لەو حەفتەیەدا شاندێکی فەرماندەیی پێشمەرگەی سلێمانی یەکەی 48و شاندێکی دەزگای خێرخوازیی بارزانی و شاندێکی کۆمپانیای پی ئی ئای و شاندێکی نوێنەرایەتیی ئەنەکەسە لە هەولێر و شاندێکی کۆمەڵەی یەکگرتوویی کورد لە ئوستراليا، لەگەڵ دەیان هاوواڵاتی لە شار و شارۆچکەکانی کوردستانەوە سەردانی مەزاری نەمرانیان لە بارزان کرد و، لەلایەن نوێنەری سەرۆک بارزانی، خەڵات کرا.



پارتی و پارتی چاکسازیی تورکمان تەئکید لە پاڵپشتی و هەنگاوەکانی حکوومەتی ئایندەی کوردستان دەکەنەوە

دوێنێ عەلی حسین بەرپرسی مەکتەبی پەیوەندییەکانی کوردستانی و عێراقی پارتی بەیاوەری بەرپرسی دیسکی پارتە تورکمانیەکان و ئەندامانی مەکتەب سەردانی بارەگای پارتی چاکسازی تورکمانی کردو لەلایەن عەبدولقادر بازرگان سەرۆکی پارتی چاکسازی تورکمان و مونا قەهوەچی جێگری سەرۆکی پارتی چاکسازی و ئەندامانی مەکتەبی سیاسی و سەرکردایەتی پێشوازی کران. لە دیدارێکدا بەرپرسی پەیوەندییەکان پەیامی پیرۆزبایی جەنابی سەرۆک بارزانی و پارتی دیموکراتی کوردستانی بەبۆنەی 14مین ساڵیادی دامەزراندن ئاراستەی سەرۆک و ئەندامانی مەکتەبی سیاسی و ئەندامانی سەرکردایەتی و تەواوی کادیرانی پارتی بزووتنەوەی چاکسازی کرد، هاوکات بەرپرسی پەیوەندییەکانی پارتی تیشکی خستە سەر میژووی پەیوەندییەکانی گەلی کوردو پێکهاتەی تورکمان و پەیوەندی نێوان پارتی و پارتی چاکسازی تورکمان لە پێناو بەرژەوەندی گشتی نیشتمانی، هەرلەم دیدارەدا تیشک خرایە سەر ئەو هەنگاو و گۆرانکارییانەی هەماهەنگییەکان بۆ پاراستنی بەرژەوەندی نیشتمانی و ئاراستەو هەڵوێستی لایەنەسیاسیەکان بۆ قۆناغی ئایندەی حکومڕانی و پرسی کێشەکانی کەرکوک و خزمەتکردنی خەڵک لە هەرێمی کوردستان، هەرلەم دیدارەدا تەئکید لە پاراستنی دەستکەوتەکان و پاڵپشتی و هەنگاوەکانی حکومەتی ئایندەی کوردستان بۆ پێکهێنانی حکومەت و پێشکەشکردنی خزمەتی زیاتر بەتەواوی چین و تویژەکان کرایەوە، لەکۆتایی دیدارەکەدا عەلی حسێن ڕۆڵی پارتی چاکسازی تورکمانی وەک پارتێکی تورکمانی بەهەڵوێست لە ئاست هەموو پرسە نیشتمانیەکان و هەماهەنگیان چ وەک حزب چ لەپەرلەمان و بڕیارەکانیان بەگرنگ بۆ پێکەوە ژیان وەسف کرد.

بەرپرسی لقی 16 ژمارەیەک کەسایەتی و هاونیشتمانیانی سنووری ناحیەی بەحرکە بەسەردەکاتەوە



لە درێژەی دیدارو سەردان و بەسەرکردنەوەی هاونیشتمانیانی سنوورەکە و بە مەبەستی ئاگاداربوون لەباری تەندروستی و ژیان و گوزەران و کێشەو گیروگرفت و پێداویستییەکانیان، بڵند ئیسماعیل بەرپرسی لقی 16ی هەولێری پارتی دیموکراتی کوردستان بە یاوەری ژمارەیەک لەکارگێڕانی لق و بەرپرسی لێژنە ناوچەکان سەردانی هەریەکە لە بەڕێوەبەری ئاسایشی بەحرکە و خاتوو لاهیدە و خاتوو فەرمان دایکی خاتوو مەدینە شوکری و عەقید خالد مەلا حەسەن و موقەدەم سابیر ئەحمەدی لە شارۆچکەی بەحرکە کرد. لەمیانی سەردانەکانیدا بەرپرسی لقی 16ی هەولێر وێڕای هەواڵپرسین لە باری تەندروستی و ژیان و گوزەران و کێشەو گیروگرفت و پێداویستییەکانیان، هیوای تەندروستییەکی باش و ژیانێکی ئاسوودەو خۆشگوزەرانی بۆ خواستن و ئامانجی زیاتر ئاگاداربوون لە پێداویستی و کەموکوڕیەکانی هاوڵاتیانی ناوچەکە تا لەڕێگەی دامودەزگا پەیوەندیدارەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە بتوانرێت ڕێگەچارەی گونجاو بۆ کێشەکان بدۆزرێتەوە. لەبەرامبەردا هاونیشتمانیان سوپاسی گەرمی بەرپرسی لقی 16یان کرد کە هەمیشە بەوپەڕی پەرۆشی و خەمخۆرییەوە بەدوای چارەسەرکردنی کێشەو گیروگرفت و پێداویستییەکانی خەڵکی سنوورەکەوەیە.

سەرۆکایەتیی شارەوانیی هەولێر
بەچەند قۆناغێک شەقامی 100 مەتری قیرتاو دەکات

خەبات- سەید فاتیح بەرزنجی:
ڕۆژانە شوفێران گلەیی و گازندەیان دەربارەی چاڵ و چۆڵی شەقامی 100مەتری هەولێر هەبوو، ئەوەبوو بە هەوڵ و کۆششی سەرۆکایەتی شارەوانی هەولێرو وەزارەتی شارەوانی توانرا ڕەزامەندی بۆ دووبارە قیرتاوکردنەوەی شەقامەکە بەچینی بایندەر قیرتاو بکرێتەوە لە ئێستادا هەڵمەتی قیرتاوکردنی شەقامەکە گەیشتۆتە قۆناغی سێیەم و سەبارەت ئەو هەڵمەتی قیرتاوکردنە ئەو ڕاپۆرتەمان ئامادەکرد.

ئەگەر کەشوهەوا لەباربێت قیرتاوکردن درێژەی دەبێت

ئەندازیار مازن ئەحمەد عەبدوڵلا بەڕێوەبەری شارەوانی دوو ڕونیکردەوە: هەڵمەتی قیرتاوکردنەوەی شەقامی 100 مەتری ماوەیەک دەستی پێکردووەو هۆکاری ئەو هەموو چاڵ چۆڵەش بۆ زۆری باران بارین دێت، بۆیە لەو شەقامە چاڵ و چۆڵێکی زۆر دروست بووەو چەندین جاریش لەلایەن تیمی چاککردنەوەی سەر بە شارەوانی دوو توانرا چەندین شەقامی ناو کۆڵانەکانمان چاکبکەینەوە، دواتر لەلایەن سەرۆکایەتی شارەوانی هەولێر بودجەی پێویست ئامادەکراو لەلایەن وەزارەتی شارەوانییش ڕەزامەندی بۆ قیرتاوکردنەوەی وەرگیرا، لەقۆناغی یەکەمیش توانرا قیرتاوکردنەوەکە لە لای فاملی مۆڵ تا ڕێگەی کۆیە بوو، کە ئەو هەڵمەتە سەر بە شارەوانی سێ بوو، دواتر هەڵمەتی قیرتاوەکە گەیشتە قۆناغی دووەم لە ترفیک لایتی عەنکاوە دەستی پێکردەوە کە دەکاتە 1300مەتر قیرتاوکردن، دیارە ئەو قیرتاوکردنەش لەسەر بودجەی سەرۆکایەتی شارەوانی هەولێر بووەو قیرتاوکردنی ئەو شەقامە درێژەی هەیەو بڕیاریش وایە بۆ قۆناغی داهاتوو قۆناغی سێیەم لە نزیک بەنزینخانەی ئاکار دەست پێبکات تا دەگاتە نزیک کۆمپانیای جیهان و هەموو ئەو شوێنانەی کە پێویستی بە قیرتاوکردنەوە هەبێت ئەوا قیرتاوی دەکەین ئومێدەوارین لە ئایندەیەکی نزیکدا ئەگەر واپێویست بوو لە سایدی دووەمیش ئەو شوێنانەی کە پێویستی بە قیرتاوکردن هەبوو ئەوا قیرتاو بکرێت، ئەگەر بودجەی پێویست دابین کرا هەڵمەتی قیرتاوکردن درێژەی دەبێت و لەگەڵ ئەو هەڵمەتەش تیمەکانمان ڕۆژانە خەریکی چاککردنەوەی چاڵ و چۆڵەکانی شەقامە لاوەکیەکانی ناو کۆڵانەکانی سنوری شارەوانی ئێمەن. ماوەیەکیش کارگەی قیری سەرۆکایەتی کاری نەدەکرد بۆیە ماوەیەک کاری چاککردنەوەکە وەستابوو لە ئێستادا ئەگەر کارگەی قیری شارەوانی قیرمان بۆ ڕەوانە بکەن ئەوا کاری چاککردنەوە دووبارە دەست پێ دەکەینەوە.

چینی باینەدەری قیرتاوکردنەوەی شەقامی 100مەتر کاری بۆ دەکرێت

دواتر هەر دەربارەی قیرتاوکردنەوەی ئەو شەقامە، سیروان بەکر لە کۆمپانیای سالیی ڕونیکردەوە: بە سەرپەرشتی سەرۆکایەتی شارەوانی هەولێرو بەهاوکاری هەموو بەڕێوەبەرایەتی شارەوانی ناو گەڕەکەکان هەڵمەتی قیرتاوکردنەوەی شەقامی 100مەتری ماوەیەکە دەستی پێکردووەو لە ئێستاشدا قۆناغی سێیەمی قیرتاو کردنەوە دەستی پێکردووەو لە ڕۆژانی داهاتوودا ئەگەر کەشوهەوا لەباربێت ئەوا قۆناغی چوارەمی دەستپێدەکات. لەو قۆناغەدە نزیکەی 20 هەزار مەتر قیرتاوکراوەو بەچینی بایندەرو بەکارهێنانی معادەلەی 18و19و جۆری قیرەکەش باشەو ماوەی چەندسالێک خۆی ڕادەگرێت و دوای ئەو قیرتاوەش شوفێرانە گلەیی و گازندەیان نامێنێ و کاری قیرتاوکردنەوەی ئەو شەقامە زۆر گرنگ بوو لەبەرئەوەی ماوەیەکی زۆربوو ئەو شەقامە تێک چووبوو.



هاووڵاتییان بە دووبارە قیرتاوکردنەوەی شەقامەکە خۆشحاڵن

عەبدوڵلا ئیحسان لەنزیک ئەو شەقامە کۆمپانیای هەبوو گوتی: ماوەی چەندین ساڵبوو لەو شەقامە چەندین ڕۆداوی هاتووچۆ ڕووی دەدا لەبەرئەوەی ئەو شەقامە چاڵ و چۆڵێکی زۆر هەبوو، بۆیە ڕووداوەکان ڕوویان دەدا لێرەوە دەست خۆشی لەشارەوانی هەولێر دەکەین کە دووبارە ئەو هەڵمەتەی ئەنجامدا هیودارین هەموو شەقامەکە قیرتاو بکرێتەوە.

مامۆستا عەلی دانیستووی گەڕەکی کۆیستان بوو گوتی: ئەو شەقامە زۆرتێکچووبوو چەندین جار ڕۆداوی هاتوچۆ ڕویان دەدا لەبەر ئەو هەموو چاڵ و چۆڵەی کە لەو شەقامەدا هەبوو دەستخۆشی لە شارەوانی هەولێر دەکەین بۆ ئەو قیرتاو کردنە.

کاروانی میوەفرۆش لەنزیک ئەو شەقامە میوە فرۆش بوو گوتی: خۆشحاڵ بووین بەو هەڵمەتی قیرتاوکردنەوەیەی شەقامی 100مەتری خۆزگە شارەوانی هەولێر هەموو شەقامەکانی هەولێری قیرتاودەکردەوە.

بەرپرسێ لقێ ئێک: کوردستان وارگەهێ هەمی ئایین و نەتەوەیانە



سەربەست تروانشی ئەندامێ ئەنجومەنێ سەرکردایەتیا پارتی دیموکراتی کوردستان و بەرپرسێ لقێ ئێک ژبو هایداربون ل سەر ڕەوشا قوتابخانێن کرستیانان ل سەنتەرێ پارێزگەها دهوکێ و ل بەرچافکرنا کێماسێن وان سەرا قوتابخانا نسێبین کر. دڤێ سەردانێ دا ژبللی گەهاندنا پیرۆزباهیا چەژنا قیامێ ل قوتابی و ماموستایان گوهداریا ڕێڤەبەرو ماموستا و قوتابیان بۆ ل سەر ڕەوشا خاندنا کرستیانا ب زمانێ خۆ و کێماسییێن وان بەرپرسێ لقێ گوت، ئەڤروکە زور بەختەوەرم کو ئەز بدیدارا قوتابخانەکێ شادبوم کو زمانێ خوێ دایک دخوێن و دنڤێسین کو ئەوژی زمانێ کرستیانان کو ئەڤەژی وێ چەندێ دگەهینیت کو کوردستان وارگەهێ هەمی ئاینی و نەتەوەیان دیسان بەرپرسێ لقێ ئامادەبونا خۆ بۆ هەر پێدڤیەکا وان دیارکر ڕێڤەبەرو ماموستا و قوتابییێن ڤێ قوتابخانێ سوپاسیا بەرپرسێ لقێ کرژبو ڤێ سەردانێ و پشتەڤانیا وی.

بۆ دەرفەتی خوێندنی بەکالۆریۆس و ماستەر و دکتۆرا زانکۆکانی سێ وڵات پیشانگایەک دەکەنەوە



سەر لە بەیانی دوێنێ، ئەحمەد کانی ئەندامی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی و بەرپرسی لقی دووی پارتی دیموکراتی کوردستان پیشانگای زانکۆکانی هەر سێ وڵاتی تورکیا و ئازەربێجان و پۆڵەندای لە هۆتێلی نێودەوڵەتی هەولێر کردەوە، کە بە مەبەست لە کردنەوەی پێشانگاکە دەرفەتی خوێندنی بەکالۆریۆس و ماستەر و دکتۆرایە بۆ قوتابیانی کورد. پاش بەسەر کردنەوەی بەشی زانکۆکانی ئەو وڵاتانە ،بەرپرسی لقی دوو دەستخۆشی گەرمی لێکردن و ئومێدی خواست زانکۆکان بتوانن کارسانی زیاتر بۆ قوتابیانی کورد بکەن بۆ ئەوەی لە زانکۆ باشەکانی ئەوان بخوێن و بڕوانامەی بەرز بەدەست بێنن تاوەکو بتوانن لە ئایێندەدا خزمەتێکی باشتری کوردستان بکەن.

لە بەرامبەردا ڕاوێژکاری ئۆرنج بۆ پەروەردە کە پیشانگاکەی ڕێکخستووە ،ڕایگەیاند:ئەوان پیشانگاکەیان بۆ خزمەتی قوتابیانی کوردستان کردۆتەوەو ڕەچاوی باری ئابووری و دارایی قوتابیانی کوردستانیشیان کردووە بۆ ئەوەی بتوانن سودە لە دەرفەتەکە وەربگرن.

ڕێژەی بێکاری لە هەرێم بۆ کەمتر لە 10% دابەزیوە

سەرۆکی دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان گوتی، بەپێی ئاماری ساڵی ڕابردوو ڕێژەی بێکاری لە هەرێمی کوردستان 10.2%بووە و بڕیارە حەفتەی داهاتوو ئاماری نوێ ڕابگەیەنن کە بەهۆی باشبوونی دۆخی ئابووریی هەرێمی کوردستانەوە ڕێژەی بێکاری لە 10%کەمتر بووە.

سەرۆکی دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان، سیروان محەمەد، بە مالپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستانی ڕاگەیاند: بەپێی دواین ئامار ڕێژەی بێکاری لە هەرێمی کوردستان 10.2% نەک 11.5%?چونکە ئەوەی ئێمە بڵاومان کردەوە دواین ئاماری بێکاری بوو، بۆیە بڕیارە حەفتەی داهاتوو ئاماری نوێ بڵاو بکەینەوە. سیروان محەمەد گوتیشی: ئێستا دۆخی ئابووریی هەرێمی کوردستان باشتر بووە و قەیرانی دارایی نەماوە، بۆیە ئەم جارە ڕێژەی بێکاری بۆ کەمتر لە 10% کەمی کردووە، چونکە هەڵی کار زیاتر بووە و دۆخی ئابووریش زۆر جیاوازە لەگەڵ ساڵانی ڕابردوو، بۆیە ڕێژەی بێکاریش کەمتر دەبێت. محەمەد ئەوەیشی خستە ڕوو: نەمانی قەیرانی دارایی، کاریگەریی زۆری لەسەر باشتربوونی ئابووریی هەرێمی کوردستان هەبووە، کە ئەمەش لە هەموو ڕوویەکەوە بۆ خەڵکی هەرێمی کوردستان دڵخۆشکەرە.

ئاسایشی هەولێر دەستگیرکردنی تۆمەتبارێکی ڕاگەیاند

لە ڕاگەیاندراوێکدا بەڕێوەبەرایەتیی ئاسایشی هەولێر دەستگیرکردنی تۆمەتبارێکی بە ناوی ئەمیر فارووق ڕاگەیاند کە ئەمە دەقەکەیتی: ئەمڕۆ نیوەڕۆ هێزەکانمان توانییان تۆمەتبار، ئەمیر فارووق، ناسراو بە ئەمیر قولی دەستگیر بکەن، کە فەرمانی دستگیرکردنی هەبوو بەپێی ماددەی 14ی موخەدەرات و پێشتریش لەسەر کەیسی کوشتن حوکم درابوو و پێشینەی لە چەندین تاواندا هەبووە، لەکاتی دەستگیرکردنیشیدا ڕووبەڕووی هێزەکانمان بووەتەوە و تەقەی کردووە و نارنجۆکێکی دەستیی هاویشتووە و پاشان بە برینداری دەستگیر کرا. لێردا هاوڵاتییان دڵنیا دەکەینەوە، وەکو چۆن بەڵێنمان داوە، هیچ تاوانبارێک لە دەستی یاسا ڕزگاری نابێت.

ڕاگەیاندنی بەڕێوەبەرایەتیی ئاسایشی هەولێر
25-4-2019

پرسەو سەرەخۆشی

بەناوی خودای بەخشندە و میهرەبان

هەڤاڵی بەڕێز فەهمی سەلمان

خەمباربووین بە بیستنی هەواڵی کۆچی دوایی باوکی بەڕێزتان خوالێخۆشبوو سەلمان حسنی بیگداودی.

لەم بۆنە خەمناکەدا سەرەخۆشی لە بەڕێزتان و تەواوی خانەوادە و خزم و دۆست و کەسوکارتان دەکەین و هاوبەشی خەمتانین.

لەخوای گەورە داواکارین سەبووری و ئارامی بەهەموو لایەک ببەخشێت و گیانی کۆچکردوویش بە بەهەشتی بەرین شاد بکات.

انالله وانا الیه راجعون

مەکتەبی سیاسی

***

هەڤاڵی بەڕێز ئیدریس عەلی عەلی

بەداخەوە هەواڵی کۆچی دوایی هاوژینی بەڕێزتانمان پێگەیشت.لەم بۆنە خەمناکەدا سەرەخۆشی لە بەڕێزتان و تەواوی خانەوادە و خزم و دۆست و کەسوکارتان دەکەین و هاوبەشی خەمتانین.

لەخوای گەورە داواکارین سەبووری و ئارامی بەهەموو لایەک ببەخشێت و گیانی کۆچکردوویش بە بەهەشتی بەرین شاد بکات.

انا لله وانا الیه راجعون

مەکتەبی سیاسی

سوپاس و پێزانین

بەناوی خوای گەورەو میهربان بەبۆنەی کۆچی دوایی خوالێخوشبێت حاجی مامەند ئەنوەر فەیزی لەدوای سوپاس بۆ یەزدانی مەزن ڕێزو سوپاسمان بۆ مەکتەبی سیاسی (پ.د.ک) بە ئاراستەکردنی بروسکەی ماتەمینی بەڕێزیان بۆ دڵنەوایی خانەوادەکەمان هەروەها سوپاسی بەڕێزان لە ئەندامانی مەکتەبی سیاسی و سەرکردایەتی حزبەکان و ئەندامانی پەرلەمان و وەزیرو پارێزگاری هەولێر و تەواوی دادوەران و ئەندامانی داواکاری گشتی و پارێزەران و مافپەروەران و ژووری بازرگانی و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی و پیاوانی ئایینی بەڕێز و بەڕێوەبەران و پلەداران و ئەفسەرانی هێزەکانی ناوخۆ و گشت بەرپرسانی حکومی و حزبی و کەسایەتیە بەڕێزەکانی شاری هەولێر و عەشایر و گشت خزم و دۆستان و هەموو ئەوانەی بەشداربوون لە مەراسیمی پرسەوە لەکاتی بەخاکسپاردن ئەرکیان کێشاو و تێکرای ئەوانەی لەدەرەوەی شار زەحمەتیان هێنا و بەشداربوون لەگەڵمان و ئەو بەڕێزانەی بە تەلەفۆن و نامە هاوخەمی خۆیان دەربڕیوە، داوا لەخوای گەورە دەکەین سبوری هەموو لایەک بدات و دووربن لەهەموو ناخۆشییەک.

شێروان ئەنوەر فەیزی لەجیاتی بنەماڵەی خوالێخۆشبوو

بە بڕی شەش ملیۆن دیناری عێراقی دوو گاجووتی لە ئێران کڕیوە

جووتیارێکی هەورامان لەبەر سەختیی ناوچەکەیان تا ئێستاش بۆ کێڵانی زەوی گاجووت بەکاردەهێنێت

جووتیارێکی ناوچەی هەورامان تائێستاش بە گاجووت زەویی قەدپاڵی شاخ و چیاکانی هەورامان دەکێڵێت، ئەو دەڵێت کە بەهۆی سەختی ئەو ناوچەیەوە تائێستا پێشکەوتنی تەکنەلۆجیا و ئامێرە کشتوکاڵییەکان نەیانتوانیوە کاری گاجووتی لێژ بکەن و لە ناوچەکەیدا تەنها ئەو گاجووتی هەیە و ئەو کارە دەکات و بژێوی ژیانی خۆیی و خێزانەکەی لەو ڕێگەیەوە پەیدا دەکات.

نەریمان حەمە سالح جووتیارێکی تەمەن 61 ساڵانی دانیشتووی ناوچەی هەورامانە لە سنووری هەڵەبجە، ئەو ماوەی 51 ساڵە بە گا جووتی زەوی گوندەکانی ناوچەی هەورامان دەکات کە بەهۆی سەختی ئەو ناوچەیەوە تائێستا پێشکەوتنی تەکنەلۆجیا و ئامێرە کشتوکاڵییەکان نەیانتوانیوە کاری گاجووتی لێژ بکەن. ساڵانە جووتیارەکان لەسەرەتا تا ناوەڕاستی ساڵ کاری کێڵانی زەویەکانیان ئەنجام دەدەن تاوەکو زەویەکانیان لە کاتی بەرهەمدا بەرهەمێکی باشتریان پێبدات. هەرچەندە بەهۆی پێشکەوتنی تەکنەلۆجیا و هاتنی ئامێری پێشکەوتووی کشتوکاڵی زۆربەی کارەکان لەو ڕێگەیەوە ئەنجام دەدرێن، بەڵام لە چەند ناوچەیەکی کەمی هەرێمی کوردستان بەتایبەت ئەو ناوچانەی سەختن و زەویەکانیان بواری کێڵانی نییە بە ئامێری کشتوکاڵییەکان، تائێستاش گاجووت بەکار دەهێنرێت.

گاجووت لە ڕێگەی گاسنێک کە بە چەند دارێکی بەهێز بەستراوەتەوە بە ملی دوو گاوە بەستراوەتەوە کە پێویستە گاکان بە بەهێزی گاسنەکە ڕابکێشن و زەویەکەی پێبکێڵن، ئەمەش کارێکی زەحمەتە و شارەزایی باشی دەوێت.

لە ساڵی 1968ەوە بە گاجووت زەوی دەکێڵێت

نەریمان حەمەساڵح کە تاکە جووتیاری ناوچەی هەورامانە تائێستا لەسەر ئەو کارە بەردەوامە بۆ ئاژانسی ئانادۆلو دواو باسی لە کارەکەی کرد، ئەو گوتی: لە ساڵی 1968 وە دەستم بە کاری کێڵان کردووە لە ڕێگەی گاوە، لە ئێستا ئەم جۆرە کێڵانە نەماوە و کارێکی زەحمەت و سەختە و بەتەنها ئەم کارە دەکەم.

نەریمان حەمەساڵح گوتی: ئەو گایانەی ئەم کارەی پێدەکەین پێویستیان بە ڕاهێنان و فێرکردن هەیە، سەرەتا کە گوێرەکەن و تەمەنیان گەیشتە دوو ساڵ دەست دەکەین بە ڕاهێنان و فێرکردنیان لەسەر کارەکە و تا ماوەی دە ساڵ دەتوانن کارەکە ئەنجام بدەن، چونکە پێویستە وەک قوتابییەک لەسەرەتاوە فێری ئەو کارەیان بکەین و ئەگەر بەو شێوەیە ڕاهێنانیان پێنەکرێت ناتوانن کاری کێڵانەکە ئەنجام بدەن.

نەریمان کە گایەکانی ماوەی دوو ساڵە لە ئێرانەوە هێناوە و بە بڕی شەش ملیۆن دیناری عێراقی هەردوکیانی کڕیوە، گوتی: ئەم گایانەی من بە باشی ڕاهێنانم پێکردوون، بۆیە ئێستا بە باشی و بەپێی خواستی من کار دەکەن و بە قسەی من کارەکە دەکەن، پێیان دەڵێم بۆ خوارەوە بۆ خوارەوە یان بۆ سەرەوە بۆ سەرەوە دەچن و لە هەموو شوێنێک کار دەکەن.

بۆ یەک کاتژمێر کارکردن 25 هەزار دینار وەردەگرێت

ئەو هەروەها دەڵێت: تا ساڵی هەشتاکان گاجووت لەم ناوچەی هەورامانەدا زۆر بوو، بەڵام لە ئێستادا کەس تاقەتی ئەم کارەی نەماوە و لەم ناوچەیەی هەورامانداو تەنها من ماومەتەوە کە کاری گاجووتی دەکەم بە گاکانم، ئەو کەسانەشی کاتی خۆی گاسنەکانیان دروست دەکرد کۆچی دواییان کردووە و نەماون و کەس نییە ئێستا دروستیان بکات.

ئەم جووتیارە لە ئێستادا بۆ بژێوی ژیانی خۆی بەردەوامە لەسەر کارەکەی و بۆ یەک کاتژمێر کارکردن بە گاجووت بڕی 25هەزار دینار وەردەگرێت، بەڵام وەک خۆی دەڵێت کارێکی پڕ زەحمەت و سەخت و مەترسیداریشە بەهۆی بوونی ژمارەیەکی زۆری مین و تەقەمەنییەوە لە ناوچەکەدا، پێش 15ساڵ و لە کاتی کێڵانی زەویەکانی ناوچەکەدا مینێک پێیدا تەقیوەتەوە، بەو هۆیەشەوە جگە لە بریندار بونی خۆی دوو گاکەشی لەدەستداوە.








پێداویستیەکانی پرۆگرامی خوێندن چین؟

پێویستە لە قۆناغی سەرەتاییەوە پرۆگرامێکی گونجاوی خوێندن دابنرێت بە ئاڕاستەی گەڕاندنەوەی هەستی نەتەوەیی و بەرپرسیاریەتی قوتابی بەرامبەر بە وڵات



حەسەن هاشم باڵەکی

خوێندن و خوێندەواری پێداویستییەکی گرنگی هەر کۆمەڵگەیەک و نەتەوەیەکە بۆ پێشکەوتن و داهێنان و بەرێکردنی کار و بارەکانی ژیانی ڕۆژانە لە ڕێگەی کەسانی زیرەک و وشیار و خوێنەرو خوێندەوار ، پرۆگرامی خوێندن لە کوردستاندا جیاواز و پر بابەتە دەبینین قوتابی لە ماوەی ساڵانی خوێندنی دا چەندین بابەتی جیاواز و هەمەجۆر دەخوێنێت و زانیاری و بابەتی زۆر وە دەست دەخات تا دەگات بە زانکۆکان و دیاریکردنی بواری تایبەتی خۆی، بەڵام گەر پرۆگرامی خۆمان بەراورد بکەین بە وڵاتانی وەک: یابان و سەنغافورا ، فنلەندا و سویسرا، دەبینین چەندە بابەتی زۆر و جیاواز دەخوێندرێن، بەڵام تا ئێستا گرنگی نەدراوە بە هەندێ بابەت کە زۆر پێویستە لە وڵاتێک هەبن.

ئەو بابەتانەی پێویستە هەبن وەک: پێویستە کتێبێک هەبێت تایبەت بە خۆشەویستی وڵات و بۆنە و یادە گرنگە نەتەوەییەکان بێت کە باس لە خۆشەویستی وڵات و خۆشەویستی ئاڵا و خاک و نیشتیمان و باس لە مێژووی تایبەتی نەتەوەی کورد بکات و زیاتر گرنگی بەو بابەتە مێژوویانە بدرێت کە کورد توانیویەتی سەرکەوتن بەدەست بهێنێت و مێژوویەکی پڕ لە سەروەری بووە بەپێی سەردەمە جیاجیاکان، بۆ ئەوەی قوتابی ئاشنای مێژووی جوان و سەرکەوتنەکانی نەتەوەکەی بێت ئەمەش وادەکات قوتابی مێژووی نەتەوەکەی بزانێت و ئاشنای قۆناغە جیاجیاکانی نەتەوەکەی دەبێت کە پێیدا تێپەڕ بووە، بەڵام ئێستا دەبینین لە پرۆگرامی خوێندن بابەتی کۆمەڵایەتی دانراوە لە قوتابخانەکان کە زیاتر تیشک خراوەتە سەر ئەو بابەتە مێژوویانەی کە کورد شکستی تیادا هێناوە و یان کوردەکان بە مەزڵوم و شکست خواردوو نیشان دەدەن یان کوردەکان خۆخۆر و خیانەتکار بوونە بەرامبەر یەکتر کە ئەمەش کاریگەری لەسەر قوتابی دەبێت کە هەست بە کەمی و بێ هێزی و لاوازی نەتەوەکەی دەکات کە نەیتوانیوە هیچ یەکێ لە سەردەمەکان سەرکەوتووبێت و سەرکەوتن بەدەست بهێنێت بەڵکو هەر ژێرکەوتوو شکست خواردوو بووە، بۆ نموونە وەک مێژووەکەی پۆلی شەشەمی ئامادەیی کە باس لە میر و سەرکردەکان دەکات لە هەمان کاتدا باس لە شکست و خیانەتی میر و سەرکردەکانیش دەکات، ئەمەش تا ڕادەیەک کاریگەری دەروونی دەخاتە سەر قوتابی کە لە قۆناغی چوارەمی سەرەتاییەوە ئەم بابەتانە دەخرێنە بەر دیدی قوتابیان و دەخوێنرێن تا پۆلی شەشی ئامادەیی.



پێویستە کتێبێک هەبێت تایبەت بە پەروەردەی قوتابی بێت کە هەر لە قۆناغی سەرەتاییەوە تا پۆلی نۆیەمی بنەرەتی بخوێندرێت دەربارەی ژینگە پاریزی و پاک و خاوێنی و دەست پاکی و ڕاستگۆیی

زمانی ئینگلیزی، کە کاریگەری زۆر نەرێنی دروست دەکات بەتایبەت لەسەر زمانی کوردی و زمانی دایکی قوتابی کە ناچاری دەکات ئەوەندەی گرنگی بە زمانی بیانی ئینگلیزی بدات گرنگی بە زمانی کوردی نەدات دەتوانین بڵێین هەر پشتگوێی دەخات، تەنانەت کێشە بۆ مامۆستایانی بابەتەکانیتریش دروست دەکات ، چونکە هەر لە سەرەتاییەوە فێری ژمارە و جاران و کۆکردنەوە و دابەشی ئینگلیزی دەبێت کە دواتر ئەم قوتابیە پێویستی بە مامۆستایەک دەبێت بۆ ئەوەی دووبارە فێری ژمارە و بیرکاری کوردی بکات کە ئەستەمە، هەروەها ناوی بەرچاو گرنگی دەدرێت بە زمانی ئینگلیزی و بەهیچ شێوەیەک خۆشەویستی و گرنگی دان بۆ زمانی دایک نەماوە، تەنانەت ئێستا هەر لە قۆناغی یەکەمی سەرەتاییەوە هەردوو بابەتی زانستەکان و بیرکاری لە زمانی کوردیەوە گۆڕدراون بۆ ئاژەڵەکان و ناوی بەشەکانی جەستەی مرۆڤ و بابەتە زانستیەکان بە ئینگلیزی فێردەبێت و بەکوردیەکەی نازانێت و فێری نابێت، ئەم گۆڕانکاریە لەسەر قوتابیان تاقی کرایەوە ، بەڵام لەزۆرێک لە پەروەردەکان شکستی هێناو ئێستا هەردوو بابەتی بیرکاری و زانستەکان بە زمانی ئینگلیزی دەخوێنرێن و لە زۆر قوتابخانەی تایبەتیش هەر بەو شێوەیە دەخوێنرێن ، ئەمەش کاریگەری نەرێنی لەسەر قوتابی دروست کردووە و لە زۆر بابەتیش قوتابی ناچار دەکات کە بە زمانی ئینگلیزی بابەتەکان بخوێنێتەوە و لە وەڵامدانەوەی پرسیارەکانیش بە ئینگلیزی وەڵام بداتەوە



کوردستان...
سەرزەمینی هەزار و یەک رەنگی پێکەوەژیان



مقداد شاسواری

لێرەو لەوێ، لە باشووری کوردستان و لە پارچەکانی دیکەش، لە ئەنقەڕەو لە تاران، لە پایتەختە عەرەبیەکان، لە ئەمریکاو ئەورووپا و هاوپەیمانانی دژە تیرۆر، لە بەغدا بەحکومەت و پێکهاتەکانی دەرەوەی حکومەت، لە باڵە زۆر و زەبەندەکانی شیعەو لە لایەنە پەرتەوازەکانی سوننییەکان، لە مسوڵمانەکان و کریستیان و هەموو ئایینزاکان، لە خەڵکی مەینەتباری شارە عەرەبیە عێراقیەکان هەر لە بەسراوە هەتا موسڵ، هەرکاتێ رووداوە ترسناکەکان و ئاریشە جیاوازەکان تەنگیان پێ هەڵدەچنێ، هەرکاتێ پێشهات و پرسە سیاسیەکان دەبن بە گرێکوێرەو ددان پەنجەکانی ئەوان توانای کردنەوەیان نابێ، هەرکاتێ مەزهەبەکان شیر و تیر لێکدی دەسوون، هەرکاتێ ناکۆکیەکانیان دەگاتە ئاستی تەقینەوە، هەرکاتێ گلۆڵە بەنی پێکەوەبیان تێکدەئاڵۆسکێ، هەرکاتێ مێشکیان بێجگە لە سڕینەوەی یەکدی و کوشتن و بڕین و تۆقاندن و خوێن و تەقینەوە زیاتر هیچیدیکەی تێدا نامێنێ، هەرکاتێ مەزهەبەکان لە ترسی یەکدی و، هەموویان لە ترسی داعش و تیرۆر هەموو کونێکیان لێ پڕ ئاو دەبێ، تەنها یەک ناو، یەک کەس، یەک باوەشی پڕ لە میهرەبانی، یەک بەڵێنپێدەری راستگۆ شک دەبەن هانای بۆ بەرن... ئەویش سەرۆک مسعود بارزانی و هەرێمی ئاسوودەیی و هێمنایەتییە. هەموان کاتێ پێویستیان بە فریادرەسێک دەبێ تا بەر لە نغرۆ بوونیان بگرێ لەنێو زەلکاوی ملهوڕی و ناتەباییدا...

کاتێک هەموو هەوڵە نەزۆکەکان بە ئاراستەی ئاشتەوایی و پێکەوەژیان لەنێو کۆڵانە بنبەستەکانی حزبایەتی و ئایینی و مەزهەبی و نەتەوەیی و ڕەگەزپەرستی، ڕێگەی هەنگاونانی بەرەو دەرچوون نامێنێ، پێکڕا و تێکڕا هاوار بۆ " سەرۆک بارزانی" دێنێ. چونکە ئەو سیمبولی ئاشتەوایی وپێکەوەژیانەو، گرێ و تەلیسمی هەموو ناکۆکیەکان تەنها بە سەرپەنجە سیحراویەکانی ئەو دەکرێتەوە.

هەرکاتێک عێراق وەکو بەلەمێکی مقەبایی تێکشکاو دەکەوێتە بەر هەڕەشەو پەلامارەکانی شەپۆلە وێرانکاریەکانی دەریای هاروهاجی کێشە ئاڵۆزەکان و، دەکەوێتە سەر لێواری وێرانی و داروخان ئەوجا بەهەموو نەتەوە و ئایین و ئایینزاکان، بە عەلمانی و ئیسلامییەکان، بە تووندڕەو و میانڕەوەکان، بەهەموو تەیار و بزوتنەوە و جەیشە عەنتیکەکان و بە ئەفەندی و عەباپۆشەکان و بە لیبراڵ و رادیکاڵ و نیمچە دیموکرات و، بە حوکمڕان و ئۆپۆزسیۆنەکان وەکو مێرووڵەی سەرلێشێواو، ملی ڕێگەی هەوڵێری شاری شاران و ژوانگەی چارەسەرەکان و پایتەختی هەزار و یەک ڕەنگی پێکەوەژیان و شاری ئاشتەوایی دەگرنەبەر، چونکە دەزانن سیحر و جادووی هەموو کێشە بێ چارەسەرەکانیان لێرە، لە هەولێری ئارامیی و خۆشەویستی و لانکەی مرۆڤایەتی و پایتەختی کورد و بارەگای بارزانی و، ئامێزی برایەتی و پێکەوەژیان... دەکرێتەوە.

کاتێک شیعەو سوننەکان بەتێکڕا دەبن بە کارەکتەری فیلمە ترسناکەکان و بە تەور و درێل و هەموو چەشن و ئامێرەکانی کوشتن و پارچەکردن و کەوڵکردن دەکەونە وێزەو کوشتنی یەکدی دواجار "سەرۆک بارزانی" دەبێتە نێوەندگیریان و بانگهێشتیان دەکات بۆ " هەولێر"ی ژیاندۆستی و خۆشەویستی و مرۆڤدۆستی و، گوڵی ئاشتەواییان لە یەخە دەدا و بەڕێیان دەکات.

"ئێمەش دەمانەوێ وەکو کوردستانەکەی مسعود بارزانی لە خۆشگوزەرانیدا بژین" دەدرێنە بەر ڕێژنەی گوللەو خوێنیان دەڕژێ.

ئەوسا کە لەبری نان و ئاو، تلیاک و حەشیشەیان بەسەر دا دەڕژێ و کە داوای خزمەتگوزاریش دەکەن لە حکومەتەکەی خۆیان گوللەیان بەسەردا دەبارێ، کەچی بە فەرمانی "سەرۆک" کاروانی خێرخوازیی بارزانی بەرەو شارەکەیان بەرێ دەکەوێ و خۆراک و، ئاوی زوڵاڵ و شیرینی کانیاوی کوێستانەکانی بۆ دەچێ.

ئیدی لەگەڵ نۆشینی هەر قومێک لەو ئاوە سازگارە دوعا و نزای خێر بۆ "سەرۆکێک" دەکەن کە هەمیشە میهرەبانی و دلسۆزییەکەی خۆی و، هەستی باوکایەتی و مرۆڤدۆستییەکەی خۆی، هێندەی بە گەلەکەی خۆی دەبەخشێ هێندەش دەبەخشێتە مرۆڤە لێقەوماوەکانی دیکە.

کاتێک بەناوی فلان و فیسار ڕێکخراوی تونداڕەوی ئایینی و، ڕۆژێک لە ژێر دروشم و ئاڵای جەیشی فلان و بزووتنەوەی فیسار دەکەونە کوشتن و قڕکردنی کریستیان و تەقاندنەوەی کڵێساکانیان، تەنها باوەشی کورد و بارزانی والاّ دەبێ بۆیان و ڕوو لە هەولێرێک دەکەن کە تێیدا هیچ دیوار و سنووڕێک لەنێو ئایینەکاندا نیەو هەموان تێکەڵاو و بێ جیاوازیی ئایین و ئایینزاو بیروبۆچوونەکانیان ژیان دەگوزەرێنن و کەس بە کەس ناڵێ "ئەرێ تۆ لەسەر چی دینێکی"؟ کاتێک سوننەکان پاکتاوی مەزهەبی دەکرێن و لەترسی شیعەکان هەڵدێن و لە کوردستان ئاسوودەتر شوێنێکی تر شک نابەن بۆ ژیان، کاتێک دڕندەکانی داعش لەنێو لاپەڕە تۆزگرتووەکانی میژووی کوشتار و خوێن و تۆقین دەردەپەڕن و پەلاماری ژن و منداڵ و ساغ و نەخۆش و ورد و درشتی مەخلوقاتی خوداوەند دەدەن و دەست لە کوشتنی کەس ناپارێزن و هیچ سنوورێک بۆ مرۆڤایەتی و، هیچ بەهایەک بۆ ئەخلاق و ڕەوشت و تەنانەت هیچ نرخێک بۆ یاساکانی جەنگ و، هیچ بەزەییەک بەرامبەر زارۆک و پیر و پەککەوتەو بیمار و نەخۆشان ناهێڵن و وەکو ڕەوە گورگی برسی کەڵبە تیژەکانیان لە جەستەی بێگوناهی هەموو ئەوانە گیر دەکەن کە دەکەونە بەر نیگا تەلخ و خوێناویەکانیان... ئا لەو تەنگانەو ڕۆژی حەشردا ئەمریکا و هەموو هاوپەیمانانی دژە تیرۆر بەدوای "پێشمەرگەیەکدا دەگەڕێن لە پێگەی سەرۆک" دایە تا فەرماندەیی تێکشکاندنی ترسێنەرترین لەشکری تیرۆر بکات و، هەموان ئاراستەی بیر و هۆش و هاوار و هانایان بۆ سەرزەمینی هێمنایەتی و خاکی پیرۆز و ولاتی بەقەبارە بچووک و بەمیهرەبانی هێندەی ئاسمان پان و بەرین و بۆ باوەشی بێجیاوازیەکان و بۆ هەولێری لانکەی ژیان و جوانی و ئارامیی دەچێ و ڕوو لێرە دەکەن تا لە بازنەی ڕەشی مەرگهێنەران و ڕەشپۆشە بێ بەزەییەکان و شمشێر بە دەستانی خەلافەتی مارمووڵەکخۆرانی بیابان دەرچن و خۆیان بگەیەننە نێو باخچەی هەزار و یەکڕەنگی ئایینە جیاوازەکان و نەتەوە جیاوازەکان و زمان و کەلتوورە جیاوازەکان لەژێر ئاسمانێکی شینی پڕ لە پەلکە زێڕینەی ڕەنگاوڕەنگ کە بێجگە لە میهرەبانیی و سەخاوەت و دڵکەورەیی و ژیاندۆستی و هەناسەی عەشق و خۆشەویستی و ڕێبازێک کە مرۆڤایەتی لەلای، لەپێشەوەی هەموو بەهاکانە، ڕێبازێک کە سەرۆک و پێشمەرگەکانی دیوارێکی هەمیشە پۆڵایین و پەرژینێکی دڵنیایین لەنێوان مەرگدۆستان و ژیاندۆستاندا، ڕێبازێک کە مەرجی کوردبوون تێیدا پەیوەستە بە مرۆڤبوون، کە فەلسەفەی ڕێبازەکەی کورتکراوە و گوشراوی ڕۆحی هەموو ئایینەکانە کە ئەخلاقەو، هیچی تر...

ڕێبازێک کە جوانیی و ژیان بەدار و درەخت و گیاو سەوزە و میرروو و باڵندەو خاک و ئاو و هەوا دەبەخشێ.

ڕێبازێک کە تێیدا مرۆڤ بەشێکە لە سرووشت و دەبێ ڕێز و نرخ بۆ زەمین و ئاسمان دابنێ. ڕێبازێک کە فرمێسکەکانی "سەرۆک" بۆ هەموو لێقەوماوێکی سەر گۆی زەوی، وەکو یەک و بە یەکسانیی دەتکێ و دڵی هێندە گەورەیە شوێنی هەموو ئاوارەو دەربەدەر و بێ لانەو بێ وارێکی تێدا دەبێتەوە.

ڕێبازێک کە سەرۆک و پێشمەرگەکانی ئەفسانەی دڕندەترین و خوێنڕێژترین و بێ بەزەییترین و پڕچەکترین و دڵڕەقترین و گورگسیفەتترین و بێ ئەخلاقترین و ملهوڕترین سوپای وێرانکەری سەردەم واتە داعشیان تێک و پێک شکاند و تەفروتونایان کردن.

دەبینین کاتێک لە موسڵ، بەلەمێک سەراوژێر دەبێت و پتر لە سەد و بیست ئافرەت و زارۆک و گچکەو گەورە نوقمی نێو ڕووبار بوون و خنکان، زیندووەکانی شارەکە ترس و وەحشەت بەرۆکیانی گرت و هانایان بۆ "سەرۆک" هێنا. ئەوان هاواریان دەکرد " داوا دەکەین سەرۆک بارزانی حوکمڕانیمان بکات و موسڵ بچێتە باوەشی کوردستان"... ئەوان دەیانەویست لە ولاتێک بژین کە "بارزانی" تێیدا سەرۆکەو، دەیانەویست لە شوێنێک بژین " ڕێزیان لێ بگیرێ و ئاسایشیان هەبێ و ئەمنیەتیان هەبێ".. ئەوان تەنها دەیانەویست بژین. ئەوان داوایان دەکرد لە قەڵەمڕۆی مەرگ و گەندەڵی دەربەچن و بێنە لەبن ڕەشمالێکی ئاواریی، کە مۆڵگەی ژیان و ئاسوودەییە بژین.

هەمووان لێرەو لەوێ، لە ڕۆژی لێقەوماندا هاناو هاوار بۆ "سەرۆک بارزانی" دێن و هەرکاتێکیش هەڕەشەی جەنگ و تیرۆر و کوشتن و ئاژاریمان لەسەر لادەچێ دەگەڕێنەوە سەر سرووشتی سپڵەیی خۆیان، بەڵام ئێرە، سەر زەمینی مرۆڤایەتی بێ بەرامبەر و بەردەوامە. هیچ کاتێک نە لە ئەدگار و ئاکارە مرۆڤایەتیەکانی دا پاشگەز دەبێتەو و نە خەسڵەتە خواییە جوانەکانی مرۆڤدۆستانەی خۆی لە دەست دەدا و نە باوەش و ئامێزی دڵدەدانی بۆ لێقەوماوان دادەخاو، هەمیشە بە پەیڕەوی لە ڕێبازە مرۆڤدۆستانەکەی خۆی و بەهاناوەچوونی هەموو لێقەوماواندا کوردستان بە سەرزەمینی ژیاندۆستی و لانکەی پر لە میهری مرۆڤایەتی و شوێنێک بۆ ژیانی هەمووان دەمێنێتەوە. چونکە ئێمە پەروەردەو گۆشکراوی ڕێبازی ژیان و ئەخلاق و مرۆڤدۆستیین هەر وایش دەمێنینەوە.



سەلاح بەیتولا ئاکرەیی

لەپێناو بەرژەوەندیی خەڵکی کوردستان نەک پێچەوانەکەی

هێندێ لە حزبە سیاسیەکان بە تایبەت حزبە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان سەرباری ئەوەی کە خۆیان بە حزبی نیشتمانپەروەر و کورد پەروەر دەزانن، بەڵام بە داخەوە دروشمەکانیان شتێکە و واقع حاڵیان شتێکی تر. شایانی گوتنە هەر حزبێکی سیاسی کوردستان ئەرک و بەرپرسیاریەتی نیشتمانی لە سەرە، بوبە هەرگیز نابێت حزبێک یان چەند حزبێکی سیاسی لە ئاراستەی پرەنسیپی بەرپرسیاریەتی نیشتمانی لابدات و لە پێناو بەرژەوەندیی تەسکی حزبی و تاکەکەسی ئاماده بێت بەرژەوەندیی گەل و ولاتەکەی پشتگوێ بخات و ڕوبەڕوی ئەزموونی ولاتەکەی ببێتەوە هاوشانی دوژمنان و داگیرکارانی کوردستان. ئەرکی حزبی سیاسی چ لە دەستەلاتدا بێت یانیش ئۆپۆزسیون بێت پێویستە ئەم دو پرەنیسپە لە بەرچاو بگرێت یەکەمیان بەرژەوەندیی خەڵک و دووەمیان ئاسایشی نیشتمانی بە پێچەوانەوە دەکەوێتە نێو بازنەی خیانەتی نیشتمانی. ئەوەی کە ئێمە لە کون ولە ئێستادا بە چاوی خومان لە هێندێ حزبی سیاسی دیاریکراومان بینیوە و دەبینین خو بە خاوەن نەزانینیانە بو گەل و ولات، لەمەش بەولاتر دژایەتی هەرچەشنە ڕەوشێکی سیاسی دەکەن کە لە بەرژەوەندی خەڵکی کوردستان دا بێت، بۆیە زۆر جار خەباتی شاخیشیان دەکەوێتە ژێر پرسیار گەلێکەوە، هەرێمی کوردستان بەرەو ڕیفراندومی سەربەخۆیی هەنگاوی هاویشت کە ئەمە خەونێکی لە میژینەی هەر کوردێکی دڵسۆزو بە شەرەفی کورد لە هەر شوێنێک بێت بە سەرکردایەتی کردنی ڕێبەری کورد هێژا بارزانی، کەچی بینیمان چەند کەس و باڵێکی نێو حزبێکی سیاسی تری هەرێمی کوردستان بەشێوەیێکی نەخشە بو دارێژراو و بە هەموو هێزو توانایەکیانەوە هاوشانی داگیرکارانی کوردستان سەنگەریان لە پرۆژەی ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی کوردستان گرت و ئەمە و نیوە زیاتری خاکی پیروزی کوردستانیان ڕادەستی نەیارە سەرسەختەکانی گەلی کوردستان کرد و ئامانجی سەرەکیشیان لە ناو بردنی ئەزموونی هەرێمی کوردستان بوو لە پێناو ڕازیکردنی داگیرکەرانی کوردستان. شاراوە نییە لە هەرولاتێکی تری دونیادا خیانەتێکی مەزنی لەم چەشنە ئەنجام بدرێت مولەتی یاساییان لێ دەسێندرێتەوە و دەکەونە بەر توندترین سزای یاسایی و ئینجا سزای گەل و لە گوڕەپانی سیاسیشدا هەتا هەتایە ڕێگەیان پێنادرێت بەشداری بکەن لە پڕوسەی سیاسی ولات دا بە هیچ شێوەیێک. بوبە ئەمڕو لە هەر کاتێک زیاتر دەسەلاتی سیاسی هەرێمی کوردستان پێویستە بەرەو بە دامەزراوەیی بوون هەنگاو هەڵێنێت و هەوڵ بدرێت پرەنسیپی سەروەری یاسا بکرێتە پێوەری سەرەکی حوکمڕانی ولات تاکو هەموو ئەو شتانەی کە لە ئاراستەی ئاسایی خۆیان پێشتر چونەتە دەرەوە بکەونەوە سەر ئاراستەی ئاسایی و ببین بە خاوەن گەل و کوردستانێکی بە هێز. بە پێچەوانەوە بۆشاییەکان فراوانتر دەبن و ئەو کوردستانە بە هێزەی کە ئێمە هیوای بو دەخوازین هەرگیز دروست نابێت .لە کوتایی دا ئەوە دوپات دەکەمەوە کە ئەرکی حزبی سیاسی پێش هەموو شتێک بەرگریکردنە لە گەل و نیشتمان نەک پێچەوانەکەی.

گرنگی کاراکردنەوەی پرۆژە یاسای دامەزراوەی سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان



وەیسی سەعید وەیسی

دوای ئەوەی بەپێی یاسای ژمارە(١٠)ی ساڵی ٢٠١٨لەخولی چوارەمدا پەرلەمانی کوردستان دامەزراوەی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستانی هەڵپەسارد هەر لە یاساکەشدا بریاردرابوو لەخولی بەهارەی ساڵی یەکەم لەخولی پێنجەمی هەڵبژاردنی پەرلەمان یاساکە کارا بکرێتەوە.

بۆیەش لەسەر داوای زۆرینەی پەرلەمانتاران لە فراکسیۆنە جیاجیاکان لە دانیشتنی ژمارە(٣)ی ئاسایی خۆی دا پەرلەمانی کوردستان یەکەمین خۆبندنەوەی بۆ(پێشنیازی یاسای کاراکردنەوەی دامەزراوەی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان ـ عیراق وهەموواری شێوازی هەڵبژاردنی سەرۆک تا پەسەندکردنی دەستوور)ئەنجام دا. ئەمەش جگەلەوەی کارێکی یاسایی بوو لەهەمان کاتیشدا ئەرکێکی گرنگی نیشتمانی بوو چونکە دامەزراوەی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان دامەزراوەیێکی نیشتمانییە و پەیوەستە بەهەموخەڵکی کوردستان. بۆیەش نەدەکرا چیترکوردستان لەبۆشایی یاسایی دا بێت و بەبێ دامەزراوەی سەرۆکایەتی هەرێم بێت چونکە بەکارانەکردنەوەی دامەزراوەکە گرفت و لەمپەری یاسایشی لەبەردەم ناوهێنان و راسپاردنی کابینەی نوێیەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستان دروست کردووە، کەوابۆ(5)مانگ دەچێت خولی پێنجەمی پەرلەمان سوێندی یاساییان خواردوە کەچی تائێستاش کابینەی حکومەت متمانەی وەرنەگرتووە. بۆیەش بەدڵنیاییەوە بەکارانەکردنەوەی دامەزراوەکە یاساکە هەنگاو و قۆ ناغی گرنگ دەهاوێژرێن بە ئاراستەی زیاتر خزمەتکردنی کوردستانیان و ئاوەدانکردنەوەی کوردستان وەنەبێت ئەم پرۆژەیەش تەنها هی لایەنێک یاخود هی فراکسیۆنێک بێت یاخود دیارتر تەنها هی فراکسیۆنی پارتی نیە بەڵکو ئەندامانی زۆربەی فراکسیۆنەکانی نێوپەرلەمان واژۆیان کردووە و داوای کاراکردنەوەی یاساکەیان کردووە، چونکە لە تێروانینی فراکسیۆنی پارتی یاساکە و دامەزراوەکەش ڕەهەندی نیشتمانییان هەیە گرنگیشە سەرجەم ئەو یاسا و پرسانەی ڕەهەندی نیشتمانیان هەیە کۆدەنگی و تێڕوانینی هاوبەشیان لەسەر هەبێت، بەڵام ئەمەش مانای ئەوەی ناگەێنێت بەم بیانوە چیتر یاساکە دوابکەوێت ڕێگری لە ڕێکارە یاساییەکان بگیرێت، ئێستاش دوای خۆبندنەوەی یەکەم لەلایەن دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان پرۆژە یاساکە ئاراستەی لێژنەی یاسایی کراوە وکات لەبەردەم سەرجەم فراکسیۆنەکان ماوە تا دید و سەرنجی خۆیان لەبارەیەوە پێشکەش بکەن، لێژنەکە بۆ زیاتر دەوڵەمەندکردن و بەهێزکردنی پرۆژەی یاساکەوە سەرجەم تێبینی و ڕاکانی تریشیان بۆکاتی نووسینەوەی دەستووری هەمیشەیی هەرێمی کوردستان ئامادە بکەن، چونکەلەوێ بریاری یەکلاکەرەوە دەدرێت لەسەرچۆنیەتی هەڵبژاردنی سەرۆک ودەسەلاتەکانی، کە ئەم قۆناغەی ئێستای کوردستان پێویستی زیاتری بەهەماهەنگی ولێک تێگەیشتن هەیە بۆ بونیاتنانی دواڕۆژێکی ئاسوودە و بەختەوەر بۆ کوردستانیان.

خوای گەورە هاوکار و پشتیوانی هەموولایەک بێت.

بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێکردنی هەولێر
ژمارە:٦٨٦/٢٠١٩
ڕێکەوت: ٢٠١٩/٤/٢٤
ئاگاداری
بۆ قەرزار (کەمال حمید احمد) شوێنی نیشتەنی نادیار
لەبەر نادیاری شوێنی نیشتەجێتان و نیشتەنی هەمیشەیی یا کاتی هەڵبژێردراوتان نییە بۆ پێ ڕاگەیاندنتان لەبەر ئەوەی بەپێی مادەی (٢٧) ی یاسای جێبەجێکردنی بڕیار درا لە ڕێگای ڕۆژنامەیەکی ناوخۆ ئاگادار بکرێنەوە بەبڕیاری جیابەندی جێبەجێکردنی (الحجز التنفیذی) لەسەر (١٩/٢٠١ ك ٤٦ وارش) لەبەر ئەوەی پێویستە لەسەرتان ئامادەبن لەبەردەم ئەم بەڕێوەبەرایەتیە لە ماوەی (١٠) دە ڕۆژ لە ڕۆژی دوای بڵاوبوونەوەی ئەم ئاگادارییە بۆ دانەوەی بڕی پارەی (١٣٠,٠٠٠,٠٠٠) ملیۆن دینار بۆ خاوەن قەرز (منصور حمد سلطانی) بەپێچەوانەوە ئەم بەڕێوەبەرایەتییە هەڵدەستێت بەفرۆشتنی (١٩/٢٠١ ك ٤٦ وارش) ئامازە پێ کراو بەپێ یاسا.
جێبەجێکاری داد / هەردی حمدامین همزه
***
دادگای بەرایی هەولێر/٦
ژمارە/ ١٥٤٠/ب٢٠١٨/٣
ڕێکەوت: ٢٠١٩/٤/٢٣
پێڕاگەیاندن
بۆ/ داوالێکراو (شیرو حسن صالح)
داواکاران (دلخوش یاسین اسعد) داوای ژمارە (١٥٤٠/ب٢٠١٨/٣)ی لەم دادگایە تۆمارکردووە لە سەر (شیرو حسن صالح) وە لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی ئیشعاری مختاری (هەولێر گەڕەکی مهاباد و ٩٢) لە ٢٠١٨/٦/٦ بڕیە ئەم دادگایە بڕیاری دا بە پێراگەیاندنت بەداوای (نۆژەن و تێکهەلکێش) کە داواکاری داوای تەواوی بری زیرەکانی دەکات کە (٥٠) پەنجا مسقال زیرە لە ڕێگای دوو ڕۆژنامەی ڕۆژانەی ناوخۆیی بەمەبەستی ئامادە بوونت لەبەردەم ئەم دادگایە بۆ ڕۆژی دادبینی (٢٠١٩/٥/٦) کات (٩)ی بەیانی بە پێچەوانەوە دادبینی بە پاشملە ئەنجام دەدرێت.
دادوەر/ حسین علی محمد
***
دادگای باری کەسی هەولێر/٢
ژمارە:٤٦٢/ش٢٠١٩/٢
ڕێکەوت:٢٠١٩/٤/٢٥
جاردان
بۆ داوالێکراو ڕێژین فاروق فائق شوێنی دانیشتنت نادیارە
دادگا لە داوای ژمارە ٤٦٢/ش٢٠١٩/٢ وە لەبەروارى ٢٠١٩/٤/١٠ بڕیاریدا لەسەر مشاهدة لەنێوان تۆ و داواکار بوتان کریم صالح لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی ئیشعاری موختاری هەولێر/ ٥ حسارۆك بۆیە دادگا بڕیاری بە پێراگەیاندنت بەهۆی دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی تۆ مافی نارەزایی و پێداچوونەوەت هەیە لەماوەی یاسایی ١٠ دە ڕۆژ لە ڕۆژی بلاوکردنەوەی ئەم جاردانە, بە بەپێچەوانەوە بڕیارەکە پلەی بنبر وەردەگرێت.
دادوەر/طارق حسین کریم
***
سەرۆکایەتی لیژنەی دووەمی زەوی دەست بەسەراگرتن لە هەولێر
ژمارە: ٣٥
بەروار: ٢٠١٩/٤/٢٢
ئاگاداری
سەرۆکایەتی لیژنەکەمان هەڵساوە بە ڕاستکردنەوەی ناوە-
لەسەر داوای (پوشو ابراهیم علی) کە داواکاریەکەی داهاتووە لە بەروارى ٢٠١٩/١/٢١ داوا دەکات ڕاستکردنەوەی ناوی بۆ بکرێت لە (ابراهیم علی محمد) بۆ (ابراهیم علی حمدانی) لە بڕیاری تەسویەی پارچە زەوی ژمارە (١/٨) (٤) کەرتی ١٤٨/اومراوە کە لەسالانی تەسویە بەهەلە تۆمارکراون, جا هەر کەس و لایەنێك بەرهەلستکاری هەیە لەسەر ڕاستکردنەوەی ناوەکە ئاگادارمان بکاتەوە لەماوەی (١٥) ڕۆژ لە بڵاوکردنەوەی ئاگادارییەکە بەپێچەوانەوە لیژنەکەمان کارەکەی ئەنجام دەدات بەپێی یاسا.
سەرۆکی لیژنە / کاوە جعفر محمود
***
دادگای باری کەسی عەنکاوە
ژمارە: ١٧٦
ڕێکەوت: ٢٠١٩/٣/٢٨
جاردان
بۆ داوالێکراو/ حیدر خالید عبدالرضا شوێنی نیشتەجێبوون نادیار.
داواکار (نور الهدی علیوی ناصر داوایەکی لەسەرت تۆمارکردبوو بە ژمارە (٣٢٦ / ش / ٢٠١٨) تێدا داوای حضانة لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێبوونت نادیارە بەپێی اشعاری موختاری گەنجان ستی بۆیە دادگا بڕیاریدا پێراگەیاندنت لەڕێگەی دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی هەرێمی کوردستان بۆ ئامادەبوونت لەڕۆژی دادبینی ڕێکەوتی ٢٠١٩/٥/٨ کاتژمێر ١٠:٠٠ی بەیانی لەگەڵ نا دادبینی دەرهەقت بەپاشملە ئەنجام دەدرێت بەپێی یاسا.
دادوەر/ ظاهر محمد مصطفی
***
فەرمانگەی دادنووسی (یەکەمی هەولێر)
ئاگاداری
بەروار: ٢٠١٩/٣/١٢
بەپێ ئەو داواکارییەی کە پێشکەش کراوە بۆ ئەم فەرمانگەیە لەلایەن (عباس عبداللە پیرۆت) لە بەرواری ٢٠١٩/٣/١٠ کە داوای تۆمارکردنی ئامێرەکانی کردووە دەگڕێتەوە بۆ خۆی وێنستا دانداراوە لە (پ.باشوور) و وسفەکانی لە خوارەوەدا دیاریکراوە, بۆیە ئەوکەسەی پەیوەندی بەمە و کەلوپەلە وەسفکراوەکان هەیە پێویستە ڕێوشوێنی یاسایی بگرێتەبەر بۆ سەلماندنی و گەواهیەك پیشانی ئەم فەرمانگەیە بدات بەمەبەستی ناونیشانی مامۆستا
ئاگادارکردنەوە
لەبەر ئامادەنەبوونت لەسەر کار بەبێ هۆ و ئاگاداری ئێمە داوات لێدەکەین بگەڕێتەوە سەر کار بۆ ماوەی ٧ حەوت ڕۆژ ئەگەر لە ناوەوەی وڵات بیت وە ماوەی ٣٠ سی ڕۆژ ئەگەر لەدەرەوەی وڵات بیت، بەپێچەوانەوە بە دەستەبەردار لەکارەکەت دادەنرێیت بەپێی بڕگەی ٣ لەمادەی ٣٧ لە یاسای خزمەتی شارستانی ژمارە ٢٤ی سالّی ١٩٦٠ هەموارکراو کۆتایی بەراژەکەت دێت.
د. شێروان شریف قرطاس
ڕاگری فاکەلتی بەوەکالەت
***
پارێزگەها دهوکێ
کارگێریا خوجهی/ ڕێقەبەریا گرێبەستان
ژمارە: ٧٣٣
ڕێکەفت: ٢٠١٩/٤/٢٤
ئاگەهداری
پارێزگەها دهوکێ/ کارگێریا خوجهی ڕادگەهینیت بو هەبوونا سەرئیك کێم کرنەکا نهێنی بو پروژێ (دابینکرنا سێ ژمێن خارنێ بو گرتی و کارمەندێن ڕێقەبەریا چاکسازیا ژنان و منداڵان ل دهوکێ) (١٣) CODE بهایێ تەندەری ٢٠٠,٠٠٠ دوو سەد هزار دینار/ بو کومپانییێن تایبەت مەند دڤی بواری دا. ئەڤجا هەر کومپانیا بڤێت پشکداریێ بکەت بلا سەرەدانا (کارگێریا خوجهی ل دیوانا پارێزگەهێ) بکەت بو وەرگرتنا تەندەر و مەرج و ساخلەتێن تایبەت ب کاری قە و دیّاهیك ژڤان بو فروتنا تەندەران ٢٠١٩/٥/٦
بو زانین سەرئیك کێم کرن ل دیف دەم و جهێ دیارکری دێ هێتە ئەنجامدان:
- ڕۆژ (چار شەمبی)
- ڕێکەفتی (٢٠١٩/٥/٨)
- دەم ژمێر (١٢ نیڤرو)
- جهێ: دیوانا پارێزگەهێ
عثمان یونس عثمان
جێگرێ پارێزگاریّ دهوکێ
***
پارێزگەها دهوکێ
کارگێریا خوجهی/ ڕێقەبەریا گرێبەستان
ژمارە: ٧٣٤
ڕێکەفت: ٢٠١٩/٤/٢٤
ئاگەهداری
پارێزگەها دهوکێ/ کارگێریا خوجهی ڕادگەهینیت بو هەبوونا سەرئیك کێم کرنەکا نهێنی بو پروژێ (دابینکرنا سێ ژمێن خارنێ بو گرتی و کارمەندێن ڕێقەبەریا چاکسازیا ژنان و منداڵان ل دهوکێ) (١٣) CODE بهایێ تەندەری ٢٠٠,٠٠٠ دوو سەد هزار دینار/ بو کومپانییێن تایبەت مەند دڤی بواری دا. ئەڤجا هەر کومپانیا بڤێت پشکداریێ بکەت بلا سەرەدانا (کارگێریا خوجهی ل دیوانا پارێزگەهێ) بکەت بو وەرگرتنا تەندەر و مەرج و ساخلەتێن تایبەت ب کاری قە و دیّاهیك ژڤان بو فروتنا تەندەران ٢٠١٩/٥/٦
بو زانین سەرئیك کێم کرن ل دیف دەم و جهێ دیارکری دێ هێتە ئەنجامدان:
- ڕۆژ (چار شەمبی)
- ڕێکەفتی (٢٠١٩/٥/٨)
- دەم ژمێر (١٢ نیڤرو)
- جهێ: دیوانا پارێزگەهێ
عثمان یونس عثمان
جێگرێ پارێزگاریّ دهوکێ
***
دادگای باری کەسێتی سلێمانی/٢
ژمارە:٢٧٤٧/ش٢٠١٨
ڕێکەوت:٢٠١٩/٤/٢٥
ئاگانامە
داواکار/ تارا کمال محمد ناونیشان: سلیمانی
داوالەسەرکراو/ ئارام حسن ناونیشان نادیارە
داواکار (تارا کمال محمد) داوایەکی بەژمارە (٢٧٤٧/ش/٢٠١٨) لەم دادگایە تۆمارکردووە لەسەرت وە لەم دادگایە بڕیاری لای خۆی دەرکرد لەبەروارى ٢٠١٩/٤/١ بەجیابوونەوە بەهۆکاری جێ هێشتن وە لەبەر نادیاری شوێنی نیشتەجێبوونت دادگا بڕیاری دا ئاگادارتان بکاتەوە بەهۆی دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی ڕۆژانەوە ئەگەر لەماوەی یاسایدا هەڵنەستیت بەتانەلێدانی پیاچوونەوەی بڕیارەکە ئەو بڕیارە پلەی کۆتایی وەردەگرێت بەپێی یاسا.
دادوەر/ د. طه عمر رشید
***
دادگای کەتنی لە شارەزوور
ژمارە: ٧١/ج/٢٠١٨
ڕۆژ: ٢٠١٩/٤/٢
تۆمەتباری ڕاکردوو: سەرکەوت اکرم عثمان
ئاگادری
لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی مادەی ٤١٥ لەیاسای سزادان لەو کێشەیەی کە تایبەتە بەبنکەی پۆلیسی شارەزوور وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بڕیارمان دا لە دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی ئاگادارت بکەینەوە کە لەڕۆژی ٢٠١٩/٥/٢٢ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەینیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو ڕۆژە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێت بەپێی ئامادەبوونت بەپێی یاسا.
دادوەر/ نایف عثمان رمضان
***
ژمارە:٢٧٤٧/ش/٢٠١٨

Employment Opportunity

The U. S. Consulate General in Erbil is seeking a new Procurement Supervisor. Qualified candidates should possess strong leadership skills, experience in procurement, and excellent verbal and written communication skills in English. Please visit our website at https://erajobs.state.gov/dos-era/irq/vacancysearch/ searchVacancies.hms for more detailed information. Applications are due by May 1, 2019.

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەڕێوەبەرایەتی پشکنین و بەدواداچوون
ژمارە: ٣٠٨٤
ڕێکەوت: ٢٠١٩/٤/٢٥
بڕیاری سرینەوەی کۆمپانیا سنووردار
دوای تەواو کردنی سەرجەم ڕێکارەکانی پاکتاوکردنی کۆمپانیای (T.P.S TELECOM AND PAWER SOLUTION) بۆ (خزمەتگوزاری گەیاندن/ سنووردار) وە پالپشت بە ئەحکامی ماددەی ١٧٧ لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ هەموارکراو.
من تۆمارکاری کۆمپانیاکان بریارمدا بە سرینەوەی ناوی کۆمپانیای ناوبراوی سەرەوە لە تۆمارەکانمان بەمەرجێ ئەم بریارە بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی ماددەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ی هەموارکراو.
ئاراس ڕؤوف عارف
بەڕێوەبەری گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان/ بەوەکالەت

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەڕێوەبەرایەتی بەدواداچوون و پشکنین
ژمارە: ٢٦٨٨
ڕێکەوت: ٢٠١٩/٤/١٤
بڕیاری سرینەوەی کۆمپانیا سنووردار
دوای تەواو کردنی سەرجەم ڕێکارەکانی پاکتاوکردنی کۆمپانیای (SONS OF LIBERTY INTERNATIONAL) سۆنس ئۆف لابرتی ئینتیرناشنال) بۆ بازرگانی گشتی/ سنووردار) وە پالپشت بە ئەحکامی ماددەی ١٧٧ لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ هەموارکراو.
من تۆمارکاری کۆمپانیاکان بریارمدا بە سرینەوەی ناوی کۆمپانیای ناوبراوی سەرەوە لە تۆمارەکانمان بەمەرجێ ئەم بریارە بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی ماددەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ی هەموارکراو.
ئاراس ڕؤوف عارف
بەڕێوەبەری گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان/ بەوەکالەت

ئاگاداری
ئاگاداری گشت لایەك دەکەینەوە کە کۆمپانیای (کلوخا) بۆ بازرگانی و پارچە یەدەگی بزوێنەرەکانی گازو خزمەتگوزاریەکانی) بریاری گۆرینی (ناوی)ی کۆمپانیای داوە لە کۆمپانیای (کلوخا) بۆ کۆمپانیای (GEAR POWER)، بۆیە هەر کەسێك نارەزایی یان مافێکی لەسەر کۆمپانیا هەیە با لە ماوەی یاسایی سەردانی بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیاکانی هەولێر بکاتەوە لە شاری (هەولێر- جووت سایدی بەختیاری- تەنیشت سوپەرمارکێتی ماجستی) بۆ یەکلایکردنەوەی کێشەکان.
پشتیوان مصطفی قادر
بەڕێوەبەری کۆمپانیاکان هەولێر/بەوەکالەت


بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەڕێوەبەرایەتی پشکنین و بەدواداچوون
ژمارە: ٢٦٩٩
ڕێکەوت: ٢٠١٩/٤/١٤
بڕیاری سرینەوەی کۆمپانیا تاك
دوای تەواو کردنی سەرجەم ڕێکارەکانی پاکتاوکردنی کۆمپانیای (خلیل خطاب حمه علی) بۆ بازرگانی گشتی و بازرگانی ئاژەڵی زیندوو/ تاك) وە پالپشت بە ئەحکامی ماددەی ١٧٧ لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ هەموارکراو.
من تۆمارکاری کۆمپانیاکان بریارمدا بە سرینەوەی ناوی کۆمپانیای ناوبراوی سەرەوە لە تۆمارەکانمان بەمەرجێ ئەم بریارە بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی ماددەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ی هەموارکراو.
ئاراس ڕؤوف عارف
بەڕێوەبەری گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان/ بەوەکالەت

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەڕێوەبەرایەتی پشکنین و بەدواداچوون
ژمارە: ٣٠٨٥
ڕێکەوت: ٢٠١٩/٤/٢٥
بڕیاری سرینەوەی کۆمپانیا سنووردار
دوای تەواو کردنی سەرجەم ڕێکارەکانی پاکتاوکردنی کۆمپانیای (تێرڤین) بۆ بازرگانی گشتی و گواستنەوەی گشتی/ سنووردار) وە پالپشت بە ئەحکامی ماددەی ١٧٧ لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ هەموارکراو.
من تۆمارکاری کۆمپانیاکان بریارمدا بە سرینەوەی ناوی کۆمپانیای ناوبراوی سەرەوە لە تۆمارەکانمان بەمەرجێ ئەم بریارە بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی ماددەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ی هەموارکراو.
ئاراس ڕؤوف عارف
بەڕێوەبەری گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان/ بەوەکالەت

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەڕێوەبەرایەتی پشکنین و بەدواداچوون
ژمارە: ٣٠٨٣
ڕێکەوت: ٢٠١٩/٤/٢٥
بڕیاری سرینەوەی کۆمپانیا سنووردار
دوای تەواو کردنی سەرجەم ڕێکارەکانی پاکتاوکردنی کۆمپانیای (ئاهام) بۆ کاروباری کۆمپیوتەر و پڕۆگرام سازی / سنووردار) وە پالپشت بە ئەحکامی ماددەی ١٧٧ لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ هەموارکراو.
من تۆمارکاری کۆمپانیاکان بریارمدا بە سرینەوەی ناوی کۆمپانیای ناوبراوی سەرەوە لە تۆمارەکانمان بەمەرجێ ئەم بریارە بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی ماددەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ی هەموارکراو.
ئاراس ڕؤوف عارف
بەڕێوەبەری گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان/ بەوەکالەت

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەڕێوەبەرایەتی پشکنین و بەدواداچوون
ژمارە: ٣٠٠٤
ڕێکەوت: ٢٠١٩/٤/٢٣
بڕیاری سرینەوەی کۆمپانیا سنووردار
دوای تەواو کردنی سەرجەم ڕێکارەکانی پاکتاوکردنی کۆمپانیای (بلێسە) بۆ بازرگانی گشتی و هاوردە و هەناردە / سنووردار) وە پالپشت بە ئەحکامی ماددەی ١٧٧ لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ هەموارکراو.
من تۆمارکاری کۆمپانیاکان بریارمدا بە سرینەوەی ناوی کۆمپانیای ناوبراوی سەرەوە لە تۆمارەکانمان بەمەرجێ ئەم بریارە بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی ماددەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ی هەموارکراو.
ئاراس ڕؤوف عارف
بەڕێوەبەری گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان/ بەوەکالەت

دادگای کەتنی سلێمانی/٢
ژمارە: ٢٥٩٨/ك/٢٠١٨
رۆژ: ٢٠١٩/٤/١٦
بۆ/ تۆمەتباری راکردوو: کۆژین کامران عمر
ئاگاداری
لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی ماددەی (٤١٣) لەیاسای سزادان لەو کێشەیەی کە تایبەتە بەبنکەی پۆلیسی (ك. سرچنار) وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بریارمان دا لە رۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لەرۆژی ٢٠١٩/٨/١٨ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەینیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو رۆژە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.
دادەر / شیرین علی حمە سور
* * *
دادگای کەتنی سلێمانی/٢
ژمارە: ٣٨٥/ت/٢٠١٩
رۆژ: ٢٠١٩/٤/١٥
بۆ/ تۆمەتباری راکردوو: شێرزاد نوزاد ستار
ئاگاداری
لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی ماددەی (٢٨١) لەیاسای سزادان لەو کێشەیەی کە تایبەتە بە (ب. ئاسایشی سلێمانی) وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بریارمان دا لە رۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لەرۆژی ٢٠١٩/٦/٣٠ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەینیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو رۆژە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.
دادەر / زیاد بشیر محمد
* * *
دادگای کەتنی سلێمانی/٢
ژمارە: ٢٥٩٨/ك/٢٠١٨
رۆژ: ٢٠١٩/٤/١٦
بۆ/ تۆمەتباری راکردوو: کۆژین کامران عمر
ئاگاداری
لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی ماددەی (٤١٣) لەیاسای سزادان لەو کێشەیەی کە تایبەتە بەبنکەی پۆلیسی (ك. سرچنار) وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بریارمان دا لە رۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لەرۆژی ٢٠١٩/٨/١٨ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەینیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو رۆژە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.
دادەر / شیرین علی حمە سور
* * *
دادگای کەتنی سلێمانی/٢
ژمارە: ٢٦٠٧/ك/٢٠١٨
رۆژ: ٢٠١٩/٤/١٦
بۆ/ تۆمەتباری راکردوو: برزان محمود صالح
ئاگاداری
لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی ماددەی (٢٦٧) لەیاسای سزادان لەو کێشەیەی کە تایبەتە بەبنکەی پۆلیسی (ك. کورسات) وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بریارمان دا لە رۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لەرۆژی ٢٠١٩/٨/١٨ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەینیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو رۆژە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.
دادەر / شیرین علی حمە سور
* * *
دادگای کەتنی سلێمانی/٢
ژمارەی داوا: ١٠٦٧/ك/٢٠١٩
رۆژ: ٢٠١٩/٤/٢٢
بۆ/ تۆمەتباری راکردوو: مهابات محمد صالح محی الدین
ئاگاداری
لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی ماددەی (٤) لەیاسای لەشفرۆشی لەو کێشەیەی کە تایبەتە بەبنکەی پۆلیسی (هەواری شار) وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بریارمان دا لە رۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لەرۆژی ٢٠١٩/٧/٢٤ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەینیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو رۆژە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.
دادەر / شیرین علی حمە سور
* * *
دادگای کەتنی سلێمانی/٢
ژمارەی داوا: ٢٧٣٠/ك/٢٠١٨
رۆژ: ٢٠١٩/٤/١٨
بۆ/ تۆمەتباری راکردوو: نصیر اسعد محمد
ئاگاداری
لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی ماددەی (٤٥٦) لەیاسای سزادان لەو کێشەیەی کە تایبەتە بەبنکەی پۆلیسی (ك. بختیاری) وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بریارمان دا لە رۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لەرۆژی ٢٠١٩/٨/١٨ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەینیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو رۆژە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.
دادەر / شیرین علی حمە سور
* * *
دادگای کەتنی سلێمانی/٢
ژمارەی داوا: ١٠٦٧/ك/٢٠١٩
رۆژ: ٢٠١٩/٤/٢٢
بۆ/ تۆمەتباری راکردوو: مهابات محمد صالح محی الدین
ئاگاداری
لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی ماددەی (١/٢٣) لەیاسای هاتووچۆ لەو کێشەیەی کە تایبەتە بەبنکەی پۆلیسی (ك. بازیان) وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بریارمان دا لە رۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لەرۆژی ٢٠١٩/٧/١٦ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەینیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو رۆژە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.
دادەر / شیرین علی حمە سور
* * *
دادگای کەتنی سلێمانی/٢
ژمارەی داوا: ١٣٥٧/ك/٢٠١٦
رۆژ: ٢٠١٩/٤/١١
بۆ/ تۆمەتباری راکردوو: علی اکبر ابراهیم احمد
ئاگاداری
لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی ماددەی (١/٢٣) لەیاسای هاتووچۆ لەو کێشەیەی کە تایبەتە بەبنکەی پۆلیسی (دوکان) وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بریارمان دا لە رۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لەرۆژی ٢٠١٩/٧/١٠ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەینیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو رۆژە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.
دادەر / شیرین علی حمە سور
* * *
دادگای کەتنی سلێمانی/٢
ژمارە: ٢٦٠٧/ك/٢٠١٨
رۆژ: ٢٠١٩/٤/١٦
بۆ/ تۆمەتباری راکردوو: برزان محمود صالح
ئاگاداری
لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی ماددەی (٢٦٧) لەیاسای سزادان لەو کێشەیەی کە تایبەتە بەبنکەی پۆلیسی (ك. کورسات) وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بریارمان دا لە رۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لەرۆژی ٢٠١٩/٨/١٨ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەینیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو رۆژە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.
دادەر / شیرین علی حمە سور
* * *
دادگای کەتنی سلێمانی/٢
ژمارەی داوا: ١٠٦٧/ك/٢٠١٩
رۆژ: ٢٠١٩/٤/٢٢
بۆ/ تۆمەتباری راکردوو: مهابات محمد صالح محی الدین
ئاگاداری
لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی ماددەی (٤) لەیاسای لەشفرۆشی لەو کێشەیەی کە تایبەتە بەبنکەی پۆلیسی (هەواری شار) وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بریارمان دا لە رۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لەرۆژی ٢٠١٩/٧/٢٤ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەینیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو رۆژە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.
دادەر / شیرین علی حمە سور
* * *
دادگای کەتنی سلێمانی/٢
ژمارەی داوا: ٢٧٣٠/ك/٢٠١٨
رۆژ: ٢٠١٩/٤/١٨
بۆ/ تۆمەتباری راکردوو: نصیر اسعد محمد
ئاگاداری
لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی ماددەی (٤٥٦) لەیاسای سزادان لەو کێشەیەی کە تایبەتە بەبنکەی پۆلیسی (ك. بختیاری) وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بریارمان دا لە رۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لەرۆژی ٢٠١٩/٨/١٨ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەینیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو رۆژە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.
دادەر / شیرین علی حمە سور
* * *
دادگای کەتنی سلێمانی/٢
ژمارەی داواڵ: ١٣٥٧/ك/٢٠١٦
رۆژ: ٢٠١٩/٤/١١
بۆ/ تۆمەتباری راکردوو: علی اکبر ابراهیم احمد
ئاگاداری
لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی ماددەی (١/٢٣) لەیاسای هاتووچۆ لەو کێشەیەی کە تایبەتە بەبنکەی پۆلیسی (دوکان) وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بریارمان دا لە رۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لەرۆژی ٢٠١٩/٧/١٦ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەینیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو رۆژە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.
دادەر / شیرین علی حمە سور
* * *
دادگای کەتنی سلێمانی/٢
ژمارە: ٢٦٠٧/ك/٢٠١٨
رۆژ: ٢٠١٩/٤/١٦
بۆ/ تۆمەتباری راکردوو: برزان محمود صالح
ئاگاداری
لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی ماددەی (٢٦٧) لەیاسای سزادان لەو کێشەیەی کە تایبەتە بەبنکەی پۆلیسی (ك. کورسات) وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بریارمان دا لە رۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لەرۆژی ٢٠١٩/٨/١٨ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەینیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو رۆژە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.
دادەر / شیرین علی حمە سور
* * *
دادگای کەتنی سلێمانی/٢
ژمارەی داواڵ: ١٠٦٧/ك/٢٠١٩
رۆژ: ٢٠١٩/٤/٢٢
بۆ/ تۆمەتباری راکردوو: مهابات محمد صالح محی الدین
ئاگاداری
لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی ماددەی (٤) لەیاسای لەشفرۆشی لەو کێشەیەی کە تایبەتە بەبنکەی پۆلیسی (هەواری شار) وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بریارمان دا لە رۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لەرۆژی ٢٠١٩/٧/٢٤ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەینیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو رۆژە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.
دادەر / شیرین علی حمە سور
* * *
دادگای کەتنی سلێمانی/٢
ژمارەی داواڵ: ٢٧٣٠/ك/٢٠١٨
رۆژ: ٢٠١٩/٤/١٨
بۆ/ تۆمەتباری راکردوو: نصیر اسعد محمد
ئاگاداری
لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی ماددەی (٤٥٦) لەیاسای سزادان لەو کێشەیەی کە تایبەتە بەبنکەی پۆلیسی (ك. بختیاری) وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بریارمان دا لە رۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لەرۆژی ٢٠١٩/٨/١٨ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەینیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو رۆژە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.
دادەر / شیرین علی حمە سور
* * *
دادگای کەتنی سلێمانی/٢
ژمارەی داوا: ١٠٦٧/ك/٢٠١٩
رۆژ: ٢٠١٩/٤/٢٢
بۆ/ تۆمەتباری راکردوو: مهابات محمد صالح محی الدین
ئاگاداری
لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی ماددەی (٤) لەیاسای لەشفرۆشی لەو کێشەیەی کە تایبەتە بەبنکەی پۆلیسی (هەواری شار) وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بریارمان دا لە رۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لەرۆژی ٢٠١٩/٧/٢٤ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەینیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو رۆژە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.
دادەر / شیرین علی حمە سور
* * *
دادگای کەتنی سلێمانی/٢
ژمارەی داواڵ: ٢٧٣٠/ك/٢٠١٨
رۆژ: ٢٠١٩/٤/١٨
بۆ/ تۆمەتباری راکردوو: نصیر اسعد محمد
ئاگاداری
لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی ماددەی (٤٥٦) لەیاسای سزادان لەو کێشەیەی کە تایبەتە بەبنکەی پۆلیسی (ك. بختیاری) وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بریارمان دا لە رۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لەرۆژی ٢٠١٩/٨/١٨ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەینیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو رۆژە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.
دادەر / شیرین علی حمە سور
* * *
دادگای کەتنی سلێمانی/٢
ژمارەی داواڵ



جۆ بایدن بازاڕی ڕۆژنامەکانی گەرم کردۆتەوە

جۆ بایدن پێویستە بەرنامەیەکی ڕوونی لە بارەی بیمەی تەندروستی و ئابووری و پەروەردە و کۆچ و کۆچبەران و کاروباری دەرەوە و چەک بەکارهێنان لەنێو ئەمەریکا هەبێت

غازی حەسەن

لە 25ی نیسانی 2019جۆ بایدنی جێگری پێشووی سەرۆکی ئەمەریکا (ئۆباما) رایگەیاند بەشداری رکابەری هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی دەکات، ئەم تویتەی بایدن بۆتە سەرە مانشێتی ڕاگەیاندەکانی ئەمەریکا و جیهان. بایدن لە ساڵی 1988و دواتریش لە ساڵی 2016دەیویست چانسی خۆی لەم بواره تاقی بکاتەوە، بەڵام لە کاتی خۆ ئامادەکردنی بۆ رکابەرایەتی ترەمپ، بەهۆی گیان لەدەستدانی کوڕەکەی بەهۆی نەخۆشی شێرپەنجەوە، بیرۆکەی رکابەرایەتی وازلێهێنا. ئەم جارە دەیەوێت وەکو دیموکراتێکی میانڕەو بەشداری ململانێی هەڵبژاردن بۆ سەرۆکایەتی بکات.

بایدنی ڕەخنەگر

ترەمپ لە یەکەمین بروسکە گوتاریدا، گوتی" پیاوە سستە خەوگرتووەکە بەخێر بێتی بۆ رکابەرایەتی سەرۆکایەتی". لە هەمان کاتدا بایدن ڕەخنەی توند لە سیاسەتی ترەمپ لەبارەی ئاژاوە لەنێوان سپیپە ڕەگەزیەرەستەکان و پێکهاتەکانی دیکە دەگرێت، بایدن تەمەنێکی درێژی لەنێو سیاسەتدا بەڕێ کردووە. پتر لە سی ساڵە ئەندامی کۆنگرێسە و هەشت ساڵیش جێگری سەرۆکی ئەمەریکا بووە. خاوەنی بیرۆکە و پرۆژەی سیاسی بەرچاوە لەنێو ئەمەریکادا. پێش ئەوەی رکابەرایەتی ترەمپ و هەروەها کاندیدەکانی دیموکراتەکان بۆ سەرۆکایەتی بکات، پێویستە لە ململانێ و رکابەریەکی هەقیقی و راستەقینەی توندا، لەنێو خودی حزبی دیموکراتدا ڕکابەرەکانی دیکە ببەزێنێت.ئەمە سیستەمی خۆ کاندیدکردنە لە ئەمەریکا.

ڕاگەیاندنەکانی نێو ئەمەریکا بە شێوازی جودا باسی هەواڵی خۆ کاندیدکردنی جۆ بادین دەکەن، کە خاوەنی بیرۆکەی دابەشکردنی یوگوسلافیا و عێراقە لەپێناو کۆتایی پێهێنانی کێشە بنەڕەتییە درێژخایەن و سیاسەتی ڕەگەزپەرستی.

بایدن و دۆسیەی کەشوهەوا

لە گۆڤاری نیوزویک ،دانیال موریتز رابسون لە 25ی نیسان دەڵێت " چالاکوانانی ژینگە داوا دەکەن بایدن پابەستی چارەسەری کێشەی کەشوهەوا بێت". لای هەندێک ئەم مەسەلەیە گرنگ نییە، بەڵام بەپێی راپرسییەکان دەرکەوتووە هەر کەسێک خۆی بۆ سەرۆکایەتی ئەمەریکا کاندید بکات پێویستە بەرنامەی تایبەتی بۆ چارەسەری کێشەی ژینگە و گۆڕانی کەشوهەوا هەبێت.

بایدن ساڵی 1986پرۆژەیەکی بڕیار لێ نەدراوی لەم بارەوە پێشکەشی کۆنگرێس کردبوو، پێی وایە گۆڕانی کەشوهەوا هەڕەشەیەکی ڕاستەقینەیە و لە هەڕەشەی ئاسایش گەورەترە. هەر یەکێک کار بۆ پاک کردنەوەی ژینگە بکات، نابێت هاوکاری دارایی لە سەرچاوە سەرەکییە گەورەکانی پیس بوونی ژینگە وەرگرێت. بۆ هەندێک بەرنامەی ژینگەپارێزیان وەکو یەکێک لە خاڵە گرنگەکانی هەڵبژاردن لا گرنگە، چونکە ڕاپرسییەکان ئاماژەیان بەوە کردووە لە 43%ئەمەریکییەکان هەوای پیس بوو بەکارددەهێنن، هەروەها گۆڕانی کەشوهەوا پێویستی بە زانیاری و لێزانین هەیە. 73%ی ئەمەریکییەکان دەزانن کەشوهەوا جێگەی بایەخە و وابەستەی دەنگدانیشە.

ترامپ و کۆمەڵێک ڕەخنە

ترەمپ لە دوو ساڵی ڕابردوودا زۆرترین هێرشی ڕاگەیاندنی دژ پیادەکراوە، ڕەخنەی زۆری لە هەمبەر سیاسەتی تووندڕەوی پەرەپێدانی گیانی ڕەگەزپەرستی (لایەنگیری سپیپە تووندڕەوەکان)ی لێ دەگیرێت. نینا بورلەیگ لە نیوزویکدا دەپرسێت : ترەمپ چۆن کارتی نەژادی سپیپەکانی بەکارهێنا ، هەروەها چۆنیەتی ڕاستکردنەوەی پارتی دیموکرات گرنگە ، خەڵک لە سیاسەتی دروستکردنی دیوار بێزار بووە، ترەمپ دۆخی حزبەکەی لە کۆنگرێس گەیاندە نزیک لە داتەپین. دیوارەکە هێندە پەیوەندی بە سیاسەت و ئاسایشەوە نییە، هێندەی پەیوەستە بە سیاسەتکردن و سیمبول بوونەوە. ئەمەش هەمووی لەژێر نێوی شەڕی شەرعیەت دان بۆ ڕاگرتنی کۆچی نایاسایی دەکرێت". دروستکردنی دیوار و کەمکردنەوەی ڕێژەی تاوان لە ناوچە سنووریەکانی لەگەڵ مەکسیک حکوومەتی بۆ ماوەیەک داخست. کێشەی دەستێوەردانی ڕوسیا لە ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی ئەمەریکا گرفتێکی دیکەی ترەمپە. لایەنگیری لە سعودیە و کێشەی پەیوەندییەکانیان لەگەڵ تورکیا و دوارۆژی سوریا و ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست بە گشتی یەکێکە لە خاڵە دیارەکانی سیاستەتی دەرەوەی ئەمەریکا. ئێران وەکو خاڵێکی دیکەی بەهێزی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی لە 2020سەیر دەکرێت.جۆ بایدن پێویستە بەرنامەیەکی ڕوونی لە بارەی بیمەی تەندروستی و ئابووری و پەروەردە و کۆچ و کۆچبەران و کاروباری دەرەوە و چەک بەکارهێنان لەنێو ئەمەریکا هەبێت.بۆیە چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ مەسەلەی ڕەگەز و نەژاد هۆکارێکی دیکەی بەرنامەکانی هەڵبژاردنە. دیموکراتەکان بە گشتی بە شێوەیەکی جیاوازتر لە کۆمارییەکان بایەخ بە نەژاد دەدەن، لەسەر ئەو ڕێچکەیەش (ئۆباما) وەکو یەکەمین سەرۆکی ڕەشپێست لە ئەمەریکا و هیلاری کلنتن هەڵبژێردران. نابێت لە بیری بکەین ڕەگەز (نێر و مێ)، هەروەها تەمەن و چینەکانی نێو کۆمەڵگاش بایەخی تایبەتیان لە هەڵبژاردن هەیە.

> **بایدن لەلایەن پێشکەوتنخوازەکانەوە پاڵپشتی ناکرێت، چونکە کێشەی لەگەڵ چارەسەری نەهێشتنی چەک و یاسای تووندوتیژی دژ ئافرەت و یەکسانی هاوسەری هاوڕەگەزەکان هەیە.**

ئەم هەڵبژارنە جیاواز دەبێ

نیکۆل گودکیند لە دێڵی نیوز دەنووسێت: ساڵی 2020جۆ بایدن ڕکابەرایەتی ترەمپ دەکات.. ئەم هەڵبژاردنە جیاواز دەبێت لەوانی دیکە، کاندیدەکە لە بەشی هەرە سەرەوەی پێکهاتەی سیاسییە، بایدن هەشت ساڵ جێگری سەرۆک بووە، کەسانی باڵا دەناسێت. کێشەی بایدن ئەوەیە لە دوو هەڵمەتی دیکە سەرکەوتوو نەبووە، چۆن ئەو گرفتەکانی تێ دەپەڕێنێت؟. نوێنەری کۆمارییەکان مایک ئاهرینز، بەرێوەبەری پەیوەندییەکانی لیژنەی نیشتیمانی لە حزبی کۆماری گوتوویەتی " بایدن دەچێتە نێو ڕکابەری سەرۆکایەتی، کە لە هەشتاکانەوە دەدۆڕێت، لە 2020یش هەر وەکو پێشوو دەبێت". لە ڕۆژنامەی واشنت پۆستیشدا ڕۆل ئیفانز و ڕۆبەرت نۆڤاک کە نزیکی بایدنن گوتیانە "بایدن گرفتی لە ئیدارە هەیە، پێشیان وایە ئەو کاندیدێکی دروستکراوە و هیچی دیکە نا ". لە دیلی نیوزیشدا ئێس ئی کوپ دەڵێت " بەخێر بێی بۆ ڕکابەری سەرۆکایەتی، جۆ حزبەکەت و ملیۆنان دەنگدەرتان لەبیرکردووە".

چەپڕەوە تازەکان

کێشەی چەپڕەوە نوێیەکان گرفتێکی دیکە بایدن دەبێت، چونکە ئەمانە لە ڕووی زانستی بۆماوەیی پێیان وایە تەمەن کاریگەری هەیە و نایانەوێت کاندیدی دیموکراتەکان کەسێکی بەتەمەن و سپیپەکی لە بیرکردنەوە بەسەرچوو بێت. ئایا جۆ بایدن دەتوانێت پێگە و سیاسەت و کاریگەرییەکانی ترەمپ لەنێو کۆمەڵگەی سپی پێستی نێو ئەمەریکا لەپێناو خۆی بەکاربهێنێت، کە "بایدن لە باپیرەیەکی سپی و سەر بە ڕۆشنبیریی سپی پێستەکانە. کوپ دەڵێت : پێویستە بایدن بگۆڕێت. فرانک برۆنی لە ڕۆژنامەی نیویۆرک تایمز دەڵێت "جۆ بایدن 45ساڵە لە واشنتن کار دەکات، ناوێکی گونجاوە، بەڵام وشەیەکی پیسە لە سیاسەتی سەرۆکایەتی و ریکۆردەکەشی یاسا و ئەو ڕەخنانە دەگرێتەوە، کە دژی گوتراون، لەلایەن ئافرەت و ڕەش پێستەکانەوە. ئەمەش بەشێکە لە جەنگەکانی حزبی دیموکرات.هەروەها نووسەر ساڵی کون لە یو ئێس تودەی دەڵێت : بایدن دیموکراتێکی شێواز کۆنە و خەڵکی ویلایەتی دیلاوێرە. بایدن لەلایەن پێشکەوتنخوازەکانەوە پاڵشتی ناکرێت، چونکە کێشەی لەگەڵ چارەسەری نەهێشتنی چەک و یاسای تووندوتیژی دژ ئافرەت و یەکسانی هاوسەری هاوڕەگەزەکان هەیە. گوتمان چەپەکان لایەنگیری بایدن ناکەن، بۆیە ئەو پتر بەلای میانڕەو و سەربەخۆکاندا دەشکێنێتەوە.

ترامپ دیاردەیەکی تازەیە

من پێم وایە ترەمپ هەرچەندە پەیوەندییەکی زۆر خراپی لەگەڵ ڕاگەیاندن هەیەو بەردەوام ڕەخنەی لێ دەگیرێت، بەڵام دوور نییە لەپێناو جارێکی دیکە وەرگرتنەوەی متمانەی دەنگدەر "ئێران و هەڕەشە و مەترسییەکانی ئێران" سنووردار بکات، تەنیا دوور نییە هێرش بکاتە سەر کلک و ئەو هێزانەی سەر بە ئێرانن لە دەرەوەی ئێران و لێدانی بنکەکانی چەکی ئەتۆمی و هاندانی خەڵک بۆ خۆپیشاندان و داڕمانی پتری دارایی ئێران. هەنگاوی پتر لەگەڵ کۆریا بۆ چارەسەری کێشەکان و چارەسەری کێشەی بازرگانی لەگەڵ چین دەنێت. لە ناوەخۆی ئەمەریکاشدا پتر کار دەکات متمانەی دەنگدەری سپی پەیدا بکات و گەشە بە گەشەکردنی ئابووری لەناوەخۆ بدات. سیاسەتی ڕاگرتنی کۆچ بۆ ئەمەریکا پەرە پێ دەدات.ترەمپ دیاردەیەکی نوێی سەرکردایەتییە لە ئەمەریکا ، لەهەمان کاتدا جۆ بایدن ئەگەر متمانەی دیموکراتەکان بەدەست بهێنێت، هیچ دوور نییە لەڕێگەی بەرنامەیەکی نوێی دیموکراتەکان بتوانێت ڕکابەرایەتی ترەمپ بکات، وەکو چۆن لە کۆنگرێس و ئەنجوومەنی پیران ئەمجارە دیموکراتەکان بەهۆی ئەو ڕەخنانەی لە شێواز و ڕەخنانەی لە سیاسەتی بیرکردنەوەی ترەمپ دەگیرا جۆرێک لە هەڵسانەوەیان بەدەستهێنا لە مەسەلەی سەرۆکایەتیشدا هەمان ئەنجام بەدەست بهێننەوە. بۆ کورد دەرچوونی جۆ بادین دوور نییە ببێتە هۆکارێکی بەهێز بۆ بەدیهێنانی خەونی گەورە و دەستکەوتی ستراتیژی فراوان.کاتی ئەوە هاتووە دەنگدەری دیموکراتەکان لەخۆیان بپرسن ئایا دەیانەوێت ڕەخنە بگرن، یان لەهەڵبژاردنی سەرۆکایەتی ئەمەریکا ببەنەوە.

ئەمڕۆ لە مێژوودا



ساڵی 1908:
یەکەم گرووپی پەنابەرانی ژاپۆنی کە بریتی بوو لە 780 کەس ڕوویان کردە بەرازیل .



ساڵی 1917:
لە ماوەی جەنگی یەکەمی جیهان ، ئەمەریکا شەڕی لە دژی ئەڵمانیا ڕاگەیاند .



ساڵی 1939:
هیتلەر لەو پەیامنامەیە پاشگەز بووەوە کە پێشتر سەبارەت بە دەستدرێژی نەکردنە سەر یەکتر لەگەڵ پۆلەندا مۆری کردبوو .



ساڵی 1945:
بینیتۆ مۆسۆلینی سەرکردەی ئیتاڵی گوللەباران کرا .



ساڵی 1951:
دکتۆر محەمەد مسەدەق بوو بە سەرۆکوەزیرانی ئێران



ساڵی 1969:
شارل دیگۆڵی سەرۆکی ئەوکاتەی فەرەنسا دەستی لە کار کێشایەوە و ڕایگەیاند کە لە بواری سیاسی دوور دەکەوێتەوە

www.xebat.net
یەک شەممە 2019/4/28 ژمارە (5737)



کێ شوێنی تیرێزا مای دەگرێتەوە؟

ئا : هەندرین شێرزاد

رۆژی 27ی ئاداری 2019، تیرێزا مای سەرۆکوەزیرانی بەریتانیا پێشنیازی کرد ئەگەر بڕیار لەسەر ئەو رێککەوتنە بدرێ کە سەبارەت بە چوونەدەرەوەی وڵاتەکەی لە یەکێتی ئەورووپا ئامادە کراوە و دوو جار لەلایەن پەرلەمانەوە ردت کراوەتەوە ، ئەو دەست لە کار دەکێشێتەوە .کەواتە ئەگەر کۆدەنگییەک دەربارەی ئەو رێککەوتنە دروست ببێ و مای دەست لە کار بکێشێتەوە کێ شوێنی دەگرێتەوە ؟ میدیاکان باس لە کۆمەلێک کەسایەتی و سیاسەتوان دەکەن ، ئەمانەی خوارەوە هەندێکیانن:

مایکل جوزیف

تەمەنی 51ساڵە و یەکێکە لە بەرچاوترین ئەو کەسایەتیانەی کە لە کاتی ئەنجامدانی راپرسیەکەی ساڵی 2016داوای جیابوونەوەی لە یەکێتی مای و تا ئێستاش پشتگیری لە سیاسەتی کشانەوە لە یەکێتی ئەورووپا دەکات . بە گوێرەی لێکدانەوەکانیش ئەو لە سەرەوەی لیستی پاڵێوراوانە و رێژەی سەرکەوتنیشی 22% .

مای کردووە . مانگی تەمموزی رابردوو وەک ناپەزایەک بەرامبەر بە شێوازی بەڕێوەبردنی دانوستانەکانی بڕێکزت لەلایەن تیرێزا مایەوە ، دەستی لە کار کێشایەوە .



بۆریس جۆنسۆن

تەمەنی 54ساڵە و پێشتر وەزیری دەرەوەی بەریتانیا بووە . یەکێکە لە تۆندترین ئەوانەی سەبارەت بە بڕێکزت رەخنەیان ئاراستەی ئەورووپا دەکرد. ناوبراو لە حکومەتی مای وەزیری ژینگەیە و یەکێکە لە کەسایەتیە کاریگەرەکان لە بواری خستنەڕووی سیاسەتە تازەکان و لەپڕ ناوی چۆتە نێو لیستی شوێنگرەوانی بکات و لە لاساییکردنەوەی سیاسەتەکانی پارتی کرێکارانی چەپڕەو دوور بکەوێتەوە .

دێقید لیدنگتۆن

تەمەنی 62ساڵە و بە جێگری راستەقینەی سەرۆکوەزیران دادەنرێ . لە راپرسیەکەی بڕێکزتی 2016پشتگیری لە مانەوەی وڵاتەکەی کرد لە یەکێتی ئەورووپا ، هەروەها رۆڵی سەرەکی بینی لە هەوڵە شکستخواردووەکانی دێقد کامیرۆن سەبارەت بە دووبارە گفتوگۆکردن لەگەڵ یەکێتی ئەورووپا .ناوبراو لە راگەیاندنێکدا وتی : ناخوازێت پایەی تیرێزا مەی داگیر بکات .

جێرمی هەنت

تەمەنی 52ساڵە و لە تەموزی رابردوو شوێنی جۆنسۆنی گرتەوە و بوو بە وەزیری دەرەوە . هەنت داوای لە ئەندامانی پارتی پارێزگاران کرد کە سەبارەت بە بڕێکزت هەموو ناکۆکیەکانیان وەلا بنێن و پێکەوە بەرەورووی پێشبڕکێکارێکی هاوبەش ببنەوە کە یەکێتی ئەورووپایە .لە راپرسیەکەی 2016 دەنگی بۆ مانەوە لە چوارچێوەی یەکێتی ئەورووپا داوە و بۆ ماوەی 6ساڵ وەزیری تەندروستی بووە .

لە دوایین کۆنگرەی ساڵانەی پارتی پارێزگاران وتەیەکی پێشکەش کرد داوای کرد کە پارتەکەی روو بکاتەوە بەها تەقلیدیەکانی خۆی و کار بۆ دابەزاندنی رێژەی باج و بەهێزکردنی هێزی پۆلیس

جیکۆب ریس- مۆگ

یەکێکە لە ملیۆنێرەکانی بەریتانیا ، تەمەنی 49ساڵە و هەمیشە لە هەوڵی پاراستنی دیمەنەکانی رابردووی کۆمەڵگای ئینگلیزی دایە و یەکێکە لەوانەی داوای جیابوونەوەی ریشەیی دەکەن لە یەکێتی ئەورووپا . هاوکات سەرۆکی گرووپێکی بەهێزی یاساداڕەر بە گومانەکانن لە یەکێتی ئەورووپا . مۆگ لە راگەیەنراوێکدا وتی : خۆم بۆ پایەی سەرۆکوەزیران بەربژێر ناکەم .

دۆمینیک راب

تەمەنی 44ساڵە و وەزیری کاروباری کشانەوە بوو لە یەکێتی ئەورووپا ، دواتر وەک دەربڕینی ناڕەزایی بەرامبەر ڕەشنووسی رێککەوتنی کشانەوە ، دەستی لە کار کێشایەوە و رایگەیاند کە ڕەشنووسەکە پێچەوانەی ئەو پەیمانەیە کە پارتی پارێزگاران لە کاتی هەڵبژاردنەکانی ساڵی 2017داویەتی . ئەگەرچیش وەک یاریزانێکی تازەی سەر مێزی گەورەکانی نێو حکومەت سەیری دەکرێ ، بەڵام لە ساڵی 2010وە چەند پایەیەکی وەزاری بچووکی وەرگرتووە و یەکێکە لە لایەنگرانی جیابوونەوە لە یەکێتی ئەورووپا .

ساجد جاوید

تەمەنی 49ساڵە شارەزایەکی پێشووی بواری بانکیە ، هاوکات لایەنگری بازاڕی ئازادە . ژمارەیەک پلە وپایەی حکومی وەرگرتووە و بە ڕەچەڵەک پاکستانیە . لە راپرسیەکەی ساڵی 2016دەنگی بۆ مانەوە لە یەکێتی ئەورووپا داوە .

دێقید دیڤیز

تەمەنی 69ساڵە و یەکێکە لە بەرچاوترین ئەوانەی گومانیان بەرامبەر یەکێتی ئەورووپا هەیە . لە تەمموزی 2016سەرۆکی تیمی گفتوگۆی بەریتانی بووە لەگەڵ یەکێتی ئەورووپا ، بەڵام دواتر وەک ناڕەزایی دەستی لە کار کێشاوەتەوە . مانگی رابردوو لە راگەیاندنێکدا وتوویەتی دوور نیە ببێتە سەرۆکی پارتی پارێزگاران .

بینی موردونت

تەمەنی 46ساڵە و دوایین کەسی نێو حکومەتی مایە کە پشتگیری لە کشانەوە لە یەکێتی ئەورووپا بکات ، ئەم خاتوونە وەزیری گەشەکردنی نێودەوڵەتیە و پێشبینی دەکرا خۆی بخزێنێتە نێو لیستی بێلایەنان .

ئەندریا لیدسۆم

تەمەنی 55ساڵە و لە رابردوودا یەکێک بووە لە لایەنگرانی بڕێکزت و تا ئێستا ئەندامی حکومەتی مایە و کاروباری پەرلەمانیی حکومەت بەڕێوە دەبات .

ئامبر رود

تەمەنی 55ساڵە و پارسان وەزیری ناوخۆ بوو بەڵام بەهۆی کۆمەڵێک کێشەی وەزارەت سەبارەت بە مامەڵەکردن لەگەڵ پەنابەران دەستی لەکار کێشایەوە و دوور نیە ڕەزامەندی نوێنەرانی پارتی پارێزگاران وەدست بێنێ، بە تایبەتی ئەوانەی پشتگیری لە یەکێتی ئەورووپا دەکەن .

مانەوە لە یەکێتی ئەورووپا داوە .

مانشێت



سکای نیوز :
پۆلیسی سریلانکا رایگەیاند لە کاتی ئابلۆقەدانی حەشارگەیەکی تیرۆرستان لە رۆژهەلاتی وڵات ، تەقینەوەیەک رووید او لە ئەنجامدا 3ئافرەت و 6منداڵ بوونە قوربانی .



رۆیتەرز :
ئەمەریکا بە نیازە لە مانگی داهاتووەوە ژمارەی دیبلۆماتکارانی لە باڵیۆزخانەکەی لە کابوڵی پایتەختی ئەفغانستان تا نیوە کەم بکاتەوە



رۆژنامەی ئەلحەیات:
لە شاری ڤلادیڤۆستۆکی رووسیا ڤلادیمیر پوتنی سەرۆکی رووسیا و کیم یۆنگ ئونی سەرۆکی کۆریای باکوور کۆبوونەوە .



رۆژنامەی ئەلشەرقولئەوسەت:
بە گوێرەی راپرسیەک ، لە هەڵبژاردنی داهاتووی ئەورووپا 10%ی ئەورووپییەکان بە نیازن دەنگ بە پارت ولایەنە راستڕەوەکان بدەن .



ئەی ئێف پی:
پۆلیسی کالیفۆرنیا رایگەیاند شوفێرێک بە ئۆتۆمبیلەکەی خۆی بە ژمارەیەک خەڵکدا کێشاوە و لە ئەنجامدا 8کەس بریندار بوون .



کەنالی ئارتی :
وەزارەتی دەرەوەی رووسیا داوای لە ئەمەریکا کرد دەستبەرداری ئەو سیاسەتە نابەجێیە بێ کە بەرامبەر ڤەنزویلا پیادەی دەکات .

پێناسەی وڵاتان



ساوتوم و پرنسیپ

ناوی فەرمی : کۆماری ساو توم و پرنسیپ
کیشوەر : ئەفریقیا
سیستمی حوکم : کۆماری
پایتەخت : ساوتوم
ڕووبەر : 1.001کیلۆمەتر دووجا
ژمارەی دانیشتوان : 165.034کەس
ئاین : کریستیان
دراو : دۆبرا
زمان : پورتوگالی
ئەندامێتی لە نەتەوە یەکگرتوەکان : 16-9-1975
پێگەی جوگرافی : دوورگەیەکی گرکانیە دەکەوێتە کەنداوی غینیا و 240کیلۆمەتر لە ئەفریقیای ناوەڕاست دووڕە .

www.xebat.net
خەبات
یەک شەمە 2019/4/28 ژمارە (5738)





پەیمانگەی کۆیە بۆ زانستەکانی کۆمپیوتەر فیستڤاڵی پێنجەمی خۆی سازدا

کەیفی ئەحمەد

دامودەزگا و ناوەندەکانی زانست و خوێندن ، هەر لە قۆناغی باخچەی ساوایان و سەرەتایی و ناوەندی تا بە خوێندنی بالا دەگات ، نابێت هەموو هەوڵ چالاکییەکانیان بەتەنها لەوانە و خوێندنی زانستە رووتەکاندا کورت بکەنەوە و بوارەکانی دیکەی ئەدەب و هونەر و کلتوور و بابەتەکانی کۆمەڵایەتی فەرامۆش بکەن، چونکە لەلایەک کەسانێکی دوور لە ژیانی واقیعیی و بەربەکەوتوو لەگەڵ ئەو بوارانەی کە دەتوانن کادیری کراوەتر و شارەزاتر بەرهەم بێنن دروستدەکەن، لەلایەکی دیکە ئەگەر ئاوڕ لەو بوارانە نەدرێتەوە ئەوا قوتابی کەمتر چێژ و خۆشی لە بابەتە زانستییەکان وەردەگرێت و زیاتر ماندوو و هیلاک دەبێت و زیاتر ڕووبەڕووی بێزاریی و کەئابە دەبێتەوە، بۆیە بۆ چارەسەرکردنی هەموو ئەوانە دەبێت دەرگا بەڕووی چالاکییە هونەریی و ئەدەبیی و کەلتووریییەکاندا بکرێتەوە و کەشێکی خۆش و پڕچێژ و پڕ زانست بە هاوتەریبی یەکدی لەنێو ئەو ناوەندانە دروستبکەن، لەو ڕوانگەیەوە پەیمانگەی کۆیەی ناحکومی بۆ زانستەکانی کۆمپیوتەر ساڵانە چەندین چالاکی ئەدەبی و هونەریی و کلتووری لەنێویشیاندا فیستڤاڵی ساڵانە خۆی، کە فیستڤاڵێکی هەمەلایەن و ڕێخۆشکەرە بۆ خستنەڕوو و بەدیارکەوتنی توانا کانی قوتابیانی داهێنەر لە بوارەکەی خۆی و بوارەکانی دیکەدا سازدەکات، ئەم ساڵیش لە 21/4/2019فیستڤاڵی پێنجەمی ئەنجامدا، کە سەرەتا بە نمایشکردنی شانۆیی (عەریزەنووس) لەلایەن گروپی شانۆ بۆ شانۆی شەقام پێشکەشکرا، نواندنی (د.کەیفی ئەحمەد و فەرەیدون حەمەدەمین) دەرهێنانی (هونەر تاهیر)، پاشان لەلایەن سەنتەری گەنجان و بەسەرپەرشتی (سەفین عەبدولڕەزاق) چەند گۆرانییەکی تاک و کۆرس پێشکەشکران، دوای ئەوە بەرهەمی خوێندکارانی پەیمانگە خرانەڕوو، کە خۆی لە (25) بەرهەمی داهێنەرانەی تازەگەریی دەنواند و بوونە جیی سەرنجی ئامادەبووان، پاشان پێشانگای شێوەکاری هەردوو هونەرمەند (پەرژین جەلال و شیاو سەرتیپ) کرایەوە، کە لەچەندین تابلۆی قەبارە جیاواز و ستایلی جیاواز پێکهاتبوو، دوای ئەوە نمایشی خواردنە کلتووریی و کوردەواریەکان کە لەلایەن خانمانەوە ئامادەکرابوون کرایەوە، چالاکییەکی دیکە پێشکەشکردنی چەند تابلۆیەکی هەڵپەڕکێ بوو لەلایەن گروپی ڕۆژهەلاتەوە، دوای ئەوە لە کۆتایی چالاکییەکاندا لەلایەن بەڕێوبەری پەیمانگا مامۆستا (هەڵگورد کەیفی) بروانامە و سوپاسنامە بەسەر ئەو کەسانەدا دابەشکرا کە ڕۆڵیان لە چالاکییەکانی فیستڤاڵ و ڕەوتی بەڕەوپێشچوونی پەیمانگەدا هەبووە، شایانی باسە فیستڤاڵەکە لە کاتژمێر (10)ی بەیانی تا (6)ئێوارە لە هۆڵی ئەتاسا بەردەوامی هەبوو.

پشتی 42 ساڵێن ڤەکولین وکومکرنێ فەرهەنگا گوتنێن مەزنان کەتە بەر دەستێ خوەندەڤانان





خەبات دهوک

ل ڕۆژێن دەربازبوی فەرهەنگا گوتنێن مەزنان یا کو ژلایێ ماموستا ڕێکێش ئامێدی هاتیە بەرهەڤکرن کەتە بەر دەستێ خوەندەڤانان ل دور فەرهەنگێ ونافەروکا وێ بەرێز ڕێکێش ئامێدی بو ڕۆژنامەیا خەبات گوت: فەرهەنگا گوتنێن مەزنان ژ(8020) هەشت هزار وبیست گوتنێن مەزنان پێک دهێت دگەل شروڤەکرن ورامانا گوتنان ، فەرهەنگ چار بەرگەگە ژ(1156) بەرپەرا پێک دهێت.لدور کومکرن وڤەکولینا فەرهەنگێ وماوێ ئامادەکرنێ وژمارا دانێن هاتینە چاپکرن ماموستا ڕێکێشی گوت: ئەڤ فەرهەنگە زور یاگرنگە وماوێ (42) سالایە ئەز ڤەکولین وکومکرنێ ل سەر دکەم هەتا من شیای ئامادەکەم ، فەرهەنگە ب هەڤکاریا پارێزگەها دهوکێ (500) دانە ژێ هاتینە چاپکرن.ل دور گرنگیا فەرهەنگێ بەرێز ئامێدی گوت:ئەڤ فەرهەنگە دەستوری مللەتێ کوردە ئەگەر سەرکێشێن مە ل سەر ڤان بچن وپەیرەوکربان چ جارا براکوژی پەیدانەدبو وژمێژە ئەم کورد دا بینە دەولەت چونکو ڤەرێژا ئاقلدارێن کوردایە وهەر تشتەکێ هاتیە سەرێ مللەتێ کورد ژباشی وخرابیا یا بویە گوتنەکا مەزنان وپێدڤیە هەر کەسەکێ کورد بزانیت کا مللەتێ کورد چاوا ژیایە وچاوا ڕێک ژلایێ ئاقلدارا هاتیە خوشکرن. سەبارەت وەرگێران و لاتینیکرنا فەرهەنگێ ماموستا ڕێکێش ئامێدی گوت: وەکو پێنگاڤا دووێ من لبەرە فەرهەنگێ ب پیتێن لاتینی ژی چاپکەم بو وێ یەکێ کوردێن مە ل باکور وروژئاڤا وبێن دەرڤەی کوردستانێ ژی مفای ژێ وەرگرن هەروەسا داخازێ ژهەر کەسەکی دکەم کو شیانێن وەرگێرانێ هەبن بو زمانێن بیانی وەکو عەرەبی فارسی ترکی ئنگلیزی ئەلمانی فرەنسی ئەز ئامادەمە هەڤکاریێ دگەل بکەم بو وەرگێرانێ دا مللەتێن جیهانێ ژی بزانن مە کوردان ژی ئاقلدار وفەیلەسوف هەبونە.

مۆبایلێکی نوێ و هەرزان لەلایەن هواویەوە



کۆمپانیای هواوی چینی مۆبایلێکی نوێی دروست کردووەو بەنرخێکی هەرزانیش دەیخاتە بازاڕەکان. شایەنی باسە مۆبایلەکەی کۆمپانیای هواوی ناوی (Huawei Y7 Pro) یەو سەرەتا دەیخاتە بازاڕەکانی وڵاتی ڤێتنام و دواتریش بۆ بازاڕی وڵاتانی تر ڕەوانەی دەکات.

جێی ئاماژە پێدانە مۆبایلەکە نرخەکەی تەنها (169) دۆلارەو قەبارەی شاشەکەی (6.2) ئینچەو زوومەکەی زۆر بەرزەو خێرایی کارکردنی (1.8) گێگا هێرتزەو سناپدراگۆنەکەی (450)یە. هەروەها ئەو مۆبایلە میمۆرییەکەی خۆی (3) گێگا بایتەو میمۆرییە دەرەکییەکەشی (32) گێگە بایتەو تاکو (512) میگا بایتیش مایەی گۆڕانکارییە.

بەتەمەنترین کەس لە جیهان ئەمساڵیش ژاپۆنی دەرچوو



پیرێژنێکی تەمەن ١١٦ ساڵەی ژاپۆنی وەک بەتەمەنترین کەس لە جیهان لەلایەن ژمارەی پێوانەیی جیهانی گینس-ەوە هەڵبژێردرا. لە ڕێوڕەسمێکدا کە لە شوێنی مانەوەی کانێ تاناکا لە خەڵوەتگای ناوچەی فوکوۆکا لە باشووری ڕۆژئاوای ژاپۆن بە ئامادەبوونی کەسوکاری ئەو پیرێژنە بەڕێوەچوو نازناوی بەتەمەنترین کەس لە جیهان بە کانێ تاناکا درا. تاناکای تەمەن ١١٦ ساڵ کە حەزی لە یاری سەرمێزی Othello و بیرکارییە ، بەیانیان کاتژمێر ٠٦:٠٠ لە خەو هەڵدەستێت. لە ٢ی کانوونی دووەمی ١٩٠٣ لە دایکبووە. لە ١٩٢٢ لەگەڵ هیدێو تاناکا ژیانی هاوسەرگیری پێکهێناوە و چوار منداڵیان بووە. بەر لە تاناکا چێرۆ میاکۆ کە لە تەموزی ڕابردوو لە تەمەنی ١١٧ ساڵیدا کۆچی دوایی کرد کە ئەویش هەر پیرێژنێکی ژاپۆنی بوو بە تەمەنترین کەس لە جیهان هەڵبژێردرا بوو.

دۆمبەلان گۆشتی بێ ئێسقان ئەو بەرهەمەی لەهەورە تریشقەوە دروست دەبێت و خەڵکانێکی زۆر لە وەرزی بەهاردا تامەزرۆی خواردن و بینینەوەین



تا: هێمن ئاری:

دۆمبەلان .. بەرهەمێکی خۆرسکە، لە ناوچە جیاوازەکان دروست دەبێت، هەبوون و نەبوونی ئەم بەرهەمە پەیوەستە بە زۆری و کەمی ڕێژەی باران بارین و هەورە تریشقەوە، بە شێوەیەکی گشتی چەندین جۆری هەیە، هەم لە ڕووی ڕەنگ و تام و چێژەوە، هەمیش لە ڕووی قەبارەوە.نرخەکەشی پەیوەستە بە قەبارەو ئەو شوێنەی لێی بەرهەم دێت، لەبەرئەوەی دۆمبەلانی هێندێ شوێن و ناوچە لماویبە. بە تایبەتیش ناوچەکانی خواروو عێراق و شەنگال و چەند شوێنێکی دیکە.

ئەمساڵ زۆر بوو

ئەمساڵ بەهۆی ڕێژەی باران بارینی زۆرەوە بازاڕەکانی کوردستان پڕبوون لە دۆمبەلان بە هەموو جۆرەکانییەوە. بەهۆی زۆرییەکەشییەوە بە بەراوورد لەگەڵ ساڵانی ڕابردوو نرخەکەشی زۆر هەرزانتربوو ، بەڵام ئەوەی لە بازاڕەکەدا دەبینرێت دۆمبەلانی خواردنێکی بەچێژە، بۆ چارەسەری پارێزگاکانی خواروو ناوەڕاستی عێراق زۆر زیاترە بە بەراوورد لەگەڵ دۆمبەلانی ناوچەکانی خۆمان کە نرخەکەشی هەرزانترە، زۆرێک لەوانەی حەز بە دۆمبەلان دەکەن ، پێیانوایە خواردنی لە هەموو شتێکی خۆشترە، تەنانەت هەندێ کەس لە گۆشتی بەرخ خۆشتری دادەنێن و بە گۆشتی بێ ئێسقان ناوی دەبەن.

وەرزی بەهار

زۆرێک لەوانەی حەزیان بە دۆمبەلانەو لە وەرزی بەهاردا دەچن بۆ کردنی دەڵێن : دەبێت ئەو کەسە شارەزایی هەبێت لە بینینەوە و شوێنی خاکەکە، چونکی هەموو کەس ناتوانێت بە ئاسانی لە ژێر زەویدا بیدۆزێتەوە ئەگەر شارەزایی نەبێت ،دۆمبەلان لەلایەن بەشێکی زۆر لە کرێاران و ئەوانەی حەز بە خواردنی دەکەن، ئاماژە بەوە دەکەن جیا لەوەی خواردنێکی بەچێژە، بۆ چارەسەری خواردنێکی بەهێزە، بۆ چارەسەری نەخۆشی و تەندروستی مرۆڤ بە سوودە، بەتایبەتیش بۆ چاو.

تەندروستی مرۆڤ

هەر چەند تا ئێستا لە ڕووی پسپۆڕییەوە بۆ نەخۆشییەکانی چاو هیچ دەرمانێک لە دۆمبەلان دروستنەکراوە و لە ڕووی زانستییەوە تاقیکردنەوەی لەسەر نەکراوە. بەڵام لەم دواییە لەلایەن چەند پزیشکێکی سروشتی لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بڵاوکرایەوە، دوای هەڵکۆڵین و پاککردنەوەو برژاندنی لەسەر ئاگر، ئاوێکی لێهەڵدەنجن و لە ڕێگەی سەرنج و دەرزییەوە لە چاوی ئەو کەسانە دەکات کە نەخۆشی چاویان هەیە. پسپۆڕانی دەرمانخانە گیاییەکانیش پێیانوایە ئەگەر دۆمبەلانەکە کۆن بێت، ئاوا ئاوەکەی بکەیتە چاوی هەر کەسێک بە ناوی چارەسەر زیانی زیاترە لە سوود، چونکی ئاوەکەی زۆر تیژەو تووشی کێشەی چاوی دەکات.لەگەڵ ئەوەی زۆرێک پێیانوایە دۆمبەلان، بۆ چاو تاقیکردنەوەی لەسەر نەکراوە لە ڕووی پسپۆڕییەوە، هەندێکیش دەڵێن : دۆمبەلان چەندین ڤیتامین لەخۆ دەگرێت، سوودی زۆرە ، لە 77%ی ئاوە ، 32 %ی پرۆتین و کاربۆهیدرات و چەوری و ریشاڵەکان و ترشە چەورییەکانە.

دۆمبەلان 17جۆر ترشە چەوری تێدایەو ئاوەکەشی توانای کەمکردنەوەی دروستبوونی لیمفەخانەکان لە چاو هەیە کە دەبێتە مایەی لێل بینی و تاریکبوونی کۆرنیەی چاو، هەروەها ئاوەکەی توانای هاوسەنگکردنی کاریگەری کیمیایی ژەهرەکانی تەراخوما لە چاودا ،بەڵام پزیشکانی چاو، وای بۆ دەچن ڕەنگە سوودەکەی بۆ خواردن بووبێت، بەو شێوەیە دۆمبەلان شیفا بێت بۆ چاو.





بەر لەیاریيەکەی ئەمرۆیان
گواردیۆلا زۆر قسەکردن و سەیرکردنی تەلەفزیۆنی لە یاریزانان قەدەغە کردبوو



هاوار مورتکەیی

ئەمرۆ کاتژمێر 4:05 خولەکی عەسر و لەمیانی یارییەکانی گەڕی 35ی خولی ئینگلیزی، یانەی مان سیتی لەسەر یاریگای تیورف موور دەبێتە میوانی یانەی بیرنلی. مان سیتی کە بەجیاوازی یەک خاڵ لەگەڵ لیڤەرپوول پێشەنگی خولەکەی گرتووە، نایەوێ خاڵەکانی ئەو یارییە لەدەست بدات، هەروەک چاوەڕوان نەکراوبوو لە خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەورووپا بکرێتە دەرەوە و گواردیۆلا دەیەوێ هەرچۆنێک بێت ئەم نازناوەش لەدەست نەدات، ئەگەرچی یانەی بیرنلی لەم وەرزە ئاستێکی ئەوتۆی پێشکەش نەکردووە کە ببێتە مەترسی لەسەر مان سیتی، بەڵام لەگەڵ ئەوەش گواردیۆلا یارییەکەی بەهەند هەڵگرتووە و پێی وایە یارییەکی زەحمەتیان دەبێت.

گواردیۆلا رۆژی پێنج شەممەی رابردوو وەک خۆ ئامادەکردن بۆ ئەو یارییە، یاریزانانی ئاگادار کردبۆوە کە پشوویەکی باش بدەن و زۆر قسە نەکەن و سەیری تەلەفزیونیش نەکەن، هەروەها داوای لە یاریزانان کردبوو کە کەم بخۆن و باش بخەون، بۆ ئەوەی سێ خاڵی یارییەکە بەدەست بهێنن و پێشەنگ بۆ لیڤەرپوول چۆڵ نەکەن.

لەسۆران پێشبڕکێی پایسکلسواری بەڕێوەچوو

لەدەڤەری سۆران لەلایەن رێکخراوی وەرە بۆ پەرەپێدانی لاوان وگۆمەڵگا، پێشبڕکێیەکی پایسکلسواری بۆ هەردوو ڕەگەزی کوڕان وکچان بەبەشداری زیاتر لە 95یاریزان و ئارەزوومەندان سەرکەوتووانە بەرێوەچوو.

پێشبڕکێیەکە ئەم پێنجەشەمەیە لەسۆران لەبەردەم سکۆلی وەرزشی زانکۆی سۆران دەستیپێکرد و لەفاکەلتی پەروەردەی زانکۆی سۆران بەکۆتاهات، ماوەی پێشبڕکێیەکە بۆ هەردوو ڕەگەز پێنج کیلۆمەتر بوو.

ئەنجامی پێشبڕکێیەکە لەسەر هەردوو ئاستی کوڕان وکچان بەمشێوەیە بوو: لەپێشبڕکێی کوڕان: فەرمان ئەحمەد سالح پلەی یەکەم، کارزان عەلی پلەی دووەم، سەحد محەمەد کریم پلەی سێیەم، لەپێشبڕکێی کچاندا مینا عەبدوڵلا محەمەد پلەی یەکەم،بەهرە خەلیل پلەی دووەم، نەسیم خەلیل حەسەن پلەی سێیەم.

هەلالە فەیسەڵ جێگری رێکخراوی وەرە بۆپەرەپێدانی لاوان وکۆمەڵگا لەبارەی ئەنجامدانی پێشبڕکێیەکە گوتی: زۆرخۆشحاڵ بووین رێژەیەکی زۆر لەیاریزانان و ئارەزوومەندان و کۆمەڵێک لەئەندامانی پەرلەمانی کوردستان بەشداریان لەپێشبڕکێیەکە کرد، ئامانجمان لەبەرێوەبردنی ئەم پێشبڕکێیە بەکلتورکردنی لێخورینی پایسکلسواریی بۆ هەردوو ڕەگەزی کوڕان وکچانە لەدەڤەری سۆران، سوپاس بۆ خودا بەهاوکاری دەستەی کارگێری و تەواوی ئەندامەکانی رێکخراوەکەمان ، هەروەها بەسپۆنسەری کۆمپانیای کۆرەک تیلیکۆم و بەهاوکاری وپاڵپشتی زانکۆی سۆران و فاکەلتی پەروەردە توانیمان ئەمساڵ بۆ دووەمین جار لەسەر یەکتر ئەم پێشبڕکێیە بەسەرکەوتوویی ئەنجام بدەین.

ئا: سەرهەنگ نەجمەدین

لە یاریی باسکەی قەڵا و باسکەی زاخۆ ئاڕاوە دروست بوو

لەیاریيەکانی خولی نایابی باسکەی کوردستان و لەهۆڵی داخراوی یانەی ئەکاد، هەردوو تیپی باسکەی قەڵا و زاخۆ لەیاریيەکی بەهێزدا ڕووبەڕووی یەکتر بوونەوە، لە یاریيەکەدا جەماوەرێکی زۆر ئامادە ببوون و هانی یانەکانیان دەدا، کاتێک لەکۆتاساتەکاندا یانەی قەلا بەدوو خاڵ پێش زاخۆ بوو، وە کاتی یاریيەکەش بەفەرمی تەواو بوو، بەڵام یاریزانانی زاخۆ هێرشیان کردە سەر تاوڵەی ناوبژیوانان و تاوڵەکەیان شکاند قسەی نەشیاو نابەجێان بەیانەی قەلا و ناوبژیوان گوت کەبووە هۆی ئەوەی ڕاستەوخۆ پۆلیس ئاگاداربکرێتەوە، پاشان لەبڕیارێکی چاوەڕوانەکراودا ناوبژیوان بڕیاری دەستپێکردنی یاریيەکەی دا و 5خولەک کاتی یاریيەکەی زیاد کرد، کاتە زیاد کراوەکە، یانەی قەلای تووشی شکست کرد بەئەنجامی 91- 100خاڵ بەزاخۆ دۆرا. لەمبارەیەوە عەبدولخالق عەبدولقادر بەڕێوەبەری هونەری باسکەی قەلا بۆ خەبات ڕایگەیاند: نازانم تاکەی تیپەکان دەبنە قوربانی بڕیاری هەڵەی ناوبژیوانان، تیپەکەی ئێمەش بەرامبەر زاخۆ بەهەڵەی ئەنقەستی ناوبژیوان تووشی دۆران بوو، هیوادارم یەکێتی ناوەندی باسکەی کوردستان سەیری ڤیدیۆی تۆمار کراوی یاریيەکە بکات، ئەو کات بۆیان دەردەکەوێت کەچۆن ناوبژیوان بەئاشکرا و بەشێوەیەکی نایاسایی ستەم لەیانەی قەلا دەکات، ئەم پرسیارە بەکراوەیی بۆ ئەندامانی یەکێتی ناوەندی باسکەی کوردستان جێدەهێڵم بۆ ئەوەی بڕیارێکی دروست بدەن.

ئا:سەرهەنگ نەجمەدین

بۆ یەکەمین جار دوای 23 ساڵ، ئەتلانتا گەیشتە کۆتایی جامی ئیتاڵیا



دوای سەرکەوتنی بەسەر یانەی ڤیۆرنتینا، یانەی ئەتلانتا بۆ یەکەمین جار لە دوای ساڵی 1996ەوە سەرکەوێت بۆ یاری کۆتایی جامی ئیتاڵیا بۆ تۆپی پێ.

بەم سەرکەوتنەش ئەتلانتا لە 15ی مانگی داهاتوو لە ڕۆمای پایتەخت و لەیاری کۆتایی ڕووبەڕووی یانەی لازیۆ دەبێتەوە، جیی باسە ئەتلانتا ئێستا لە ریزبەندی پێنجەمی خولی ئیتاڵیا دێت رکابەری دەکات لەوەی یەک لەو یانانەبێت لە پاڵەوانێتی خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەورووپای وەرزی داهاتوو.

تیر شتیگن: گۆڵچی دوا کەسە کە هەڵە دەکات

بێگومان مارک ئەندریە تیر شتیگنی ئەڵمانی گۆڵچی یانەی بەرشلۆنە کە ئەمساڵ یەکێک لە سەرکەوتووترین وەرزی بەڕێکرد، بەیەکێک باشترین گۆڵچییەکانی جیهان دەژمێردرێت، کەچی سەرباری ئەمەش هێشتا نەیتوانیە ڕەزامەندی یواخیم لۆفی ڕاهێنەری هەڵبژاردەی ئەڵمانیا بەدەست بهێنێت و ببێتە گۆڵچی ژمارە یەک لە پێکهاتەی سەرەکی، لەدوای مانوێل نوێرەوە دێت، سەرباری ئەوەی ئەمەی دوایی لەم چەند ساڵەی دوایی بەهۆی پێکانە یەک لەدوای یەکەکانی ئاستی بەردەوام دابەزین چووە.

شتیگن کە تەمەنی 26ساڵە و 7 ساڵ لە نوێر بچووکترە، بەڵام تا ئێستا لەوکاتەی چووەتە ریزی هەڵبژاردەکەوە هیچ کات لە خولەکی یەکەمەوە بەشداری پێکهاتەکەی لۆفی نەکردووە، بەڵام هۆکاری ئەمەش بۆ ئەو هەڵانەی دەگەڕێتەوە کە ئەوکاتەی بۆ ئەڵمانیا یاری کردووە، لەمبارەیەوە شتیگن دەڵێت: شارەزایی بەهێزت دەکات، گۆڵچی دوا کەسە کە هەڵە دەکات، بەڵام ئەگەر هەڵەت لەسەر بکرێ ئەوا زوو لەبیر دەکرێت، یاخوود کاتت لێ دەکوژن بەبیرکردنەوە، ئێستا لەجاران باشتر مامەڵە لەگەڵ تۆپ دەکەم، هەڵەش هەر ڕوودەدات، بەڵام گرنگ ئەوەیە بەردەوام بی لە پێشکەوتن.




هەندرسون: بەرامبەر بەرشلۆنە باوەڕم بە خۆمان هەیە



جۆرادن هەندرسۆن، کاپتنی یانەی لیڤەرلوولی ئینگلیزیی، ئاسوودەیی خۆی بە بردنەوە لە یانەی هێدرسفیلد، بە ئەنجامی پێنج گۆڵی خاوێن، شەوی هەینی لە کردنەوەی گەڕی 36پریمەرلیگ نیشاندا. دوای یاریيەکە هەندرسۆن لێدوانی بۆ رادیۆی (BBC) بەریتانیی دا و وتی:"یاریيەکی زۆر باشمان کرد، ئەو تیپانەی پێشتر بۆ ریزی یانەکانی پلە یەک دابەزیوون، لەوانەیە ترسناک بن، چونکە هیچیان نییە لەدەستی بدەن، بۆیە دەیانەوێت باشترین ئاست بەرامبەر رکابەردەکانیان پێشکەش بکەن". هەروەها وتی:"بەڵام ئێمە سەرەتایەکی باشمان دەست پێ کرد، گۆڵی جوانمان تۆمارکرد و گۆڵەکەی خۆیشمان بە خاوێنی هێشتەوە، بۆیە شەوێکی باش بوو". ئەمەو یاریزانی لیڤەرپوول، ئەلێکس ئۆکسلید-چامپەرلین، لە کێمی دووەمی یاریيەکە بەشداریی کرد، دوای دابڕانی یەک ساڵ لە یاریيەکانی بەهۆی پێکانەوە، لەمبارەیەوە هەندرسۆن وتی:" بۆ چامپەرلین دڵخۆشم، زۆر خۆی هیلاک کرد، بۆ ئەوەی بگەڕێتە نێو یاریگەکان، وا دەرکەوت کەوا هەرگیز دانەبڕابێت، لە مەشقەکاندا زۆر خۆی ماندوو دەکرد، هیواخواز بووم گۆڵێکی تۆمار کردبایە، لەو دەرفەتەی کە بۆی ڕەخسا، بەڵام ئێمە هەموومان بە گەڕانەوەی دڵخۆشین، چونکە ئەو یاریزانێکی گرنگە". هەندرسۆن لەبارەی ڕووبەڕووبوونەوەی یانەی بەرشلۆنە، لە یاری چوونی قۆناغی پێش کۆتایی، خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەورووپا وتی:"خۆمان بۆ گەشتەکەی بەرشلۆنە ئامادە کردووە، ئەو شوێنەی چوون بۆی زەحمەتە، بەڵام ئێمە باوەڕی تەواومان بەخۆمان هەیە، چاومان لەوەیە بیسەلمێنین، دەتوانین ئەرکەکە بەباشی ئەنجام بدەین و بگەینە یاری کۆتایی".

ڕەمزی میرەکانی

ئەزموونی دیار ڕەحمان لە پێشانگایەکی ئومێد ئیبراهیم دا



بەچاودێری وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان، ئەمڕۆ کاتژمێر 11ی پێش نیوەڕۆ لە گەلەری هۆڵی میدیا، یەکەمین پیشانگای تایبەتی فۆتۆی وەرزشی فۆتۆگرافەر ئومێد ئیبراهیم دەکرێتەوە.

ئەم پێشانگایە کە ماوەی دوو ڕۆژ دەخایەنێت، لەژێر ناونیشانی ئەزموونی دیار ڕەحمان، چەندین فۆتۆی ئەو نمایش دەکرێت.

بۆ ڕێکلام کردن پەیوەندی بکەن بە:
0750 906 9595
یان ئیمەیڵی:
reklam@xebat.net
بەشی ئاگادارییەکان:
0750 588 1616

سەرنووسەر
سەلام عەبدوڵڵا
tel: 0750 445 9940 selam@xebat.net
0770 2969696
بەڕێوەبەری هونەری
شکار نەقشبەندی
shkaraffan@gmail.com

خاوەنی ئیمتیاز
عەلی عەبدوڵڵا
سکرتێری نووسین
دڵشاد مستەفا وەسانی
dilshadmstafa@yahoo.com

KHABAT info@xebat.net
www.xebat.net
Daily Newspaper Kurdistan - Iraq
Organ of KDP
Concessioner: Ali Abdulla
Editor-in-chief: Salam Abdulla

خەبات XEBAT
Sun, 28. Apr. 2019 No: (5738)
ناونیشان: هەولێر- شەقامی سەرەکی مەسیف سەلاحەدین - بەرامبەر وەزارەتی پێشمەرگە . میدیا سەنتەر





لە کۆلێژی زانستە تەندروستییەکان هونەر و زانست ئاوێتەی یەک بوون

شکار ڕێبوار : کۆلێژی زانستە تەندروستییەکانی زانکۆی هەولێری پزیشکی بە چاودێری (پ . ی . د . دارا عومەر میران) سەرۆکی زانکۆی هەولێری پزیشکی لە فیستڤاڵێکی تایبەت بە ڕۆژی زانکۆدا،چەندین نمایشی پڕ لە بەهرەی زانستی پزیشکی و چالاکی هونەری و وەرزشی و کلتووریان ساز کرد ، ئامانج لەم فیستڤاڵە زیاتر هاندانی قوتابیانی سەرجەم بەشەکانە بۆ بەرەودان بە توانا زانستی و پزیشکی و هونەریەکانیان ، ئەمەو لە هەمان ڕۆژدا کۆلێژەکانی دیکەی زانکۆکە هەمان چالاکیان بەو یادەوە ئەنجام دا.

شەهێن سابیر: من عاشقی شیعری کلاسیکم ئەو چێژەی لەو شعیرانەی وەردەگرم کەمتر لە دنیای شیعری نوێدا پێمدەگات

دیمانە: ناسیح عدلی خەبات

زۆرکا ت وەک شاعیر ناوی دەبەن، بەڵام وەک خۆی دەڵێت ئەو شاعیر نییە، بەڵکو شیعرو ئەدەب خولیاو عەشقی ئەوە ..(شەهێن سابیر) پیشەی خۆی میدیاکارە نوزدە ساڵە لەو بوارەدا ئەزمون دەکات، بەڵام لەهەندێک کاتدا لە کۆرە شیعریەکاندا دەبینرێت بۆیە زۆرکات واتیدەگەن شاعیرە، هەر لەو بارەیەشەوە خۆی دەڵێت:" من شاعیر نیم ئەگەرچی تێکستی تایبەتی خۆمم هەیە ، بەڵام تەنها بۆخۆمە نەک بۆ کۆرو بۆ بڵاو کردنەوە ، هەموومان کەم تازۆر جگە لەپیشەکەی خۆمان ئارەزوو خولیایەکمان هەیە ،هەر وەک ئەوەی پزیشکێک ئارەزووی گۆرانی وتن دەکات، یان موزیک ژەنە ، بۆمنیش خوێندنەوەی شعیر هەر بەو جۆرەیە".

شەوە کۆڕو کۆبونەوەکان بۆ ئەو تایبەتمەندی خۆی هەیەو بۆتە جێی متمانەی دەوروبەری بەهۆی سەلیقەکەی بەجۆرێک دەڵێن شەهێن کۆرە ئەدەبییەکان گەرمو گورتردەکات، لەورەوشەوە وتی:" سلێمانی هەرلە دێرینەوە بەو جولەو چالاکییە جۆراوجۆرانەوە تایبەتمەندی وەرگرتووە ، بۆیە زۆربەی کات کەباسی چالاکی ئەدەبیم لەگەڵدادەکەن ناتوانم ڕەتیبکەمەوە، بەپێچەوانەوە چەند دەرفەرتم هەبوبێت لەدانانی نەخشەی بەرێوەبردنی چالاکیەکان لەگەڵ هەموو دەزگاو کۆمەلەو گروپە جیاوازەکاندا خۆیان شاهیدن کەبە هەمو سەلیقەو توانام هەوڵمداوە بەشێوازی جۆراو جۆرو بەرنامەکانیان بۆ ڕێکبخەم".

سەبارەت بەوەی بۆچی هەمیشە شیعری شاعیرە کلاسیکەکان دەخوێنێتەوە، (شەهێن سابیر) دەڵێت :" من عاشقی شیعری کلاسیک-م ئەو چێژەی لەو شیعرانەی وەردەگرم کەمتر لە دنیای شیعری نوێدا پێمدەگات، خۆ ئەگەر لەناو کۆرو کۆبونەوەشدانەبێت زۆربەیکات بەتەنها بۆخۆم لەماڵەوە لەگەڵ موزیکەکانی گەورە



هەر وەک ئەوەی پزیشکێک ئارەزووی گۆرانی وتن دەکات، یان موزیک ژەنە، بۆمنیش خوێندنەوەی شعیر هەر بەو جۆرەیە"

ئاوێتەیەکی جوان دروست دەکەم، من لەو شیعرانەوە فێری زۆرشت دەبم، جوانی، عەشق، لێبوردەیی، خۆشویستنی خاک، بەتایبەت فێری موزیسیانی ئیران موجتەبای میرزادو موحەمەد ڕەزالوتفی لەگەڵ نالی و مەحوی و حەمدیو وەفاییو شاعیرانی دیکەی کلاسیک

مانا و وشەی کوردی". (شەهێن سابیر) دەڕچووی زانکۆ بەشی ڕاگەیاندنەو ماوەی 19ساڵە لەو بوارەدا ئەزمونی کارەکانی دەکات، پێشتر لەبواری میدیای سیاسیو کۆمەلایەتیدا کاری دەکرد، بەڵام لەئێستادا لەبواری میدیای کوولتوری و هونەریدا کاردەکات.

بۆ چلەی ماتەمینییەکەی لەماوەی دوو ڕۆژدا ڕێکخرا، ڕۆژی یەکەم تایبەتبوو بە پەیامنگەی هونەرەجوانەکانی شەهید جەعفەر، کە چەند چالاکییەکی دانانی چەپکە گوڵی ڕێز و واتار خوێندنەوە و شیعر و موزیک و گۆرانی و لاواندنەوە بۆ کۆچکردوو پێشکەشکران، ڕۆژی دووەمیش سەر لە بەیانی لەسەر گلکۆی مامۆستا سەردار مەراسیمێک ڕێکخرا کە بەدانانی دەیان چەپکەگوڵ دەستپێکرد، پاشان وتاری تیپی باواجی و چەند هۆنراوە و پارچەموزیکێک پێشکەشکران، پاش نیوەڕۆی هەمان ڕۆژیش لە هۆڵی سەرۆکایەتی زانکۆی کۆیە مەراسیمێکی بەرفراوان بە ئامادەبوونی میوانانی ناوەوە و شارەکانی دیکەی کوردستا ڕێکخرا، کە چەند چالاکی جۆراو جۆر پێکەشکران .شایانی باسە مامۆستا سەردار کەسیایەتیی و مامۆستا و هونەرمەندێکی دیاری کۆیە و کوردستان بوو، ئەو زیاتر لە نیو سەدە خزمەتی هونەر و پەروەردەی کردووە، جێ پەنجەی لە هەردوو بوارەکەدا بە زەقی دیارە، چەندین کەسی پێگەیاندووە و بوونەتە هونەرمەند و مامۆستای دیاری نێو بواری هونەر، دەستەی دامەزرێنەری تیپی مۆسیقای باواجی کۆیە بووە،

تا کۆتایی ژیانم جلی پێشمەرگە دەپۆشم

خەبات سەربەست برزۆ

ئەحمەد ئەحمەد حوسێن مندالێکی خوێن گەرمی خانەقینە ، بەردەوام جلی پێشمەرگە لەبەر دەکات و وەک خۆی دەڵێت هەتا کۆتایی ژیانم دەستبەردار جلەکەم نابم ، ئەمە جلی ئەو پێشمەرگانەیە کە لە خانەقین و جلەولا و سەعدییە شەهید بون لە شەڕی داعش ، ئێستاش هەر بەو ئاواتەم کە جارێکی تر پێشمەرگە بگەڕێتەوە خانەقین ، ئەوجار من جلەکانی خۆمیان پێشکەش دەکەم . من پێشمەرگەم خۆش دەوێ و دەستبەردارى نابم گەر هەمو دونیام بدەیتێ



ڕۆژێکی پڕ هونەر و خۆشی.. هۆڵندا ڕۆژی لەدایک بوونی پادشای وڵاتەکەی بەرز ڕاگرت

خەبات – ساسان دەرێش

دوێنێ 27ی نیسان 2019کە دەکاتە ڕۆژی لەدایک بوونی پادشای هۆڵەندا ڤیلم ئەلیکسەندەرلە وولاتەکەی بەرزڕاگیرا ، کە هەموو ساڵێک لەم ڕۆژدا دەکرێتە پشووی فەرمی و بەهاوکاری شارەوانیەکانی شاروشارۆچکەکان ئامادەکارییەکی زۆر دەکرێ وتیدا کۆمەلێک چالاکی هەمە چەشنە لە گۆڕانی وسەما وباریەکۆنەکان پێشکەش دەکرێ وێڕای کردنەوەی بازاڕی ئازاد کە خەڵکان دەتوانن هەرچی شتێک لە پێداویستی خۆیان کە پێویستیان پێ نەبێت لە کۆن ونوێ ببهێننە سەرشەقامەکان بەنرخێکی گونجاوبیفرۆشنەوە وهەرسالەو پادشا وکۆی خێزانەکەیان بەیاوەری بەرپرسان دەچنە شاروشارۆچکەیەک پێکەوە لەگەڵ خەڵکەکەی ئەوئاهەنگە دەگێڕن بۆ ئەمسالێس شاری ئامسفۆرت نزیکی شاری ئوترێخت بەخت یاوەریان بوو پادشا لەکۆمەلێک چالاکی ئامادەکراو بەشدارببو ، بەمشێوەیە تا درەنگانێکی شەوئاهەنگەکان وبازارە ئازادەکان بەردەوام دەبێت لە خۆشی دەربڕینی خەڵک وبەسەربردنێکی ڕۆژێکی پڕلە چێژ ودرگرتن لە دیمەنەکان کە یەک پارچە وولات ڕەنگی پرتەقالی دەپۆشێ بۆ پادشا وکۆی خێزانەکەیان کە ئەم ولاتەیان بە جوانترین شێواز بونیادناوەتەوە لە دوای جەنگە جیهانیەکان،ئەوەی شایانی باسەکە پادشا ڤیلم ئەلیکسەندەر تاجی پاشایەتی لە دوای 73ساڵ لە تەمەنی دایکی شاژن پیاتریکس و 33ساڵ مانەوەلە 30ی نیسانی 2013تەختی پادشایەیی پێشکەشی کوڕی گەورەی کردوپادشا لە ئێستا خاوەنی سێ کچە وئامادەکاری دەکرێ بۆ کچەگەورەکەی لە داهاتوودابێتە شاژنی هۆڵەنداخاتوو ئەمالیە ، هاوکات لەم ڕۆژەشدا ڕەوەندی کورد بەخۆشحالێتیەوە بەشداری ئاهەنگەکان دەکەن و لەگەڵ ئەوەشدا لە پایتەختی هەرێمی کوردستان ئەم ڕۆژەش لە چەند چالاکیەکی هەمەڕەنگ پیرۆزدەکەن بەڕێگایی کۆنسۆڵی گشتی لە هۆڵەندا کە نوێنەرایەتیان هەیە بەبەشداربوونی بەرپرسانی باڵای هەرێمی کوردستان کە هۆڵەندا جێگا دەست وڕۆڵی گرنگی بینی لە هاوکاریکردنی پێشمەرگە بۆ تێکشکاندنی تیرۆریستانی داعش وپتەوکردنی پەیوەندی نێوان هەرێمی کوردستان وهۆڵەندا .